# دیوانی
# ئەحمەد موختار جاف

ئامادەکردنو بەراوردکردنو لێکدانەوەو پێشەکی بۆ نووسینی :
پرۆفیسۆر دوکتۆر
## عیزەدین مستەفا ڕەسوولْ

بە کۆششی :
## ئەفراسیاب
## ئەحمەد موختار جاف

چاپ دراوە

800 25 95 4845 0E
AXIELL BOOK-IT

ZENTRALEN

# دیوانی

# ئەحمەد موختار جاف

ئامادەکردن و بەراوردکردن و لێکدانەوەو پێشەکی بۆ نووسینی :

پرۆفیسۆر دوکتۆر

# عیزەدین مستەفا پەسوول

بە کۆششی :

# ئەفراسیاب ئەحمەد موختار جاف

لەچاپ دراوە

بەیارمەتیی ئەمیندارێتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئوتونومی

لەچاپ دراوە

بەغدا — ١٩٨٦

لە چانچانەی (الادیب) لەچاپ دراوە

نوسینی دیوانه
شاعیر شالاو

# ئەم دیوانە ....

ئەم دیوانە لەسەر بنەمای ئەم سەرچاوانە کۆکراوەتەوە :

١- دەستنووسی شاعیر خۆی و دەسنووسی عەلی کەمال باپیر .

١- دەسنووسی شاعیر خۆی و دەسنووسی عەلی کەمال باپیر .

١- دەسنووسی نەجمەدین مەلا .

١- نووسراوەی ئومێد کاکەڕەش کە لەگەڵ هەندی سەرچاوەی تری بەراورد کردووە .

١- نووسراوەی مەحموود زامدار .

١- چاپی عەلی کەمال باپیر

١- چاپی گیوی موکریانی .

١- هەندێ ڕۆژنامەو گۆڤار .

باسی ئەم سەرچاوانەو چۆنیەیتی کەڵك لێوەرگرتنیانمان لە (پێشەکی)دا بەدرێژی باس کردووە .

ئەحمەد موختار جاف

# ووتەیەک

نووسینی پارێزەر

ئەفراسیابی ئەحمەد موختار جا

منالّ بووم ، باوکم شەهید بوو . دیمەن‌و وێنەیم لە بەرچاوە ، دوا کۆتە
عەشرەتی جافم بو سەردارێکی جوانەمەرگی ئەو عەشرەتە لەبیرە .
گەورە بووم‌و وردە وردە هوشیار بوومەوە . شیعری باوکمم بەسەر زمانی لاو
نەتەوە‌و قوتابی‌یانی وولاّتەوە ئەبیست . حەزم‌ئەکرد باشتر لەو شیعرانە بگەم‌و زیاتر
لێ بزانم‌و ببیستم .
تا ئێستاش کە یارو یاوەرانی باوکم ئەوە ئەڵێنەوە کە دوا پەرینەوەی لە سیروان
مەبەستی بینینی من بووە ، چەند تاوێك ماتەم ئەمگریت‌و ئەمەوێ هیچ نەبێ
کۆکردنەوەی هەموو بەرهەمی‌و بە ناساندنی ڕاستەقینەی بە گەلی کورد شتێك
ئەمەگی ئەو باوکە بدەمەوە کە لەپاڵ ئاواتە گەورەکانی ژیانیدا ئاواتیشی ئەوە بوو
دڵسۆزیمان بەسەرا بکێشێ ، بەڵاّم هەموو ئاواتی بردە گڵ .
دەمێك بوو خزمان‌و دۆستان‌و شیعرخواهان هەواڵی دیوانی تەواوی ئەحـ
موختاریان لێ ئەپرسیم ، منیش بەئاواتەوە بووم بۆم بڕەخسێ ماوەیەك لە هەلە
سلێمانی ببەمەسەرو بە کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ئەو دیوانەوە خەریك‌بم . بەڵاّم ژ
گوزەران ئەو هەلەیان بۆ نەڕەخساندم ، تا ئەوەبوو ساڵی ١٩٨٢ دۆستم دو

عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ باسی نووسەرێکی بۆ کردم کە زۆربەی شیعری ئەحمەد موختاری کۆکردۆتەوەو ئەیەوێ ڕێگەی چاپکردنی بدەمێ. ئەو نووسەرە کاك ەحموود زامدار بوو، بەهۆی دوکتۆر عیزەدینەوە یەکتریمان ناسیو ڕێك کەوتین کە ەو دەستبکات بە ئیشو منیش ڕێگەی بدەمو یارمەتیی بدەم.

هەر لەو ماوەیەدا لە سلێمانی کاك ئومێد کاکەڕەش دیوانێکی کۆکراوەو کار تێدا کراوی بۆ هێنام. هەروەك بیستم کە چەند کەسی تر بەو دیوانەوە خەریکن. بەرامبەر بەمە بانگەوازێکمان لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)و گۆڤاری (بەیان)دا بڵاوکردەوەو بە ڕەزامەندیی کاك زامدارو کاك ئومێد ڕێکخستنو لێکدانەوەو پێشەکی نووسینم بە دوکتۆر عیزەدین سپارد. ئەوەبوو ئەویش هەندێ نوسخەی تری پەیدا کردو منیش نوسخەیەکی دەستەتی شاعیر خۆیم لە هەڵبجەوە هێنایەوەو بەوچەشنەی لە پێشەکیی دیوانەکەدا دەیخوێنەوە کارەکە گەیشتە ئەنجام.

بەداخەوە پاش ئەوەش کە ئامادەکردنی دیوانەکە گەیشتە ئەم پلەیە هەر دەبیستین کە هەندێ شیعری ئەحمەد موختار ماوەو دەس ئێمە نەکەوتووە. بەڵام وابزانم ئێمە گەڵ هەمان لەمەدانیەو کەسێك کە پێی ئەکرا یارمەتیمان بدا ئەبوو قسوور نەکات. بە هەموو حاڵ شادمانم کە ئاواتێکی گەورەی من و دڵسۆزانی وشەی کوردی و عاشقانی سەزی شیعری ئەحمەد موختار بە کۆشش و هەوڵی ئەو برایانەی ناویان برا هاتەدی. لە کانی دڵمەوە سوپاسی بێپایانی هەموویان ئەکەم و ئەگەر ناتەواوی یەکیش لە کارەکەدا هەبێ، ئەوا من داوای لێبووردن ئەکەم و ڕۆژان ڕۆژیان لەدوایەو هیوام وایە چاپی دووەمی ئەم دیوانە ئەو بەرهەمانەشی بگرێتە خۆی کە دەستمان نەکەوتن، بەتایبەتی ئەوانەی بە کوردی نین. هەروەك هیوای دەسکەوتنی دوو ڕۆمانەکەی و چاپکردنیانم.

ئەمەش یارمەتی ترو کۆششی زیاتری ئەوێو ئاواتەخوازم کە ڕۆژگار هەمووی بڕەخسێنی و بەمە بەشێك لە ئاواتەکانی ئەحمەد موختار بهێنینەدی و نەتەوەی کوردی پێ شادمان بکەین و هەرئەوەش هیواو ڕێبازمانە.

**بەغدا ١٩٨٥/١١/٧**

# پیشەکی

نووسینی : د . عیزەدین مستەفا رەسوول

ئەحمەد موختار ، کوڕی وەسمان پاشای گەورەی (جاف)ە [1] ، کە ئەویش کوڕی محەمەد پاشای کەیخوسرەوبەگە . هەموو سەرچاوەکان لەسەرئەوەن کە ١٣١٦ی هیجریدا لەدایکبووە . ئەم میژووەش بەوە چەسپێنراوە کە لێکیان‌داوەتەوە (احمد مختار بك) بە ئیملای کۆنی کوردی‌و حیسابی ئەبجەد ئەکاتە ١٣١٦ و [2] ئەڕێکەوتە ناوی شاعیرو سالّی لەدایکبوونیی یەکخستووە . لەبەر ئەوەش کە ڕۆژی لەدایکبوونیمان دەستنەکەوت ئەبێ تەنها ئەوەندە بڵێین کە ١٣١٦ ی هیجری ڕێکەوتی دوو سالّی (١٨٩٨–١٨٩٩)ی میلادی ئەکات .

وەسمان پاشای باوکی‌و مەحموود پاشای مامی ، هەردووکیان لە ئومەرای بەناوبانگی عەشایری جاف بوون . لەلایەن سوڵتانی عوسمانی‌یەوە ڕوتبەی پاشایەتی‌یان درابوویەو لە هەڵەبجە حاکمێتی‌و قایمقامی‌یان کردووە [3] .

---

(١) – ڕەفیق حیلمی . شیعرو ادبیاتی کوردی . ب ١ . بەغدا ١٩٤١ . ل ١٣

(٢) – احمد مختار بك

١+٨+٤٠+٤+٤٠+٦٠٠+٤٠٠+١+٢٠٠+٢+٢٠= ١٣١٦

تێبینی :

هەر بەمەشدا دەرئەکەوێ کە ئەحمەد موختار ناوی لێکدراو واتە (مرکب)ەو لەسەر پێڕەوی دەوری عوسمانی شاعیر ناونراوە (ئەحمەد موختار) . هەرچی تەخەللوسی شاعیرانەیە ئەوە (ئەحمەد)ی بۆخۆی هەڵبژاردووەو لە قەسیدەیەکدا نەبێ (موختار)ی بەکارنەهێناوە . مامۆستا گیوی موکریانی باسی ئەوە دەکات کە سەردەمێك تەخەللوسی «گوڵشەن» بووە . بەڵام هیچ شیعرێمان بەوناوەوە دەستنەکەوت .

(٣) – ڕەفیق حیلمی . ئەو سەرچاوەیە . ل ١٣

دایکی ئەحمەد بەگیش کە ناوی (عادلە خانم) بووەو بە خانم یاخانمی وەسمان پاشا ناوبانگی دەرکردووە ، یەکێك بووە لە ژنە هەڵکەوتوو و دیارو بەدیمەنەکانی کورد (٤)

«ئەحمەد موختار وەکو هەموو منالێکی تر نە حەوت سالێدا ئەخرێتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی منداڵان لە هەڵەبجە ، قورئانو کتێبە وردەکان تەواوئەکا ، لەپاش ئەمانە دەستئەکا بە گولستانو خوێندنی فارسیی تر ، لەپاشا کەمێکیش عەرەبی ئەخوێنێ و دەستی لێ هەڵئەگرێو خەریکی سەرو سواریو مولکداری ئەبێ» (٥)

ماموستا سوجادی لە سیفەتەکانی ئەحمەد موختاردا ئەوە دەستنیشان ئەکات کە حەزی لە خوێندنەوە کردووەو پاش ئەوە باری خوێندەواریی ئەو هەڵئەسەنگێنێ و ئەنووسێ :

« . . . کە ورد ئەبیتەوە لەم خوێندنەی «ئەحمەد موختار» . . ە تەماشا ئەکەی شتێکی وای نەخوێندووە ، لەگەڵ ئەوەش تاپۆیەکی زیرەکیی بووە ، زمانی فارسیو عەرەبیو تورکیی زانیوە . تۆزە تۆزەیەکیش لە ئینگلیزی . تەنانەت لە فارسیدا گەلێ شیعری هەیە (٦)

---

(٤) — لە زۆر سەرچاوەی میژووی سەردەمدا باسی «خانم» کراوە . ئەگەر ئەم سەرچاوانە جیاوازیان لە باسی هەڵوێستی سیاسیی خانمدا هەبێ ، ئەوا هەموو لە باسی تواناو هەڵکەوتووییو دەسەلاتداریدا یەکن . ئەوەی ئەتوانین لە باسی ناو ئەو سەرچاوانەی زیاد بکەین ئەوەیە کە خانم دەستێکی بالای لە دامەزراندنی هەندێ دیمەنی شارستانێتیدا بووە ، چ لە هەڵەبجەو چ لە سلێمانیو ڕۆڵی لەوەدا بووە کە عوسمانپاشا ژیانی شارستانو شارستانێتیی لە ژیانی خێلەکێتی پێ باشتر بێ . هەرچی بنەچەی خانمە ، ئەوە ئاشکرایە کە لە سنەوە هاتووە . هەندێك بە نەوەی بەنی ( ئەردەڵان)ی دائەنێن (ڕەفیق حیلمی ل ١٣)و هەندێك بە نەوەی بەنی (ساحیبقران)ی ئەزانن (سوجادی ل ٥٤٦) . بەڵام نەوەکانی خانم ئەڵێن خانم کچی قادربەگی ساحێبقرانەو دایکی لە بنەماڵەی (وەزیری)ی بەناوبانگی سنەیە .

(٥) — علاءالدین سجادی . میژووی ئەدەبی کوردی . بەغدا . ١٩٥٢ ل ٥٤٥

(٦) — سوجادی . ل ٥٤٦

تێبینی : هەرچەندە لە چەند سەرچاوەیەکدا باسی ئەوە کراوە کە ئەحمەد موختار لەپاڵ کوردیدا بە زمانیتریش شیعری هەبووە ، بەڵام بەداخەوە هەر یەك هۆنراوەی فارسیی نەبێ هیچیتریمان دەستنەکەوت .

ڕەفیق حیلمی لەم بارەیەوە پەنجە بۆ قەسیدەیەکی وەرگێڕراوی دریژ ئەکات و ئەنووسێت :

« . . . ئەحمەد موختار بەگ ، لە زمانی بێگانەیشەوە شیعرێکی زۆر بەرزو ڕەنگینی بۆ کردووین بە کوردی و بەم ڕەنگە هێزو توانای شاعیریی خۆی و فەساحەت و بەلاغەتی خستۆتە بەرچاو» (۷)

هەموو ئەو سەرچاوانەی باسی ئەحمەد موختاریان کردووە هەر بەم چەشنە باسیان لە پلەی خوێندەواریی کردووە ، بەڵام هەمووشیان کە ئەنووسن « لە قوتابخانەی ئەهلی خوێندوویەتی ، تەحسیلی مەکاتیبی ڕەسمیی نەبووە» (۸) ئەوەیان

---

(ئەم کتێبە لەژێر چاپا بوو لەبارەی شیعری فارسیی ئەحمەد موختار جافەوە نەگەڵ برای بەڕێزم دوکتۆر حەسەن جاف قسەم ئەکرد ، باسی کۆمەڵی شیعری فارسیی ئەحمەدبەگی بۆ کردم لە کتێبخانەی مەجلیسی شوورای میللیی ئێرانا . منیش داوامان لێکرد ئەوەی ئەیزانێ لەڕووەوە بۆمبنووسێ ، ئەم چەند دێڕەی بۆ نووسیم :

ساڵی ۱۳۵۳ی خورشیدی (۱۹۷٦ی میلادی) ، کاتێ خەریکی نووسینی تێز (ئوتروحە)ی دوکتۆرا کەم بووم ، لە کتێبخانەی مەجلیسی شوورای میللیی ئێرانا چاوم بە دیوانێکی دەستنووسی ئەحمەد موختار جاف کەوت کە بریتی بوو لە ۳۵ صەفحە ، پازدە صەفحەی ئەشعاری فارسیی ناوبراو بوو . لەبەرئەوەی درەنگ بوو نەمتوانی هەموو ئەو ئەشعارانە بنووسمەوە و کاربەدەستی کتێبخانەکە نەیدا پێم بیبەمە دەرەوە چونکە ئەوە قەدەغە بوو . بڕیارمدا فرسەتێکی تایبەتی وەربگرم و فۆتۆیەکی بکەم . بەڵام دوای چەند ڕۆژێك هاتمەوە هەموو کتێبە کوردیەکانیان جیا کردەوە ئەو نامیلکەم دەست نەکەوت . خۆش بەختانە هەر ئەوەڵ ڕۆژ ئەم سێ بەیتەم لە دوو پارچەیان نووسیبوەوە و لە ئوتروحەکەما جێم کردنەوەو گونجاندمن :

عاشقان روی تو از درد دل افتاده‌اند
در قمار عشق نقد جان و دل را باختند
افرین بر تیپ مژگان تو ای شکر کلام
چون سپاه بالقانی بر سر دل تاختند

یار من چون میخرامد سرورا رسوا کند
چون نگاهی میکند او ، عالمی شیدا کند)

(۷) - ڕەفیق حیلمی ل ۱۷
تێبینی : وەك دەرئەکەوێ ئەو شیعرانەی «سوللی برۆدۆم» مەحموود جەودەت بە پەخشان کردوویەتی بە کوردیو ئەحمەد موختار بە شیعر دایڕشتۆتەوە .
(۸) - نەجمەدین مەلا . مینای شکستە . ب ۳ . (دەسنووس)

لەبیرناچێ کە (بە زەکای فیتری) [٩] فێری چەند زمان بووەو گەیشتۆتە پلەیەکی باشی خوێندەواری» . [١٠] بەلأم لێرەدا ئەتوانین چەند قسەیەك لەم بارەیەوە زیاد بکەین و بڵێین :

ئەحمەد موختار بەپێی باری ڕۆژی خۆی و پلەی کۆمەلأیەتی و چینایەتیی خۆی ، پلەی سەرەتایی و ناوەندیی خوێندنی بە پتەوی و باشی خوێندووە . چونکە کەسێك کورێکی نازداری «وەسمان پاشا» و «خانم» بووبێ کە هەردووکیان خوێندەواری یان زۆر لا مەبەس بووە ، پێویستی بە فەقێیەتی و چوونە مزگەوت نەبووەو ڕێگەی قوتابخانەی ڕەسمیی ئەو سەردەمەشی نەنراوەتە بەر ، چونکە دایك و باوکی بەتەمای ئەوە نەبوون بیکەن بە ئەفسەری تورك ، کە خوێندنی ڕەسمیی ئەوکاتەش زۆرتر هەر بۆ ئەوە بووە . بەلأم لەجێی ئەمە باشترین مامۆستای تایبەتیی بۆ هێنراوەتە ماڵەوە .

هەر لە ماڵی خۆیاندا ئەلفوبێ و سەرەتای خوێندنی لەسەر دەستی شێخ محی یەدینی (باوکی شێخ جەمالی ئەرزوحاڵچی)ی هەڵەبجەدا خوێندووە . ناشزانم چ مەلایەکی تریش دەرزی عەرەبیی پێوتووە، بەلأم بۆ فارسی خوێندن ، خۆم چەند جار لە مامۆستا گۆرانم بیستووە کە ئەیوت :

باوکم – واتە سلێمان بەگی باوکی گۆران – دەرزی فارسیی بە تایەربەگ وتبوو و لەگەڵ ئەحمەد موختاردا پێکەوە دەرزی فارسیی پێ ئەوتین . وەك ئەشزانین سلێمان بەگ یەکێك بووە لە فارسیزانەکانی سەردەمی خۆی و بە «کاتب فارسی»ش بەناوبانگ بووە . هەرچی ئینگلیزی خوێندنیشە ئەوە مامۆستا کاکەی فەللاح لە زمان ئەحمەدبەگی حەمەسالح بەگی جافەوە ئەگێڕێتەوە ئەڵێ کە لێمپرسی کەی مامۆستا گۆرانت ناسی ، ئەحمەدبەگ وەلأمی دامەوە : ئەودەمەی لە هەڵەبجە لەگەڵ ئەحمەد موختار بەگدا ئەمدین خەریکی زمانی ئینگلیزی بوون .

---

(٩) – هەر ئەوێ

تێبینی : کاك مەحموود زامدار ئیشارەتی ئەوەی کردووە کە ئەم دەستنووسانەی لای کاك حەمەبۆر دیوە .

(١٠) – مامۆستا ڕەفیق حیلمیش لەمبارەیەوە نووسیوویە : «هەرچەن لە خوێندنێکی بەرزو ڕێك وپێك بەهرەدار نەبووبوو ، بەلأم خاوەن زەکایەکی تیژو بیرێکی ورد بوو . کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی و کەمێکیش ئینگلیزی ئەزانی . بە کوردی و فارسی گەلێك شیعری دانابوو» . ( ل ١٧)

تێکڕا دیاره که له مه‌یدانی فیرکردنی زمانداو بۆ په‌یدا کردنی مامۆستای زمان دایك‌و باوکی قسووریان لێ نه‌کردووه . ئه‌وه‌نده هه‌یه که ئه‌حمه‌د موختار خۆی زۆر زیره‌ك بووه‌و ئاره‌زووی فێربوونی هه‌بووه‌و پله‌ی خوێنده‌واری‌و شاعیرێتی‌و نووسه‌ریی ئه‌و له‌م پله‌ی خوێندنه زۆر به‌رزتره‌و ئه‌مه‌ش ده‌چێته سه‌ر وێنه‌ی هه‌ڵکه‌وتوویی ئه‌حمه‌د موختار .

## وێنه‌و ڕوخساری شاعیر :

گه‌لێك وێنه‌ی شاعیرمان له به‌رده‌ستدایه‌و تائێستاش زۆر که‌س ماون که له‌نزیکه‌وه ناسیویانه‌و دۆستی بوون‌و کوڕو کچه‌کانیشی ماون له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا با بچینه‌وه سه‌ر سه‌رچاوه‌ی پێش خۆمان نووسراو .

مامۆستا ڕه‌فیق حیلمی ئه‌ڵێ :

« . . لاوێکی شیرین‌و بالاڵبه‌رزو سوورو سپی بوو . به چاوی شین‌و [11] مووی زه‌ردی وێنه‌یه‌کی مومتازی ڕه‌گی ئاریی ته‌مسیل ئه‌کرد . زرنگ‌و شۆخ‌و ته‌رپۆش‌و له ڕه‌غمی ده‌وڵه‌مه‌ندی‌و ئه‌ملاکێکی زۆر ، مالوێرانی سه‌خاوه‌ت‌و ده‌س بلاوی بوو . . » [12]

مامۆستا سوجادیش له‌م باره‌یه‌وه نووسیویه :

« . . ئه‌حمه‌د موختار به‌گ پیاوێکی بالاڵبه‌رزو سووروسپی بووه ، جوان چاك‌و شۆخ‌و شه‌نگ ، چاوگه‌وره‌و ده‌موچاو پان بووه ، ڕیشی ئه‌تاشی‌و جووتێ سمێڵی قه‌یتانیی ئه‌هێشته‌وه . زۆر حه‌زی به ڕاوو شکار کردووه ، ڕاوچی‌و تفه‌نگچی‌و سوارچاك بووه ، ته‌رپۆش‌و دڵته‌ڕ ، زۆرتر مراخانی‌و شه‌روالێ له‌به‌ر ئه‌کردو شه‌ده‌و مشکیی ئه‌به‌ست به‌سه‌ره‌وه ، پشتێنێکی تۆزێ زیادی ئه‌به‌ست‌و فه‌قیانه‌کانی هه‌ڵئه‌کرد ، گه‌لێجار دوو ڕیزه فیشه‌ك‌و ستارخانیی ئه‌به‌ست ، له‌گه‌ڵ جلی کوردیدا

---

(١١) – کاك ئه‌فراسیاب ئه‌ڵێ : چاوی کاڵ بوو .

(١٢) – ڕه‌فیق حیلمی . ل ١٧ .

چاکەت‌و پانتۆلیشی لەبەرکردووە . لەگەڵ خواردنەوەدا سەودای بووە ، یاری‌یشی ئەکرد ، پیاوێکی نان‌بدەو بەرچاو تێرو زۆر دەست‌بلاۆ بووە[١٣] . ڕووخۆش‌و هەموووەخت دەم‌بەپێکەنین بووە ، لە شوێنی دوورەوە گوێیان لە قاقای پێکەنینەکەی ئەبوو ، هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەموو جۆرە کەسێکدا ئەکرد ،

---

(١٣) — لەڕووی بەخشندەیی‌و دەست‌بلاۆیی ئەحمەد موختارەوە گەلێ سەرگوزەشتە دەگێڕێتەوە . بۆ شایەتیی ئەمە تەنیا یەك سەرگوزەشتەی چاپکراو دووبارە ئەکەینەوە . چونکە ئەم لایەنە بۆ چیرۆکی ژیان‌و تراژیدیای مەرگی ئەحمەد موختار بایەخێکی گەورەی هەیە

محەمەد ئەمین کاردۆخی لە پێشەکیی دیوانی مەلا حەسەنی قازی (شاهۆ)دا نووسیویە :

« . . مەلاعەلیی کوڕە گەورەی (شاهۆ) بۆی گێڕامەوە وتی :

باوکم لە بەغدا بوو ، ئەوەڵی ساڵی ١٩٣٤ بوو (ئەحمەد موختار جاف) واتە (ئەحمەدبەگی عوسمان‌پاشا) لەسەر دوکانی (میرزا ڕەشیدی بانەیی) لە هەڵەبجە دانیشتبوو ، منیش لەوکاتەدا هەر لەوێ دانیشتبووم . (پۆستەچی) بروسکەیەکی بۆ من هێنا . پێش‌ئەوەی بیکەمەوە (ئەحمەد بەگ)

خوێندنەوەشی پێ خۆش بوو ، لە قسەکردندا دەنگ گەورە بوو . . .»[١٤]

**ژیانی :**

لە ژیانی ئەحمەد موختار لە سەرچاوەکاندا ئەوەندە نووسراوە کە لە سالّی ١٩٢٢دا قایمقامی هەڵەبجە بووەو لە ١٩٢٤دا بووە بە نائیب لە پەرلەمانی عیراقیدا[١٥] . راستی ئەوەیە کە لە ١٩١٩وە تا ١٩٢٤ قایمقامیی کردووەو پاشان بووە بە نائیب ، بەڵام دوایی بەوچەشنەی خەڵکی ئەیزانن وازی لە هەموو ئەمانە هێناوەو شاری بەجێهێشتووەو ڕووی کردۆتە چیا .

کە لەڕووی سروشتو بیرەوە تەماشای ڕەفتاری ئەحمەد موختار ئەکەین ئەبینین ئەم چەشنە پایەو کورسییانەی لەلا بێبایەخ بووە . ئەحمەد موختار لە ڕۆژی خۆیدا چ لە باری پلەی خێزانەکەیەوەو چ لەڕووی لێهاتوویی و پێگەیشنوویی و خوێندەواریی خۆیەوە باشترین کەسی عەشیرەتی جاف بووە کە سەرانی ڕژێم پشتی پێ ببەستن و پێشی بخەن و چرای سەوزی ئەوچەشنە بەرزبوونەوەیەشی بەئاسانی بۆ هەڵئەکرا . بەڵام ئەحمەد موختار پشتئەکاتە ئەم چەشنە سەرکەوتن و پێشکەوتنەو تەواو لێیان یاخی ئەبێ . چونکە بەرزی لە پایەو پێشکەوتنێکدا نابینێ کە لە سایەی دوژمنداو بە مەرایی و سەرشۆڕی و ملدان بۆ بەرتیل و ریایی دەستکەوێت . ئەوەتا ئەحمەد موختار لە چیرۆکی «مەسەلەی ویژدان»دا گاڵتە بە کەسێک ئەکات کە ئەوچەشنە ڕێگەیەی گرتووەو وەک ئەم بووە بە قایمقامو نائیبو بەتەمای کاری گەورەتریشە . دیارە مەبەسی ئەحمەد موختار ئەوە نەبووە لەو ڕێیەوە بگاتە پلەی بەرزتر ، خۆی لە زمان خەڵکەوە لەو چیرۆکەدا هیوای خۆی دەرئەبڕێو ئەڵێ : «. . . . چونکە ئومێدمان وایە بەتەحقیق ئەزانین کە هەق مەزڵووم لە زاڵم ئەسێنی»[١٦]

---

(١٤) – سوجادی ل ٥٤٥ ، ٥٤٦ .

(١٥) – لە شوێنێکدا بەهەڵە نووسراوە کە گوایە ئەحمەد موختار لە کاتی حوکمڕانیی شێخ مەحموودا وەکیلی ڕەئیسی شەرع و عەدل بووە . لەڕاستیدا ئەو ئەحمەد موختارە ئەم نیەو ئەحمەد موختاری قازیی هەولێریە . بڕوانە : (حسین عارف . چیرۆکی هونەریی کوردی . بەغدا ، ١٩٧٧ . ل ٣٦)

(١٦) – ئەحمەد موختار جاف . مەسەلەی ویژدان . بەغدا ، ١٩٧٠ . ل ٥٩

د . ئیحسان فوئاد له ڕوونکردنەوەیەکدا کە لە کۆتایی چاپکردنی ئەو چیرۆکەدایە لەم مەبەسە ئەدوێو ئەنووسێ :

« . . . بێگومان ئەوەی هۆنراوەکانی شاعیر بەوردی بخوێنێتەوە ، لەیەکچوونێکی تەواو ئەبینێ لە نێوانی هێندێ هۆنراوەی شاعیرداو ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکەدا . شاعیری بەسۆز ، خاوەنی هەڵبەستی «له خەو هەڵسن» ، لە بەشێکی بەجێی هۆنراوەکانیدا ، پەردە لە ڕووی ناتەواویی کۆمەڵەکەی و دزی و ڕووتاندنەوەی کارەبەدەستانی ئەو سەردەمە لادەدات و دەری ئەخات کە تا چ ڕادەیەك میللەتی هەژاریان چەوسانۆتەوە :

**جاهیلان بۆ ئیستیفادەی زاتی خۆیان ڕۆژو شەو**
**لەم موحیتە مەنعی عیلم و سنعەت و عیرفان ئەکەن**
**ڕووڕەشی دنیاو قیامەت ئەو نەفامانەن کەوا**
**هەجوی قەوم و میللەتی خۆیان بە پارەو نان ئەکەن**
**ئاسمان ئێستە وەها چەرخاوە ، جاهیل غالیبە**
**گوربەوو ڕێوی خەیاڵی مەرتەبەی شێران ئەکەن**
**چەن کەسێکی تازە پیاکەوتوو لە کووڕە دەرچوون**
**پاو کە چوو بۆ ئیش لەپێشا یۆقڵەمەی گیرفان ئەکەن**

یا وەکو :

**مەعنایی وەها لێك ئەدەنەوە بەعزێ مووزەف**
**قانوون ئەوەتە کەشفی بکەن باخەڵو گیرفان**

دەسا ، هەر ئەم ناوەڕۆکە ڕوونەیە کە لە سنووری تەنگەبەری هۆنراوەدا لەوەندە زیاتر دەرنابڕێ وە کە ئەنجامی لێکدانەوەو سەرنجدان و شارەزایی شاعیرە لەو ناوەندەدا کە تیایا ژیاوە (بە تایبەتی کە خۆی چەن کارێکی میری بەڕێوەبردووەو بە چاوی خۆی کارەساتی بەڕێوەبردنی دیوە) بۆتە هەوێنی ئەم سەرگوزەشتەیە»[17]

لە سەرچاوەیەکی تریشدا کە باسی «مەسەلەی ویژدان» ئەکرێت چیرۆکەکە ئەبەستێتەوە بە ژیانی ئەحمەد موختار خۆیەوە :

---

۱۷) – مەسەلەی ویژدان . ل ٦٢ ، ٦٣ .

« . . . . بێگومان من بەونیازە لە مێرووی ژیانی دەکۆڵمەوە ، بەتایبەتی لەو سالاڤنەدا ، تا وەرامی ئەو پرسیارەم دەسگیر بێ کە ئایا ئەحمەد موختارێك کە خۆی یەکێك بووە لە کاربەدەستە گەورەکانی رژێم ، چ عەجەب لەو چیرۆکەیدا (ئەگەرچی بلاڤیشی نەکردۆتەوە) ، ئەو هێرشە توندو تیژەی بردۆتە سەرو لەنێوانی کاربەدەستانی دەورو بازرگانو دەرەبەگەکانی پشتیوانیەوە ، بەوجۆرە گوناهبارو ڕیسوای دەکات ؟» (١٨)

نووسەر خۆی وەلاڤمی پرسیارەکەی ئەداتەوەو ئەنووسێ :

« . . . بەڕای من ئەحمەد موختار هەرچەندە ئەو کاربەدەستە گەورەیەی ڕژێمو ئەوبەچکەدەرەبەگ و (شازادەی کوردان)ە بوو ، کە باسمان کرد ، بەلاڤم ئەدیبێکی ڕوونا کبیری خاوەن هەستو ویژدانێکی پاك بووەو لە دلڤو دەروونداا دژی زوڵمو زۆری کاربەدەستو ئاغاو دەرەبەگە خوێنمژەکان بووەو بیروباوەڕو کردارو نەریتی کۆنەپەرستانەی لا ناپەسند بووە. هەروەکوو لە هەستو بیرو باوەڕی کوردایەتیشدا ، ڕاستگۆو سەرڕاست بووەو بۆی دڵسۆز بووە . بۆیە ئەو ئەگەرچی ئەوەی لە ناخی بیرو هۆشیدا باوەڕی پێی هەبووە بۆی نەڵواوە بە کردار پێی لەسەر داگرێو ڕاستەوخۆ کۆششی بۆ بکات ، کە دەبێ بە هەردوو باری (زاتی و مەوزووعی)دا لەمڕووەوە وەزعیان لە بەرچاو بێ ، بەلاڤم بەئەدەبو بەشێوەیەکی تایبەتی لە چیرۆکەکەیدا زۆر بەئاشکراو لەڕوو ئەو ئەرکەی بەجێهێناوە . واتە دەتوانین بڵێین : لە مەیدانی چالاکیی ئەدەبیدا ، ئەحمەد موختاری هەستو ویژدانپاکی کوردپەروەری دڵسۆزو ڕاستگۆ دەبینین کە وەك ڕوونا کبیرێکی پێشکەوتنخواز قەڵەم دەخاتە سەر قاقەزو دەنووسێ ، نەك بەچکە دەرەبەگێك و کاربەدەستێکی گەورەی ڕژێم .

بەمپێیە ڕام بۆ ئەوە دەچێ کە ئەحمەد موختار خۆشی مەبەسی لە نووسینی (مەسەلەی ویژدان) ڕاستەوخۆ هەر ئەوە بووبێ کە ئێستا ئێمە تێدەگەین . واتە ڕەخنەگرتن لە پەراگەندەیی ڕژێمی سەردەمی خۆیو ڕیسواو ڕەجاڵکردنی لەنێوانی

---

(١٨) – حسین عارف . ل ٣٧

ڕیسواو ڕەجاڵکردنی نموونەی چەندین کەسانی دزو بەرتیل‌خۆرو تەڵەکەبازو خوێن‌مژو کۆنەپەرست . . . هتد . . که دەستێژی ڕژێمەکە خۆی بوون‌و لە سایەی ئەودا ئاشیان گەڕاوە» (۱۹)

ڕەنگە بۆ زوربەی وتەکانی نووسەر دەنگ‌بدەم ، تەنیا ئەوە نەبێ کە لای‌وایە هەڵوێستی ئەحمەد موختار لە نووسیندا دیار بووەو لە کردارا دیارنەبووە . بەڵکو (لام‌وایەو هیوام‌وایە کە ڕاست‌بم) کە یاخی‌بوونی ئەحمەد موختار لە دەرەبەگی‌و ڕژێمی پاشایی‌و ناقۆلاێیی کۆمەلاێەتیی سەردەمی خۆی لە کرداریا زۆر دیار بووەو نووسین‌و کرداری یەکیان‌گرتۆتەوە .

پیرەمێرد بەم‌چەشنە لە «ژیان»دا هەواڵی مەرگی «ئەحمەد موختار» ی بڵاوکردۆتەوە :

**«ناسۆرێکی تازە بۆ دڵی کوردەواری»**

**دوو میسرەع ، یەکێ کەیخوسرەوانی**
**دووەمیان خاڵی ڕووی ئەردەلانی**
**بووبوو بە شیعری جوان‌و نەوجوان**
**دڕێغا فەلەك خستیە ناو سیرواڵ**

«ئەحمەد موختار»ی وەسمان پاشا لە باوکەوە کەیخوسرەوی ، لە دایکەوە ئەردەلانی ، ئیفراتی سەخاو زەکا بووبووە نەگبەتیی سەرشانی ، خۆی داناو داخی بە دڵی عالەما نا :

**شاعیر بوو ، شاعیر ئەنجامی وایە**
**فەلەك بەزەیی بەکەسا نایە (۲۰)**

ئەم ئیفراتی «سەخاو زەکا»یە وای لێکردبوو کە بەوچەشنە دەست بڵاو بێ‌و گوێ‌نەداتە ماڵ‌و مووڵکی جیهان‌و لەجیاتی ماڵ‌و مووڵك زیاد کردن بکەوێتە

---

(۱۹) – هەر ئەوێ . ل ۳۸ ، ۳۹
(۲۰) – ژیان . ژمارە ٤۳ ساڵی ۱۰ ، ۹ی شوباتی ۱۹۳۵

بلاّوکردنەوەو بەخشین[٢١] . لەجیاتی ڕوانینە پایەو بەرزیی سایەی ئەو ڕژێمە کە ڕ
بۆ کردبۆوە ، یاخی بوون و کێونشینی لەڕێی مەبەسدا بکا بە پێڕەوو بلێ :

**جەژنی قوربان . سالّی جاریّ خەلّکی قوربانی ئەکەن**
**بۆ وەتەن من ڕۆژی سەد جار ڕۆحی خۆم قوربان ئەکەم**

وێنەی قوربانی دان و شەهیدبوون لە شیعری ئەحمەد موختاردا بەچەشنێ
دووبارە دەبێتەوە کە باری لێکدانەوەی (سایکۆلۆژی) دەمانباتە سەرئەوەی بە دڵنیـ
بڵێین : خۆ بە قوربانی نیشتمان کردن و بەجوانەمەرگی شەهیدبوون کەلّکەلّەی سـ
ئاواتی هەمیشەیی دەروونی بووە . ئەبێ چەند جار لە شیعری ئەحمەد موختا
وێنەی فەرهاد لەپاڵ کێوی بێستووندا خوێن ڕشتن ووترابێتەوە :

**بێستوون ئێستەش کە وەقتێ لالەیی لێ سەوز ئەبێ**
**باسی خوێنی دیدەوو داغی دڵی فەرهاد ئەکا[٢٢]**

---

(٢١) — ڕەفیق حیلمی لە باسی شیعری ئەحمەد موختاردا دوولایەن باس ئەکا ، لایەنی بەخشندە
لایەنی نیشتمانپەروەری و ئەنووسێ :
« . . . بێجگە لەمەیش کە خۆی ئەڵماس و گەوهەری دنیای زۆر لە بەرد داو سەروەت و سا
بەشی خۆی لە باوکی یەوە بۆی مابۆوە لە بەینێکی زۆر کەمدا لەناوی بردو دوایی پێ هێنا ، دیسا
دیار بوو کە بۆ سەروەتی ولاّتەکەی زۆر دڵسۆزو بەپەرۆش بووە کە ئەڵێ :
زوبانی حالّی ئەحمەد هەر ئەڵێ وریا بن ئەی میللەت
بزانن بەردی ئەم شاخانە ئەڵماس و گوهەرتانە
(ڕەفیق حیلمی ل ١٧)

(٢٢) — بیستون وەختێ کە لالەی ئەحمەری لێ سەوز ئەبێ
مەشقی لێوی شەککەرینی ناسکی شیرین ئەکا
. . . . . .
ئەو گولاّلەی وا لە کێوی بێستونا سەوز ئەبێ
چەن لەتیف و ئالّە ڕەنگی لێوی شیرینی هەیە
. . . . . .
ئەو گولاّلاّنە کە لەم کێوو کەژە خەیمە ئەدەن
هەموو تەمسیلی ئەکەن خوێنی شەهیدانی تۆ
. . . . . .

له زۆر شیعری ئەحمەد موختاردا وێنەی نیشتمانو دولبەر دەبێ به یەك و خۆیشی
ەر فەرهادە :

**یچ خەنە پێویست نی یە بۆ دەستو پەنجەی دولبەرم**
**ا به خوێنی من خەریکە دەستو پێی نەخشین ئەکا**

ئەگەر فەرهادی بێستوون له نائومێدیدا به دەستی خۆی لەناوچووبێ ، ئەوا فەرهاد»ی گوێ سیروان به کۆمەڵێ ناوات و نەخشەی مەزنەوە «به دەستێکی ،فام» [٢٣] لەناوئەچێت و داخی نیشتمان ئەباتە گڵەوە و نیشتمانیش یەکێك لەو کورە ەڵکەوتووانەیی لەکیس ئەچێت که جێگەی هیوا بوون .

ئەگەر باش له بەرهەم و ژیان و مەرگی ئەحمەد موختار وورد بینەوە بەراستی ەبینین که ئاواتی گەورەی هەبووە ، خۆی له خۆی گەیشتووە و تەمای ئەوەی هەبووە ە له کاروانی پێشکەوتن و دووارۆژی نیشتماندا جێی دیار بێ . گەورەییش لای ئەو ،ك ووتمان — مالّ و مولّك و پایەی بەرزی دەوڵەتی ئەوکاتە نەبووە ، چونکە ئەوانەی بەردەستدا بووە و شەقی تێهەڵداون و ڕێگەیەکی تری گرتووە .

پەندێکی ڕووسی هەیە ئەڵێ : «لێت ناپرسم تۆکێیت . لێت ئەپرسم هاوڕێکانت ن ؟»

که ئەپرسین ، ئەبیستین :

«مەحموود جەودەت ، ئیسماعیل حەقی شاوەیس ، عەبدولواحید نووری ، بدوڵلاڵ گۆران ، شێخ نووریی شێخ سالّح ، فایەق بێکەس ، عەلی کەمال یر [٢٤] شێخ سەلام ، میرزا مارف ، مەلا حەسەنی قازی ، حەسن فەهمی

---

**گوڵاڵەی بیستوون ئێستەش بەهاران**
**ئەڵێن پێت ماجەرای فەرهادو شیرین**
**ئەم کۆمەڵی گوڵاڵە که ئاڵن له کێوو کەژ**
**ئاویان دراوە گشتی به خوێنە ڕژاوەکەم**
. . . . .

- ڕەفیق حیلمی . ل ١٧
- کاکەی فەللاح له زمان عەلی کەمال باپیرەوە ئەگێڕێتەوە ئەڵێ : عەلی کەمال وتی : که ئەحمەدبەگ کوژرا تا ١٥ سالّ ڕیشم نەتاشی .

جاف . . هتد . . ئەمانە دۆستی نزیکی ئەحمەد موختار بوون . ئەمانە لە زۆر ڕووەو
تاقمێکی جیاواز بوون ، زۆر لایەنی سیاسی‌و شەخسی‌و کۆمەڵایەتی‌یان جیاواز بوو
بەڵام ڕۆخانەی شیعرو ئەدەبیات‌و بیر هەموویانی کۆئەکردەوەو هەموشیان بەپێ
پی‌ودانگی ڕۆژی خۆیان یا شۆڕشگێڕ یا یاخی‌بوون . هەریەکەش لایەنێکی
یاخی‌بوون بەرامبەر بە یاساو بیری کەڕووهەڵهێناو گرتبوو و بە چەشنێ ڕێبازی تایبە
خۆی ئەو یاخی‌بوونەی ئەنواند

هۆنراوەیەکی هەورامی هەیە کە لای هەندێك وایە شیعری ئەحمەد موختارە
بەڵام من لام‌وایە شیعری ئەو نی‌یە ، تەنانەت ئەتوانین بە بابەتێکی ڕەجەزی دابنێ
زۆرتر لەوە ئەچێ قسەی سەر زمانی ئەوجەنگاوەرانە بێت کە لە گوێ سیروان
ئەحمەد موختار کۆبوونەتەوە . لێرەدا مەبەسمان لە ڕوخسارو پلەی هۆنراوەکە نی‌یە
بەڵکو ناوەڕۆکەکەی بەڵگەیەکی گەورەمان دەربارەی ئەحمەد موختارو ڕووکر
چیای ئەداتێ :

**شازادەی دەوران ئەحمەد موختارەن**
**پەی ڕۆژی دەعوا ئەسفەندیارەن**
**هەر پەی وێش خاسەن جە ڕۆژ هەیجا**
**چەنی دوشمنان بکەرۆ هەیجا**

. . . .

**دایم نە خەیاڵ حاڵی کوردانەن**
**بۆیە ئاراگێل خاکی ئێرانەن**
**ئومێدش ئێدەن ، وە لوولەی تفەنگ**
**ئیستیقلالمان بگیرۆ وە چەنگ** (٢٥)

ئەم چەند دێڕە دەچنە پاڵ چەند بەڵگەیەکی نووسراو (دەکۆمێنت) کە ئێس
بەردەستدا نین‌و کاتێ دەبێ دەست‌بکەون‌و بڵاوبکرێنەوە ، هەموشیان ئاو

---

(٢٥) — ئەمە ساڵی ١٩٣٤ نووسراوە کە عیراق بەندی پەیمانی ١٩٣٠ بوو لەگەڵ ئینگلیزداو بەو
ئیستیقلالی لەناوچووبوو .

خشەی ئەو ئەحمەد موختارە ئەسەلێنن کە لەو ڕۆژانەی دووایی ژیانیدا بۆ
ێزانەکەیی نووسیوەو لەوێدا بە شەمسەخانی کچی ئەڵێ :

«مەرحەبا شەمووسە خان . عاجز نەبی . ئەگەر باوکت ما ، بەزۆری خۆی
بتەوە[٢٦]» . .

بۆ تەواوکردنی وێنەو دیمەنی شەخسیەتی ئەحمەد موختار ئەبێ باسێکی بەئینساف
ڕووداوو هەڵوێستی ئەم کەڵەپیاوەی عەشیرەتی جاف بکەین لە ڕۆژانی شێخ
حموودی نەمردا .

هەروەك کۆمەلأنی گەلی کورد لە دەوری شێخی نەمر کۆبووبوونەوە ، شێخ
دوژمنیش نەبوو . لە عەشایەر ، لە ئەفەندیو خوێندەوار دوژمنی هەبوو . هەندێ
م دوژمنانە باری سیاسەتو هاتو بردەی لەنێوان تورکو ئینگلیزدا ئەیجوولأندن .
ەندێکیشیان کینەی تایبەتی یا هەوای گەورەیی و شانازیی عەشایەریو سەر بۆ
ێخان شۆڕنەکردن بەرەو دوژمنیو لەناودانی ئەو خەوە خۆشەی ئەو سەردەمەی
ردی دەبردن . کەسی ئەوتۆش هەبوو کە کەمۆکووڕیو باری دووا کەوتوویی ڕۆژ
نووری نێوان ڕەخنەو دوژمنیی لەبیر بردبوونەوە .

لێرەدا با بێینە سەر هەڵوێستی «ئەحمەد موختار»ی لاو .

عەشیرەتی جاف وەکو پژدەرو هەمەوەندو زۆر عەشیرەتیتری کوردو تەنانەت
سادات» خۆیشیان دوو بەرە بوون . ئەگەر بەپێی باری عەشیرەتی بووایە ئەبوو
حمەد موختار لە بەرەی دوژمنەکانی شێخ بووایە . بەلأم دیارە ئەو مەردە هوشیارە
و تەمەنو سەردەمەشدا بیری نیشتمانیی زۆر لە لایەنی عەشیرەنگەریەکەی بەتینتر
ڕە . لەبەرئەوە لەگەڵ شێخدا بووە ، لەناو ئەو بەگزادانەی جافدا بووە کە هاتوون
پیرۆزبایی شێخ[٢٧] . کە شێخ ڕووی‌کردۆتە شاخ ، ئەم لەگەڵیا ڕۆیشتووە .

ساڵی ١٩٥٥ بۆ پرۆژەی ساڵنامەی کوردی بەدوای شوێنەوارەکانی شێخی نەمردا
گەڕام . چوومە گوندی «جاسەنە»و وێنەی ئەو ئەشکەوتەم گرت کە شێخ ڕووی
کردبوو و چاپخانەکەی دەوری حوکمڕانیش لەوێدا ئەگەڕا .

---

١) - لە نامەیەکدا بۆ خێزانەکەیی نووسیوەو لای کاك ئەفراسیاب هاریزراوە .

٢) - ڕۆژنامەی «ژیان» .

پیاوێکی زۆر پیری جاسەنەبی ئەو جێگەیەی پیشاندام لە ئەشکەوتەکەدا ئەحمەد موختاری تێدا بەند کردبوو.

بەڵێ، ڕەنگە شێخ لەوە نەگەیشتبێ کە لاوێکی خوێنگەرمی دڵسۆزی وەک ئەحمەد موختار پشت بکاتە کەس وکارە خاوەن شکۆو دەسەلاتەکانی خۆی و ژیانی ئەشکەوتی لەپاڵ شێخدا لەو هەڵوێستەی ئەوان پێ باشتر بێ. خۆ دووزمانی درۆزن و ڕاپۆرت نووسیش لە هیچ شوێنو زەمانێکدا لە کاری خۆیان نەکەوتوون لەبەرئەوە هەر لەو ئاوارەییەی خۆیدا ئەوی بەندکردووە.

لێرەدا هەڵوێستی نیشتمانیی پتەوی ئەحمەد موختارو باری سەرنجی بەرامبەر شێخو مەسەلەکە دەرئەکەوێ:

سەبا عەرزی خلووسیو بەندەگیمو هەم دوعاخوانی
بە بۆ خزمەتی شاهی موحیتی گشت سلێمانی
بڵێ قوربانی تۆ بم ئەی سەلاحەددینی ئەییووبی
بە زۆری پەنجە وەک حەیدەر، بە سیما یووسفی سانی
لەدەست کافر نەجاتمان بوو، بیحەمدیللاهی وەلمیننە
لە سایەی دەستو تیغو هیممەتی تۆ، شێری یەزدانی

...

کە جورمێکی نییە تا کەی لە حەبسا دانیشێ قوربان
لە تەنهایی لە فیکری چۆتەوە ئادابی ئینسانی
هەتا مردن وەکو بەندە لە خزمەت شاهی کوردستان
حەیاتی خۆی فیدا کا بۆ هەمور ئە ڕێڵکو فەرمانی
من ئەم حەبسەم لەلا فەخرە، بە شەرتێ سەروەری کوردان
لە حەق ئەم بەندەیەی خۆیە بمێنێ لوتفی جارانی

....

لە لوتفی تۆ زیاتر هیچ پەناهێکی نییە (موختار)
بە کاری هیچ نەهاتن، دۆستەکانی، خزمو خوێشانی

ڕەنگە بووترێ، ئەمە بەندێکەو لە بەندیخانەدا داوای بەربوون ئەکات. بەڵام شێخ زوو بەری داوە، بەڵام هەڵوێستی ئەحمەد موختار بەرامبەر بە شێخی نەمر

ه بوو . شاعیر تا ساڵی ۱۹۳۵ ژیاوه . پاش ئەو ماوه کەمەی بەندیخانەی شێخ سەلاڵتی پەیدا کردۆتەوه . هەموو ئەو ڕۆژنامەو چاپەمەنیانەی لە بەردەستدا بووه ئینگلیز خواهه کوردەکان گرتبوویان بەدەستەوەو هێرشیان تێدا ئەبرده سەر شێخ . لام ئەم وەك هاووڵاتیەکی بەشەرەف . ڕ بە نووسینو چ بە قسەو وتنو چ لە فتاری ڕۆژانەدا لە گوڵ کاڵتری بە شێخ نەووتووه . لە ڕۆژانی نوشوستیو ەسەلاتیی شێخدا هەر دڵسۆزی بوو . شێخی نەمریش تا دووارۆژانی ژیانی لە جێی یداو لە کاتی باسکردندا بە سۆزو خۆشەویستیو بەرزیەوه ناوی ئەحمەد ختاری ئەهێنا .

کەواته – ئەم هەڵوێستەی شاعیر . کە لە باری خێزانیو چینایەتیو بەرژەوەندیی خسیەوه نەهاتووه . لە چیەوه پەیدا بووه ؟

گومان لەوەدانیە کە هوشیاریو خوێندەواریو لێکدانەوه ئەحمەد موختاری بە گەی شەرەفو مێژوودا بردووه . . بە ڕێگەی پیاوەتیو نیشتمانپەروەریدا ووەیەتی .

د . ئیحسان فوئاد لەو چەند دێرەدا کە بە پێشەکی بۆ چیرۆکی «مەسەلەی دان»ی نووسیووه باش جێگەی مێژوویی‌و ئایدیۆلۆژیی ئەحمەد موختاری ستنیشان کردووەو نووسیویە :

«ئەحمەد موختار جاف بە ناوەڕۆکی ئەم سەرگوزەشتەیەگیانێکی ئازادیخوازانەو ڕشگێرانەی نیشانداوه ، وه بەمە ئەچێتە پاڵی ئەو نووسەرانەی هاوچەرخی کە لە دانی ڕەخنەگرتنی تیژی میراتی ڕزیوی دەرەبەگیدا ئەسپی قەڵەمیان چاپوکانە اوه . لە نموونەی «عەرەب ئامیلۆف»ی چیرۆکنووسی کوردی سۆڤێتی ، شاکیر ح . عەبدولواحید نووری ، ئیبراهیم ئەحمەد . . هتد . بەڵکو ئەتوانین بڵێین کە ڕەوه بۆ ئەو نووسەرە لاوانەی ئەمڕۆمان کە دەست ئەبەن بۆ ئەم بابەتە گرنگە لە هەمەکانیاندا ، چونکە نیوچەرخ لەمەوبەر ئەم پەیامە پیرۆزەی گرتۆتە ئەستۆی ی» (۲۸) .

---

۲۸ – مەسەلەی ویژدان . ل ۲٦ .

## مەرگی ئەحمەد موختار :

ئاشکرایە کە ئەو بیرو هیوایەی ئەحمەد موختار ، لە باڕێکی تایبەتیدا مالّ و پایەی پێ بەجێهێشت ، کۆمەڵێ چەکداری لە خۆی کۆکردەوەو ڕۆیشت و پاش بەینێك تەرمی خوێناوی هاتەوە .

مامۆستا سوجادی لەمبارەیەو ، نووسیبووی :

« . . . لە تەمەنی بیست‌سالّیدا ژنی هێناوە . لە سالّی ١٩٢٢ بووە بە قایمقامی هەڵەبجە ، لە ١٩٢٤دا بووە بە نائیب لە پەرلەمانی حکوومەتی عیراقیدا ، تا لە ١٩٣٥ لە تەمەنی ٣٨ سالّیدا بە گوللەی تفەنگی دەستێکی پیس لەسەر ئاوی «سیروان» کوژراو جوانەمەرگ بوو ، تەرمەکەی برایەوە بۆ هەڵەبجە ، لە ئاوایی «عەبابەیلە» لە گۆڕستانە کە تاهیر بەگی بۆ تیایا نێژرابوو ئەمیشیان ناشت[٢٩] .

هەرچی مامۆستا ڕەفیق حیلمی‌یە ئەوە وردتر دەستنیشانی کوشتنی ئەحمەد موختار ئەکاو ئەنووسێ :

« . . لەدوای ژیانێکی ناکامانە ، لە سالّی ١٩٣٤ی میلادی‌و لەسەر ئاوی (سیروان — دیالە) لەلایەن دەستێکی نەفامی کوردەوە کوژراوە .»[٣٠]

پیرەمێرد کە لە سالاّنی دوایی ژیانی خۆیدا ئەیویست بە هێمنی خزمەت بکا[٣١] ، لەو چەند دێڕەدا کە تۆمارمان کردەوە بە چەشنێکی‌تر تەماشای دوالاپەڕەی ژیان‌و مەرگی ئەحمەد موختاری کرد . ئەوەبوو نووسیی :

« . . ئیفراتی سەخاو زەکا بوو بووە نەگبەتیی سەرشانی ، خۆی داناو داخی دڵی عالەما نا[٣٢] »

---

(٢٩) — سوجادی . ل ٥٤٥ .

(٣٠) — ڕەفیق حیلمی ل ١٣

تێبینی : هەر لەمشوێنەدا لە پەراوێزدا نووسراوە « . . لە تەئریخی سلیمانیدا ئەڵێ : ١٩٣٣ی میلادی (مقتولا) وەفاتی کردووە . عەلی کەمال ئەڵێ «لە ١٩٣٥دا» . دیارە ئەمی دووایی ڕاستە .

(٣١) — مامۆستا کاکەی فەللاح باری سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشام کە گۆران لەو ووتارەدا کە بۆ چلەی پیرەمێردی نووسیوو . ئەمچەشنە ڕایەی دەربڕیووە .

(٣٢) — ژیان . ژمارە ٤٣ . سالّی ١٠ . ٩ی شوباتی ١٩٣٥

پیرەمێرد هەر لەوێدا دێرێکی تر بۆ مێژووی مەرگی ئەنووسێ و ئەڵێ :

**بۆ تەئریخی پەردەی خۆی دری**
**می شیرینی شاعیر . هەڵفڕێ**[٣٣]

عەلی کەمالی باپیر ئاغا لە هەمووان بەسۆزتر بۆ مەرگی شاعیر گریاوەو سیوویەتی :

**مان فەلەك ئەم داخە چبوو نای بە جگەردا**
**ئاگرە چی بوو لە دڵی عالەمی بەردا**
**مان چیە ئەم شۆرە لەناو کوردی جیهانا**
**م هەموو غەرقە لە قوڕو شێنو چەمەردا**
**دیومە لە خاك دێتەدەرێ گوڵ بە بەهاران**
**ی گوڵی من ماتە لەژێری گڵو بەردا**
**گامی خەزان فەسڵو دەمی کۆچی گولاڵنە**
**فەسڵی بەهارە گوڵی من وا لە سەفەردا**
**خوسرەوە وا حاتەمی تەی بوو بە سەخاوەت**
**ڕۆستەمە وا شێری ژیان بوو لە نەبەردا**
**وی کە چلۆن چەرخی فەلەك دەربەدەری کرد**
**ا بە غەریبی لە کەژو کێوی (نەوەر)دا**[٣٤]
**کە کسووفی ئەبێ ڕۆژی هەموو جافان**[٣٥]
**ئەو شەوە گەردوون کە خسووفی بە قەمەر دا**
**سەروەری عالی نەسەب ، ئەی ئەحمەدی موختار**
**خوێنی شەریفت بە هەوا وا بەهەدەر دا**

---

- هەر ئەوێ .

ئەم تەئریخە بە ئیملای کۆن بەمچەشنە لێكئەدرێتەوە :

روح شیرین شاعر

٢١٤ ٥٧٠ ٥٧١ = ١٣٥٥

- لە پەراوێزدا نووسراوە : (نەوەر) ناوی شاخێکە لە داوێنیدا ئەحمەد موختار کوژراوە .
- لە پەراوێزدا نووسراوە : دوو ڕۆژ پێش کوژرانی مانگ گیرا .

سەیری کە ئەڵێی خوێنی رژاوی گەشی تۆیە
(سیروانی سروشکم کە ئەکا هاژە لە سەردا) (٣٦)
هەرچەندە کە رۆیشتی بەلأم زیکری جەمیلت
ریردی دەمی کوردانە لە شامو لە سەحەردا
ئەو ناوە بڵندەی کە بەجێت هێشتووە بێشك
ئەینووسێ موئەرریخ لە تەواریخی بەشەردا
نابڕێتەوە خوێنت بووەتە خوێنی سیاوەش
مەنقووشە جەمالت لە دڵو فکرو نەزەردا
تەئریخی وەفاتیم لە خیرەد پرسی . وتی پێم
جێی عەدنە ئەوو ئێمەیی جێهێشت لە سەقەردا (٣٧)

گۆران هەستی خۆی بەرامبەر بە مەرگی ئەحمەد موختار لەڕێی بایەخدان بەو دێرانەی کەمالی یەوە دەرئەبڕێو ئەنووسێ :

ئەی کاکە کەمال شاعیری خۆشخوێنی هونەرمەند
بولبول نییە . تۆی . تەیری تەرەننوم لە سەحەردا
دەك خۆش بێ دەمو پەنجەوو نووکی قەڵەمی تۆ
بۆ دادێ کە دات کاکە لە مەیدانی هونەردا (٣٨)

ئەوەندەش زیاد بکەین کە ئەحمەد موختار لە ٦ی شوباتی ١٩٣٥دا کوژراوە .

**شیعری ئەحمەد موختار :**

ڕەفیق حیلمی کە دێتە سەر هەڵسەنگاندنی شیعری ئەحمەد موختار ئەنووسێ :

« . . . شیعرەکانی ئاودارو بەتامەو وێنەو شعووری دەروونێکی پڕجۆشو زەمزەمەیە . لەملایەنەوە لە تاهیر بەگی برا گەورەی ئەچوو کە یەکێکە لە شاعیرە بەسۆزەکانی کورد» (٣٩)

---

(٣٦) – لە پەراوێزدا نووسراوە : ئەم نیوە شیعرەی هینی خوالێخۆشبوو تاهیربەگی برایەتی . بەموناسەبەتی ئەوەوە کە لە کەنار سیروان کوژرا ئەم نیوە شیعرەی هێناوە .

(٣٧) – بە ئیملای کەمالی (جی عدنه او ایمەیی جی هیشت له سقردا) ئەکاتە ١٣٥٣ (بڕوانە : دیوانی ئەحمەد موختار جاف . کۆکردنەوەی عەلی کەمال باپیر . سلیمانی . ١٩٦٠ ل ٥٤)

(٣٨) – هەر ئەوێ . ل ٦

(٣٩) – ڕەفیق حیلمی ل ١٣

هەروەها لە باری سەرنجی نرخ‌پێدانی ئەدەبی‌یەوە نووسیویە :

« . . . . بەراستیش ئەحمەد بەگ دڵی بە وەتەن (نیشتمان)و زانستی‌یەوە بوو . لەلایەن پایەی ئەدەبیاتیشەوە ئەم شیعرانەو بەتایبەتی هەندێ لە بەیتەکانی نرخێکی ڕاستی هەیە . . .»(٤٠)

ڕەفیق حیلمی بەراوردێك لەنێوان شیعری ئەحمەد بەگی ساحێبقران (حەمدی) (١٨٧٦ – ١٩٣٦)و ئەحمەد موختاردا دەکات ، لەوێدا شیعری ئەحمەد موختار بەمچەشنە هەڵئەسەنگێنێ .

« . . . شیعرەکانی ئەحمەد بەگی وەسمان پاشایش سادەو ڕەوانەو نموونەیەکی بەنرخی سەلاسەتە . . .»(٤١)

« . . . هەرچی وەکو ئەحمەد موختار بەگە ، وەکو جەنابی ئەمین زەکی بەگ لە تەئریخی سلیمانیدا وتوویە : «سەلیقەیەکی باشی» شیعری بووەو لە سایەی ئەو سەلیقەیەی تەبع و ڕەوانی‌ی فیکرەوە شیعرەکانی لە سادەیی‌و سەلاسەتا پایەیەکی مومتازی هەیە . بەڵام داخەکەم هەردووکیان کە بەهرەیەکی گەورەو بڵندی شاعیری‌یان بووە ، لە سەرچاوەی فیتریی زەکای خۆیانو موحیتی ئەدەبی‌ی سلیمانی بەولاوە ، لە هیچ سەرچاوەیەکی عیلمو ئەدەبی بێگانە نەسیبداری فەیزو هونەر نەبوون»(٤٢)

بەڵام سەیر ئەوەیە کە هەر ڕەفیق حیلمی خۆی پێشی ئەمە وتبووی :

«کوردی‌و فارسی‌و تورکی‌و عەرەبی‌و کەمێکیش ئینگلیزیی ئەزانی»(٤٣) هەروەك لە ڕووی بەراوردیشەوە هەر لەو سەرچاوەیەدا نووسیویەتی :

« . . بە دوور نازانرێ کە لەم‌بەیتەدا لە فەلسەفەی خەیام ئیلهامی وەرگرتبێ :

**بە بێقەدری بەسەریا ڕامەبوورن ، حورمەتی بگرن**
**گوڵاڵەی سووری ئەم سەحرایە خوێناوی جگەرتانە**(٤٤)

---

(٤٠) – هەر ئەوێ ل ١٦

(٤١) – هەر ئەوێ ل ٢٢

(٤٢) – هەر ئەوێ ل ٢٢

(٤٣) – هەر ئەوێ ل ١٤

(٤٤) – هەر ئەوێ .

مامۆستا عەلائەدین سوجادی کە زۆر مەبەسێتی بۆ هەر شاعیرە هۆیەك بۆ بوونە شاعیر دەستنیشان بکات ، خوێندنەوەی شیعر لە کەشکۆڵی مەحمود پاشاوەو شیعری تایەربەگ‌و نالی ئەکات بە هۆی تەقینەوەی شاعیرێتیی ئەحمەد موختارو (٤٥) ئەنووسێ :

« . . . کەوابوو ئەحمەد موختار لەم دەورەدا تەنها ناومالێکەی خۆیان بوو کتێبی شیعری بۆ گرتەوە ، چونکە لەوێدا تاهیربەگی تێدا بوو ، کتێبخانەکەی تاهیربەگیش دیوانچەی شاعیرەکانی تێدا بوو ، سەرەڕای ئەمانەش کەشکۆڵەکە لە بەردەستیا بوو . بەیانی‌و ئێوارانی فیکری شاعیرانی تیایا وەرئەگرت» (٤٦)

ئەگەر بەهرەی شاعیرێتی یەکێك بێت لەو پەنهانی‌یانەی چەند زانستێك تائێستا بە چەند جۆر لێکی‌بدەنەوەو زۆر کەسیش بەرەو لێکدانەوەی میتافیزیقی بەن . ئەوا بە هەرچۆن لێکی‌بدەینەوە ئەبێ ڕەگەزی بەهرەو توانا لای هەموو شاعیرێك دەستنیشان بکەین . لێرەدا مامۆستا سوجادی باش بۆ ئەوە چووە کە دیوانی شاعیران‌و ئالودەیی شیعری ڕۆژهەلأت یەکێکن لە کۆڵەکە پتەوەکانی شاعیرێتیی ئەحمەد موختار . بەلأم تواناو لێهاتوویی شاعیر لەوەدایە کە پێوەندیی بەتینی لەگەڵ سامانی نەتەوەیی‌و ڕۆژهەلأتیی شیعردا بەرەو لاسایی‌و دووبارە کردنەوەی نەبردووە .

هەر بە تاکوتەرا دێڕی ئەوتۆ ئەبینین کە دووبارە کردنەوەی بیر یا وێنەی شاعیرانی‌تر بن . ئەحمەد موختار زۆر لە کەرەسەکانی شیعری کلاسیکیی هێناوە ، ناوو وێنەو دیمەنی «گوڵ‌و بولبول‌و خارو درك» بەناو شیعرەکانیدا بلأوبوونەتەوە ، جاروبار دیمەنی «مۆم»و «پەروانە»ش دیارە ، لە شیعری تەسەوف باسی شێخی سەنعان‌و زوننارو چلیپا وەرئەگرێ‌و لەگەڵ سۆفیاندا بەرەو کێوی تووڕ ئەڕواو تەجەللای «نوور» لە ڕووی دولبەردا ئەبینێ . بەلأم شارەزایانە وشەو وێنەو دیمەن تێك‌ئەشکێنی‌و سەرلەنوێ وێنەی تازەی شاعیرانەیان لێ دروست ئەکات ، کە هونەری خۆی‌و دەنگ‌و ڕەنگ‌و بۆی خۆییان پێوە دیارە .

شاعیر ئەڵێ :

---

(٤٥) – سوجادی ل ٥٤٦ .

(٤٦) – هەر ئەوێ . ل ٥٤٧ .

ئەبێ کاغەز لە بەرگی گوڵ ، قەڵەم جانا لە عەنبەر بێ
کە من مەیلم هەیە ئێستا بنووسم وەسفی ڕوخسارت

یا ئەڵێ :

وا بە یادی ئیغی ئەبرۆی دولبەری بێڕەحمی خۆی
(ئەحمەد)ی عاشق خەریکە ڕۆحی خۆی قوربان ئەکا

شاعیر ئەیەوێ دان بەم داشکاندنەوەو دروستکردنەوەیەدا بنێ کە ئەڵێ :

قافیە هەرچەندە تیکراڕە ، بەڵام (ئەحمەد) بە دڵ
هەر بە یادی تاق ئەبرۆتە کە جار جار نوێژ ئەکا

بەڵام کە ئێمە بێین و بەراورد بکەین ، ئەبینین شاعیر لە کاروانی بەرەوپێش چوونی شیعری نەتەوەکەی خۆی و ڕۆژهەڵات دانەبڕاوە ، بەڵکو شوێنی خۆی و شوێن پەنجەی لە بەرەوپێش ڕۆیشتنی ئەو کاروانەدا دیارەو ئەنجامیش هەر ئەوەبە کە وێنەکان بە دەنگ و بە خامەی تایبەتیی و بە هەنسکی قوڵایی دڵی ڕاسنگۆی ئەحمەد موختار بە زمانێکی تایبەتیی شاعیرانەی خۆی داڕێژراونەتەوە .

نالی ئەڵێ :

لە خەوفی تەلعەتت ڕۆژ هەرەکو شێت
بە ڕووزەردی هەڵاتو کەوتە کێوان

ئەحمەد موختار ئەڵێ :

کە دولبەر خۆی نواند خورشیدی خاوەر زوو فیراری کرد
خەجاڵەت ماو بە زەردی عەزمی پشتی کۆهساری کرد

یا بێخود ئەڵێ :

بۆچی نەڕژی سەیلی سروشکم وەکو باران
بۆچی وەکو یەعقووب نەبمە شوهرەیی شاران

ئەحمەد موختار ئەم کەرەسەیە بەم چەشنە دائەڕێژێنەوە ، با پێش ئەو دایڕشتووە ،

كه ئەڵێ :

**فەسڵێ ئەو ناسك غەزاله ڕۆیی عرشاقی حەزین**
**هەر ئەبێ سەیلی سروشکی خوێن له چاو جاری بکا**

سالم ئەڵێ :

**زمستان مەیل ئەکەی پایز براکەم**
**بەهاری عومری من هاوێنه بێتۆ**

ئەحمەد موختاریش ئەو چوار فەسڵه کۆئەکاتەوەو ئەڵێ :

**دڵم هاوینه بۆ وەسڵی ، بەڵام ئەو مەیلی زستانه**
**خەزانی بۆیه کرد خەڵقینه عومری وەك بەهاری من**

وێنەیەك هەیه گەلێك شاعیر دووبارەیان کردۆتەوەو ڕەنگه به چەند زمان ووترابێتەوه . بۆنموونه کەمالی ئەڵێ :

**دەستێ به زامی سینەو دەستێ به دامەنی تۆ**
**دەستیترم لەکوێ بوو خاکێ بکەم به سەردا**

ئەحمەد موختار ئەڵێ :

**دەستێ که به داوێنی ئەتۆ ، دەستێ به دڵ بم**
**چیبکەم که نیه دەستێ بکەم خاکێ به سەردا**

وێنەو ناوی «حەللاج» بەمچەشنه دەچێته دێڕی شاعیرەوه که دەڵێ :

**بۆ خەرابیو غارەتی مەعموورەیی دڵ چاوەکەم**
**تیپی موژگانت بەدایم لەشکری مەنسوورته**

یا هەر دیمەنی شێخی سەنعان بەمچەشنه دێته شیعریەوه که ئەڵێ :

**شێخی ئیرشادو موریدو سالیكو سۆفیو فەقێ**
**ئەو به یەك نواڕین به جارێ کافروبێدین ئەکا**

مامۆستا سوجادی سەرسامانە بەرامبەر بە دێرێکی ئەحمەد موختار دەوەستێت و ئەیباتە جیهانی فەلسەفەوە و دەیکا بە نموونەی بەهرەو بیری شاعیر. ئەوەبوو ڕەفیق حیلمیش لەو دێرەدا بەراوردی لەگەڵ خەییامدا کرد. بەڵام تۆبڵێی ئەحمەد موختار لەوبارەیەوە بیستبێتی کە ئەبووعەلای مەعەرِری وتوویەتی :

**صاح هذی قبورنا تملأ الأر**
**ض فأين القبور من عهد عاد**
**خفف الوطأ ما أظن أديم الـ**
**أرض الا من هذه الأجساد**

خۆ زۆر پاش ئەحمەد موختار بەدر شاکیر سەیياب وتوویەتی :

**لاتثقلن خطاك فالمبغى «علائى» الاديم**
**ابناؤك الصرعى تراب تحت نعلك مستباح**(٤٧)

بەڵام مامۆستا سوجادی لەسەر حەقە کە بەسەرسامی تەماشای دەربڕینی ئەم بیرە بکات لای ئەحمەد موختار کە مرۆڤو خاك و نیشتمانپەروەریی تێدا تێکەڵ کردووەو ئەڵێ :

**بەخۆرایی لە دەستی بەرمەدەن ئەم خاکە شیرینە**
**کە تۆزی وەك جەواهیر سورمەور کوحلی بەسەرتانە**

دیمەنی گەورەی شیعری ئەحمەد موختار ڕاستگۆیی و زۆر لەخۆکردنە. بەڵێ بەئارەزوو و بۆ بەهرەنووساندن بەلای بەلاغەتگەریدا نەچووە، بەڵام کە سنعەتێکی سەر بە بەلاغەت خۆی هاتۆتە بەردەست، زۆر بە ڕەوانی شتێکی جوانی لێ دروست ئەکا. بۆنموونە سەیری ئەم (جیناس)ە بکە :

**بە خەتا چووبوو خەتای کرد بەخودا موشکی خەتا**
**هاتبوو لافی لەگەڵ پەرچەمی تۆدا لێدا**

---

(٤٧) – بدر شاكر السياب . الديوان . دار العودة . بيروت . ١٩٧١ . ص ٥١٢

ئەگەر فەلەك‌و مۆسیقا لە شیعری کلاسیکیدا پێکەوە بەسترابن‌و سەرچاوەش هەندێ فەلسەفەی کۆن بێ ، ئەوا ئەمیش ئەڵێ :

**زوهرەوو موشتەری ئێستاکە لە خۆشی چاوت**
**وەکو سەرخۆش لە سەما کەوتنە ناو ڕەقس‌و سەما**

شاعیر سوورە لەسەر ئەوەی ڕاستگۆیی‌و ڕەسەنیی خۆی لە مەیدانی شیعرو دەربڕیندا هەمیشە دەربخات . بەڵێ بە شیعری ڕۆژهەڵات‌و وێنەی سووتان‌و قوربانی‌و ناوی عاشقاندا دەچێتەوە . بەڵام ئەنجام هەر شاعیرێکی کوردو عاشقێکی ڕاستەقینە خۆی دەنوێنێ کە شیعر ڕێگەی دەربڕین‌و هەناسەدان‌و باسی سۆزو سووتانی دڵداری‌یەکی ڕاستەقینە بێت لای :

**قەیسی عامیر جێگەیی وادیی دووجەیل بوو چاوەکەم**
**خۆ منیش ئێستاکە وێڵی دەشتەکەی شیروانەم**

یا ئەڵێ :

**وتم : قوربانی تۆ بم (ئەحمەد)ی بێچارە فەرهادە**
**وتی : عاشق بە ڕەعنایی منیش زیاتر لە شیرینم**

دووربوون لە لاسایی هۆی یەکەمی لادانی ئەحمەد مرختارە لە خانەی شیعری کلاسیکی . بەڵام ئەو پێوەندی‌یە بەتینە لە ڕووی شارەزایی‌و زمان‌و وێنەوە یەکێک لە دیمەنەکانی ڕیالیزمی تازە لە شیعری ئەودا ئەنوێنێ . بەم‌چەشنە ئەگەر بابەت‌و باس‌و ڕوخساری شیعری ئەو لە یەک جیابکەینەوە ، ئەوا دووبارە کردنەوەو بۆ دیوانی تەواو بەخشین ڕووکردنە هەموو باسێک نابینین . ئەگەر چەند چەشنە باس‌و بابەتێکیش لە شیعرەکانیدا هەبێ وەک «دڵداری‌و وەسف‌و ستایش‌و هەجوو . . . هتد» ئەوە هەر ڕووداوو هەژانی ڕاستەقینە ئەو شیعرانەی پێ‌ووتووەو بۆ ئەوە نەبووە کە وەک هەموو شاعیرانی کلاسیکی لای خۆش بووبێ کە بڵێن «ئەسپی خۆی لە هەموو مەیدانێکدا تاوداوە» .

دڵداری باسی یەکەمی شیعرە. ڕەنگە لای هەندێ شاعیر وا نەبێ، بەڵام شیعری ئەحمەد موختاریش هەر لەو جیهانەدایە. ئەگەر جیاوازی یەکیش لەنێوان ئەم و شاعیرانی سەردەمی خۆیدا هەبێ، ئەوا ئەوەیە کە لە شیعرەکانی ئەمدا گڕو کڵپەی عەشقێکی ڕاستەقینە ئەبینین.

لە شیعری کوردیدا هەر لە مەلای جزیری یەوە تا سەر ئەحمەد موختارو لای زۆر شاعیر، جیهانی عەشق لەباتی خۆشی و کامەرانی و بەختیاری هەر جیهانی سووتان و بڕژان و قوڕپێوان و تیری موژگان و خوێڕژانی فەرهادە.

لە پێشەکیی دیوانی سەفوەت.. دا باسم لە عەشقێکی ڕاستەقینە کرد، بەڵام نەفرەتم لە چەرخ کردو نووسیم:

«... ئا لەم چەرخەدا شاعیر خۆی نا، تەنانەت منیش هەقی دەربڕینی ئەو پەنهانی یەم نی یەو دەبێ منیش ئەو حیکایەتی عەشقە ببەمە گۆڕەوە»(٤٨)

بەڵێ بە ئاسانی ئەڵێین «جولێت»ی «ڕۆمیۆ»، «لەیل»ی «مەجنوون»، «شیرین»ی «فەرهاد» و «فاتمە»ی بابەتایەرو سەلمای میرزادەی مەلای جزیری و حەبیبەی مالیاوایی نالی. بەڵام ناوێرین ناوی قژکاڵە، لێوئاڵەکەی گۆران و ڕاستی «سب فاتمە»ی هەردی و «. . . .»ی ئەحمەد موختار بێنین. ئەگەر بمانوێرایە ئەوا کەرەسەیەکی تازەی باسی بەراوردو دەسەلاتی شاعیرانەمان بۆ پەیدا ئەبوو. لێرەدا ئەبێ ئەگەر لە پەنهانی زانینەوە بێ، یا بەهۆی شیعرەکان خۆیانەوە بێ ئەوە بڵێین کە سۆزی عەشقێکی ڕاستەقینە لە شیعری ئەحمەد موختاردا دیارەو وەسفی جوانیی زیاد لە دولبەرێکیش ئاشکرایە:

**(ئەحمەد)ی بێچارە بۆ دەردو موسیبەت مایەوە**
**دولبەری بێڕەحمی ئەو سەیرو سەفای بەغداد ئەکا**

وەك وتمان ئەحمەد موختار نموونەی پلەی بەرەو پێشچوون و گۆڕانی شیعری کوردی یە. ڕاستە بابەتی نیشتمانپەروەری دەمێك بوو لە چەند دێڕێکی خانی و چەند

---

(٤٨) - دیوانی سەفوەت. بەغدا. ١٩٨٤. پێشەکی. ل ١٨

قەسیدەی حاجی قادری کۆییدا خۆی نووساندبو . بەڵام ئەحمەد موختار یەکێکە لە
شاعیرانەی لەپاش جەنگی یەکەمی جیهان بناغەی شیعری نیشتمانپەروەری و سیاسی
کوردی‌یان دامەزراندو شیعری کوردی‌یان لە مەیدانی سەرژمێردا بەرەو ئەوە برد کە
زوربەی بۆ نیشتمان و نیشتمانپەروەری تەرخان بکرێ . ئەم پلەی گۆڕانە لە شیعری
ئەحمەد موختار خۆیدا هاوار ئەکات .

شاعیر ئەیووت :

**ئەودەمەی دێن و ئەپرسن لێم مەلائیك مەزهەبم**
**من بە خوێنی دیدە ئەینووسم لە سینەم ناوی تۆ**

بەڵام ئەم وێنەیە لەمەودوا بەمچەشنە گۆڕا کە وتی :

**مەزهەب و دینی لە قەبرا لێ بپرسن وا ئەڵێت**
**خاکی کوردستانە (ئەحمەد) مەزهەب و ئیمانەکەی**

ڕەنگە هەر لە شیعری ئەحمەد موختاردا ئەو دیاردەیە ببینین کە لەنا
قەسیدەیەکی تەواو سەر بە دڵداریدا ، لە ناوەڕاستدا یا لە کۆتاییدا دێڕێکی نیشتما
وەك خورپەی دڵ ، بێگێرانەوە و خۆڕاگرتن خۆی بنوێنێ . ئەگەر لە دیوانەکەدا
ئەم دێڕانەو شوێنیان لەناو قەسیدەکەدا بگەڕێین ئەم ڕاستی‌یەمان بۆ دەرئەکەوێ :

**خوێنی چاوی کوردەکانە بۆ وەتەن شیوەن ئەکەن**
**بۆیە وا لێڵاوو سوورن تانجەرۆو سیروانەکەی**

* * *

**شەشی ئەیلوول ئەزانن ئێوە ئەی قەومی وەفا کردار**
**ئەوە ڕۆژێ بوو دوژمن قەتڵو عامی کوردەکانی کرد**

* * *

**خوێنی پاکی لاوی کوردانە ڕژاوە کێوو کەژ**
**بۆیە وا ئێستا کە سوورە ڕەنگی گوڵناری هەیە**

* * *

**باوەڕ مەکەن بێن بە . . . . کوردی شارەزوور**
**بێ‌ترس ئەڵێم لەڕاستی دڕاوە کلاوەکەم**

ئەم خورپەی لەپڕەو ئەم پلەی گواستنەوەیە زۆر ناخایەنێ کە ئەحمەد موختار خۆی بەرەو مەڵەندێکی تازە ئەچێت و ئەبێ بە پێشڕەوو بانگی شاعیرانی تریش بەرەو لەو سەنگەرە تازەیە ئەکات .

**شاعیرانی کورد : بەسە ، بەس باسی زوڵف و چاو بکەن**
**لەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن**
**لابدەن کەم باسی سونبول ، یا لێ لاولاو بکەن**
**ئەوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن**
**بووبەزوو تا ئیش لە دەس دەرنەچوە ، سا هەوڵێ بدەن (٤٩)**

ئەحمەد موختار پاش ئەمە ئەچێتە ناو جیهانی نیشتمانپەروەری و شیعری نیشتمانپەروەری و سیاسی یەوەو ئێمەش لەگەڵ خۆیدا ئەباتە ناو ئەو جیهانەو هەگەزەکانی بیری سیاسیی ئاشکرای خۆیەوە .

---

**٤٩) – زۆر پاش ئەمە قەدری جان لە شامەوە بە هۆی ژمارە ٨ی ساڵی ٨ی گۆڤاری گەلاوێژەوە نووسیویە :**

**نیشتمان بریندارە ، وەختی ئەفسانە نیە**
**لە بەرچاوان سێدارە ، وەختی بێگانە نیە**
**ئەی جەنابی پیرەمەرد ، ساڵدیدەیی گەرم و سەرد**
**بۆچی تۆ پڕئەکەی دەرد ؟**
**وەختی مەیخانە نیە .**
**ئەی کچە لە چەمچەمال . کچە کورد ، کچە دەلال**
**لە حەد زیادە تو مەنال**
**وەختی گریانە نیە**
**ئەی نالیی دیوانی ، بۆ ماچێك شەیدانی**
**تۆخۆت ئەکەی هەرزانی**
**وەختی قوربانە نیە**
**نیشتمان بریندارە ، لە بەرچاوان سەدارە**
**وەختی عەشقانە نیە ، وەختی مەستانە نیە .**
**(گەلاویژ. ژمارە ٩ ، ١٠ ساڵی ٨ ، ئەیلوول ، تشرینی یەکەمی ١٩٤٧ ، ل ٣٥ ، ٣٦)**

ئەو شاعیرەی لەمەوپێش وتمان بە چیرۆکنووسینو زۆر ڕەفتاری خۆی
پووشکین ئاساو تۆلستۆی ئاسا لە چینەکەی خۆی یاخی بوو ، مەیدا
نیشتمانپەروەری بێڕابەر ناهێلێتەوە ، بەڵکو لەناو هەموو چینو دەستەی ناو کۆمە
کوردەواریدا ڕووئەکاتە خوێندەواران و بیرڕوونا کانو ئەوان بە پێشڕە
چارەسەرکەری دەرمانی گەل دەزانێ :

**کوانێ خەڵقینە لەکوێن فیرقەی مونەووەر تینەتان**
**چونکە ئەو فیرقە ئەزانن دەردو ئازاری وەتەن**

هەر ئەم بیرە سیاسییە ئاشکرایە وای لێئەکات کە شاعیرانە نیشتمانپەروەری
مەعاریف پەروەری (٥٠) یەکبخات :

**بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوشمنان**
**هەموو ئانو سەعاتێ عەینی قەڵغانو سوپەرتانە**

یا :

**دەمێکە ئەم ولاتە وا ئەسیری پەنجەیی جەهلە**
**لە سایەی عیلمەوە ئیمڕۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە**

ڕۆژنامەو چاپخانە لای ئەم شاعیرە بیرڕووناکەزانست پەروەرە ، هۆی گەورە
پێشکەوتنو بۆ گۆڤاری «بانگی کوردستان» ئەنووسێ :

**باعیسی پێشکەوتنی ئەم قەومەیە ئەو مەتبەعە**
**ئەلحەق ئەمڕۆ خاکی کوردستانی زێبا کردەوە**

شاعیر هەندێجار لەم مەیدانەدا پێی لێ هەڵبڕێو ئەڵێ :

**غەیری مەکتەب بۆ تەداوی ئێمە هیچ دەرمان نییە**
**هیچ سیلاح چاتر لە عیلمو سنعەتو عیرفان نییە**

---

(٥٠) — مەعاریفپەروەری ، یا ڕێبازی ڕۆشنبیریو ڕابەرین. چەشنە دیاردەیەکە لە شیعرو نووسی
زۆر لەگەلاندا هەیە . جان جاك رۆسۆ نموونەیەکی گەورەیەتی . لای ئێمە لە حاجی قادرەوە دەس
پێدەکاتو زۆر شاعیر یا سەر بەو ڕێبازە بوون یا دەتی ئەو ڕێبازە لە شیعریاندا دیارە
ئازەریەکان بەمانە ئەڵێن مەعاریف پەروەر .

بەلأم وەك وتمان بیرێکی سیاسیی ئاشکرای هەیەو بیرەکە هەر ئەوە نی یە کە کورد
چوارچێوەی ئەم زانستپەروەری یەدا ڕابگرێ .

**خەو هەستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە**
**موو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵو هونەرتانە**
**سا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبی یێکەس و مەزڵووم**
**گورجی ببڕن ئەو ڕێگە دوورە وا لەبەرتانە**

شاعیر بەئاشکرا ڕێگەی ئەو لەخەوهەستانو تێکۆشانەو مەبەس و ئەنجامی
ستنیشان ئەکات :

**ن قرانی موددەعی دەسپێئەکەن تەعمیری موڵك**
**گەیی ئاسن ئەچێتە خاکی هەورامانەوە**

ئەحمەد موختار هوشیارانە پەنجە بۆ یاری و درۆی دەوڵەتە ئیمپریالی یەکان
ێژئەکاو ئەڵێ :

**ە قەراری عوسبەیە خەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ**
**ر قسەی ڕووتەو قسەش ناچێتە نار گیرفانەوە**

که به دیوانی ئەحمەد موختاردا دەچینەوە ، وەك زۆر دیوانی تری شاعیرانی پێشوو
شەی «مەخابن» بۆ ئەوە تۆمار ئەکەین که میژووی نووسینی زوربەی شیعرەکانی ، یا
ن و پێشیان دیار نین . لەبەر ئەوە لەو تەمەنە کورتەی ئەویشدا جەمسەری گۆڕین و
ن و پێشیی بیرمان لەدەستئەچێ . بەڵأم لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەبێ پەنجە بۆ
ندێ بیری شاعیر دڕێژ بکەین .

شاعیر زۆر جار لەسەر پێڕەوی شیعری کلاسیکی زەمی ڕۆژگارو دەوران ئەکات .
ڵم زیاتر ئەم زەمە بەرەو بیری هەندێ لە شاعیرانی ئەم سەردەمەی ڕۆژئاوا ئەبات و
ای خۆش ڕابواردن و فرسەت لەکیس نەدان ئەکات :

**ە وا دایم لە عەیش و شادمانی ر عیززەتا**
**لی عیرفان و کەمال ئێستاکە زاری ر شین ئەکا**

دوژمنه چەرخی نەهەك ، بۆ پیاوی ساحێب عەقڵو هۆش
ڕووی کەرەم دایم لە هەرزەو شێتو بێتەمکین ئەکا

یا ئەڵێ :

زەمانە چونکە خۆی ئەسڵەن بەقای بۆ کەس نیە تا سەر
تەماشا کەن هەمیشە بۆ کەسانی بێوەفا چاکە
لە وەزعی چەرخی دوون پەروەر مەبە تۆ عاجز ئەی (ئەحمەد)
کە چەند ڕۆژێ لە بۆ ئەشخاسی سوفلەو بێحەیا چاکە

یا ئەڵێ :

ڕەفیق هیچ غەم مەخۆ خۆش ڕابوێرە فرسەتە ئێستە
بزانە تۆ لە دنیادا لەبۆ چەند ڕۆژێ میوانی

هەر ئەمە تاوێك لەو عەشقە ڕومانتیکیەی خۆیی دوور ئەخاتەوەو ئەڵێ

دورسمینو ، مورشکافی تۆ ئەگەر نازانی خۆت
ئەحمەدی خاڵۆت هەمیشە پیشەیی ئوستادیەیە

هەندێ جار شاعیر لەم ژیانو جیهانە ووردئەبێتەوەو ئەنووسێ :

بەڵێ بازاری دەهرە ، وا یەکێ سۆفی ، یەکێ شێخە
یەکێ جێگەی خەراباتە ، یەکێ بێهۆشی تریاکە

ئەحمەدموختار سەر بە تەسەوف نەبووە ، بەڵام کەرەسەی شیعری سۆفیان ز
جار چۆتە ناو شیعریەوە . ئەوەبوو باسی شێخی سەنعانو چلیپاو زوننارمان‌کر
دیمان لە کێوی توور (نەعلەین) یا کەوشەکانی دائەکەنێو چاوەڕێی تەجەللا
دولبەرە .

کە هەر لەسەر پێڕەوی شاعیرانی سۆفیی وەك مەحویو شێخ‌ڕەزاش
هەڵئەسێ ، دیوی ئەودیوی شیعری سۆفی دووبارە ئەکاتەوەو ئەڵێ :

وشکە سۆفی هانبرو ئەیووت بەهەشت هەر بۆ منە
ڕیشی خۆی جورلاڵن وەکو سابرێن کە شەو کاوێژ ئەکا

ی خووا توججاره ، خرا گەورەو غەفوورو عادله
ژن لەگەڵ عەبدا حیسابی قەرزی ڕۆژوو و نوێژ ئەکا

## زمان له بەرهەمی شاعیردا :

مامۆستا سوجادی که لا بەلای زمانی شیعرەکانی ئەحمەد موختاردا ئەکاتەوه ، له
رەتاو تێکەڵیی زمانەکەی ئەدوێ . یا بڵێین لەو ماوەیه ئەدوێ که زمانی شیعری ئەو
ر به زمانی شیعری کلاسیکی بووەو پاش ئەوه له گۆڕانی ئەو زمانه ئەدوێ ئەڵێ :

« . . . ئەکەوێته سەرئەوه کەزمانی کوردی زمانێکی ئەدەبی‌یەو به هەموو جۆر
ەی ئەوەی هەیه که خزمەت بکرێو له ووشەی بێگانەدوور بخرێتەوه ، دێنێ ئەم
چکەیه ئەشکێنێو بەو نیازه دەست ئەکا به ووتنی شیعری کوردیی پەتی ، که ئەمه
ئەو سەردەمه نیشانەی گیانێکی پاك‌و هەستێکی بەرز لەودا دەرئەخاو قەومیەتێکی
ژین بەئاشکرا ئەنوێنێ »(٥١)

بەڵێ زمانی شیعری کوردی به سێ پلەدا ڕابورد :

— پلەی کلاسیکی‌و تێکەڵیی شیعر له ووشەو موفەردات لەڕووی زمانەوه .
— پلەی شیعری ڕۆمانتیکی‌و نزیکیی زمانەکەو وشەکانی له زمانی شیعری
مانی‌یەوه .
— پلەی کوردیی پەتی .

هەرچەندە زوربەی شیعری ئەحمەد موختار سەر به پلەی یەکەمن ، بەڵام لەو
شدا زۆر لەخۆکردن‌و بەدوای وشەدا گەڕان نابینین ، بەڵکو ئەو وشانە بەهۆی
تدنەوەو شیعری کلاسیکیی ڕۆژهەڵاتەوه چوونەته ناو دەروونی شاعیرەوەو به
تی‌و ئاسایی‌و بێ زۆر لەخۆکردن دەڕەڕیونەتەوه .
ئەحمەد موختار شاعیری پله‌و تەمەنی عەبدوڵڵا گۆرانه ، شاعیری ئەو سەردەمەیه
ڕیەمێرد له ئەستەموڵ هاتبووەوەو دەستی دابووه شیعر نووسین . ئەگەر ئەو
ەوەی کوردیی پەتی‌یەی ، به ناوی پیرەمێردو گۆرانەوه تومار ئەکرێو شاعیرانی

---

(٥١) — سوجادی . ل ٥٥٣ ، ٥٥٤ .

سالانی چل‌وپه‌نجاو له‌وه‌دوا هه‌ر ئه‌وه‌یان کرد به زمانی شیعری خۆیان له‌لای
شاعیرانی‌تری وه‌ك «حه‌مدی‌و زێره‌رو که‌مالی‌و سه‌لام‌و بێکه‌س...» هتد.
جێگه‌ی خۆی نه‌گرتبێ، ئه‌وا ئه‌حمه‌د موختار هه‌ر له سه‌ره‌تای گواستنه‌وه‌ی
گۆرانه‌وه له پله‌ی دووه‌می ئه‌م دابه‌شکردنه‌وه بۆ پله‌ی سێیه‌م، یا ڕه‌نگ
پێش‌ئه‌وه، له پله‌ی یه‌که‌مه‌وه به‌کسه‌ر ئه‌چێته سه‌ر پله‌ی سێیه‌م‌و له‌مه‌شد
پێشڕه‌وی‌یه‌ك بۆخۆی تۆمار ئه‌کات. له‌و ده‌ستنووسه‌دا که به خه‌تی شاعیر خۆی
ماوه، هه‌ر به خه‌تی خۆی لای هه‌ندێ قه‌سیده ده‌ست‌نیشانی ئه‌وه‌ی کردووه ک
ئه‌مانه به‌کوردیی په‌تی نووسراون‌و ووشه‌ی زمانی‌تریان تێدا نی‌یه.

به‌داخه‌وه وه‌ك ووتمان - میژووی نووسینی هه‌موو شیعره‌کان دیار نین، ت
به‌دڵنیایی‌یه‌وه بڵێین ئه‌حمه‌د موختاریش وه‌ك پیره‌میرد و گۆران هاته‌سه‌ر کوردیی په‌تی
نه‌گه‌را یه‌وه سه‌ر ئه‌و زمانه تێکه‌ڵه. به‌ڵام ئه‌م چه‌ند قه‌سیده کوردی‌یه په‌تی‌یه‌و ئه
نیشانه‌یه‌ی خۆی، ئه‌وه‌نده‌مان بۆ ده‌رئه‌خه‌ن که ئه‌م شاعیره به‌دیمه‌نه‌شمان هه‌ر ل
سه‌ره‌تای په‌یدابوون‌و گواستنه‌وه‌ی زمانی شیعره‌وه ده‌ستی له دانانی ته‌لاری ئه‌م زمان
تازه‌یه‌ی شیعری کوردیدا هه‌بووه‌و له‌گه‌ڵ «گۆران‌و پیره‌میرد»دا بووه‌و وه‌ك هه‌ندی
شاعیری دیاری‌تری سه‌رده‌می خۆی پشتی تێ‌نه‌کردووه. به‌مه‌ش هه‌ر جێگه‌ی خۆی
له کاروانی میژوو و پێشکه‌وتندا به‌ئاشکرا ده‌ست‌نیشان ئه‌کات.

ئه‌وه‌نده‌ش له‌م تێ‌بینی‌یه زیاد ئه‌کرێ که ئه‌حمه‌د موختار به‌و زمانه تێکه‌ڵه زیات
غه‌زه‌لی بچووکی وتووه، که‌چی به‌م کوردی‌یه په‌تی‌یه قه‌سیده‌ی دڕێژی هه‌یه. هه
ئه‌م لێ زیادکردنه به‌جۆرێکی تریش ئه‌وتڕێت. ئه‌ویش ئه‌وه‌یه که شیعری دڵداریی
ئه‌حمه‌د موختار ئه‌چێته قاڵبی غه‌زه‌لی بچووکه‌وه، به‌ڵام زۆر له شیعره نیشتمانی‌یه‌کانی
قه‌سیده‌ی دڕێژن. ئه‌توانین بڵێین له‌وی یه‌که‌مدا ته‌جروبه‌که یا بیرو سۆزه‌ک
خه‌ست‌کراوه‌ته‌وه‌و له غه‌زه‌لێکی چه‌ند دێڕیدا داڕێژراوه. به‌ڵام ئه‌میان که هه‌مو
خاك‌و مرۆڤ‌و مه‌سه‌له ئه‌گرێته‌وه، به‌و خوێنی گه‌رمی‌یه‌ی شاعیر ئاودراوه‌و مه‌وداي
پان‌و به‌رینی چه‌ند قه‌سیده‌ی ویستووه. یا ئه‌توانین به ئیستیلاحی ڕه‌خنه‌گره کۆنه‌کان
بڵێین له باسی دڵداریدا هه‌ناسه‌ی کورته، به‌ڵام که دێته مه‌یدانی نیشتمانپه‌روه‌ری‌یه‌و
نه‌فه‌سێکی دڕێژی هه‌یه. ئێ‌ئه‌وه‌ی له‌مه‌ی دووایدا ئه‌و هه‌ناسه دڕێژه پله‌ی به‌رزیی

یعرەکانیی هێنابێتە خوارەوە . لێرەدا رەنگە بڵێم ناوەڕۆکو ڕوخسار ، واتە شتمانپەروەری و کوردیی پەتی بەچەشنێک ئەچن بەناویەکدا کە شیعری جوان و سەنی تازە دەهێننە کایەوە .

**بەرهەمی ئەحمەد موختار :**

وەک لە چەند شوێندا باسکراوە . ئەحمەد موختار تا بلاوبوونەوەی «مەسەلەی یژدان» لە ساڵی ١٩٧٠دا ، هەر بە شاعیر ناسرابوو بە سۆزو ڕاستگۆیی و وێنگەرمیی شیعرە نیشتمانی‌یەکانی گوێی چەند نەوەو پشت ئەزرنگایەوەو ئەو یعرانەی لەبەر ئەکران و ئەووترانەوە . کە ئەو چیرۆکە چاپکرا ناوی ئەحمەد ختاری لە میژووی ئەدەبی کوردیدا بە تاقە چیرۆکێک بردە ڕیزی سەرئامەدانی یرۆکی کوردی و ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگریی کوردی‌یەوە .

باسی ئەم دیوانەو شیعرەکانی لەمەودوا ئەکەین . هەرچی پەخشان و چیرۆکە ، وە بلاوکردنەوەی ئەو دەستنووسە ناتەواوەی «مەسەلەی ویژدان» ئاشکرایە . بەڵام چەند شوێن باسی ئەوەش هەیە کە ئەحمەد موختار لەپاڵ «مەسەلەی ویژدان»دا ڕو چیرۆک یا دوو ڕۆمانی‌تری هەبێ .

مامۆستا شاکیر فەتتاح لە باسی گەشتێکدا کە ساڵی ١٩٣٣ بۆ هەڵەبجەو ەورامانی کردووە[٥٢] ئەنووسێ :

« . . کە گەڕاینەوە ماڵی پاشا ، (ئەحمەد بەگ) لە دیواخانەکەیدا دانیشتبوو . ر گیان سووکو ڕووخۆشم هاتە پێش‌چاو . باسی وێژەی کوردیم لەگەڵ کردەوە . لە مەڵە هۆنراوەکانی خۆی گەلێکی بۆخوێندینەوە . قسەکانی ئاودارو ناسک بوون . سی دڵداری و نیشتمانپەروەری‌یەکی یەجگار بەهێزی ئەکرد . بەڕاستی ۆشخوانی‌یەکانی لە چێشکەدا لە هۆنراوەکانی (طاهر بەگ)ی برای کەمتر نەبوون . ەحمەد بەگ) نیازی هەبوو لەچاپیان‌بدات . بێجگە لەوە ئەیگوت :

---

٥) – مامۆستا شاکیر فەتتاح لەم نامیلکەیەدا وەسفێکی جوان و باسی ماڵی پاشاو ژیانی ڕۆژانەی ئەو سەردەمەی کردووە کە بەڕاستی بۆ باسی فراوانی ژیانی ئەحمەد موختار دەستئەدات .

«چیرۆکێکی کاریگەری قوربەسەربی کوردم نووسیوەتەوە . ناوەسەنیی بێگانە پیشانئەدات . چاوی کورد ئەکاتەوە . بۆی‌گوت : «گوێ نادەمە دڵو ئارەزووی میری . قسەی سەربەستی ڕاستی خۆم هەر ئەکەم . بەوانەوە نەبێ لە چاپی نادەم» . گوتی : «شتێکی تریشم بەدەستەوەیە . ڕەنگە ئەم زستانە تەواوی بکەم»(٥٣)

وەك دەرئەکەوێ ئەحمەد موختار لێرەدا باسی «مەسەلەی ویژدان» ناکات . بەڵکو باسی دوو چیرۆکی تر ئەکات .

لە ساڵی ١٩٨٤دا لەگەڵ کاك ئەفراسیابدا چووینە هەڵەبجە . سۆراخی ئەم چیرۆکانەشمان کرد . حیلمیی شاعیر (محەمەدی شێخ حسین) مابوو . کوێر بووبوو . ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکانەی دەزانی‌و ناوی ئەنان (ڕۆمان) . بەدڵنیایی‌یەوە ئەیووت : دەستنووسیان لای من بووەو ئێستا لای‌کورەکەمە . لەو سەفەرەدا کورەکەیمان نەدی . تائێستاش سۆراخ‌کردنی کاك ئەفراسیاب‌و من نەگەیشتە مەبەس . هیوامان‌وایە ئەمانەش وەك «مەسەلەی ویژدان» مابن‌و لای کەسێکی بەویژدان بن . بە هەر ڕێگەیەکدا بێت ، بیانگەیێنیتە گەلی کورد .

**ئەم دیوانە :**

سەرەتا کاك مەحموود زامدار ساڵی ١٩٧٤ چەند قەسیدەی ئەحمەد موختاری لە گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ» دا بە کۆمەڵێ بەراوردەوە بڵاوکردبۆوە . دیاربوو پاش‌ئەوە سەودایەك خستبوویە سەر کۆکردنەوەی هەمرو دیوانی شاعیر . لە ساڵی ١٩٨٢دا داوای لێ کردم کە ئیزنی کۆکردنەوەو بەچاپ‌گەیاندنی هەموو دیوانی شاعیری لە کاك ئەفراسیابی کورە گەورەی شاعیر بۆ وەرگرم . بە یەکم ناساندن ، کاك‌ئەفراسیاب لەپاڵ ئیزن‌دانا ئامادەیی خۆی بۆ هەموو یارمەتی‌یەك پیشان‌دا . هانی کاك زامدارم دا بۆ کەوتنە ئیش . لەو ماوەیەدا کە ئەو خەریك بوو ، کاك ئەفراسیاب لە چوونێکی سلێمانیدا (کاك ئومێد کاکەڕەش)ی دیبوو و وەك دەرکەوت ئەویش

---

(٥٣) – شاکر فەتاح . گەشتی هەڵەبجەو هەورامان لە ساڵی ١٩٣٣دا . سلێمانی ، ١٩٧٣ . ل ١٧
تێبینی : مامۆستا شاکیر فەتتاح لە بینینکدا ئەم قسانەی دووبارە کردەوەو وتی : ئەحمەدبەگ ئەیووت : حکوومەت بیەڵێ‌و نەبەڵێ من هەر چاپی ئەکەم .

دەمێك بوو بە دیوانی ئەحمەد موختارەوە خەریك بوو بە حیسابی خۆی کارەکەی گەیاندبووە ئەنجامو هەموویی بە کۆکراوەیی داینێ .

بەرامبەر بە بوونی دوو نوسخە . (ئەوەی زامدار کە هێشتا وەرنەگیرابوو و ئەوەی ئومێد کە وەرگیرابوو) ، کاك ئەفراسیاب بریاری ئەوەی دا کە من سەرەوکاریی دیوانەکە بکەم ، بەتایبەتی کە لە هەندێ لاوە ئەمانبیست کە چەند کەسی تر بەم ئیشەوە خەریکن . پاش ئەو بڕیارە کاك زامدارو کاك ئومێدم دی و ئەمان بەم ئەنجامە رازی بوون . لەگەڵ ئەوەشدا کاك ئەفراسیاب بانگەوازێکی لە «هاوکاری» و «بەیان» دا بڵاوکردەوەو داوای ئەوەی کرد کە هەموو لا یارمەتیمان بدەن . پاش ئەوە کاك عوسمان هەورامی لە هاوینی ١٩٨٤ دا هاتەلام و باسی ئەوەی بۆ کردم کە ئەو زۆر شیعری ئەحمەد موختاری لابووەو داوێتی بە کاك ئومێدو خۆی کارێکی زۆری لەم مەیدانەدا کردووە . پەیمانی دا کە ئەویش ئەنجامی ئەو کارەمان بداتێ . بەڵام بەداخەوە تا تەواوکردنی ئەم ئیشەی ئێمە هیچ دیار نەبوو .

بەهۆی بانگەوازەکەوەو بە کۆششی کاك ئەفراسیاب دەستخەتێکی تازەمان لە هەڵەبجە دەستکەوت . هەروەها مامۆستای قوتابخانەی (دێی ئەلی) لە دەوری سلیمانی کاك جەمال عەزیز سالح دەستنووسێکی دیوانی ئەحمەد موختاری داینێ کە بە خەتی مامۆستا نەجمەدین مەلا نووسراوەتەوە . هەروەك بەدەم کارکردنەوە لە بەراوردکردنی نوسخەکانو لێکدانەوەی ووشەکانیدا لە کتێبخانەی گشتیی سلیمانی بە یارمەتی ی کاك یاسین بەرزنجی ی خوشکەزام بە ڕۆژنامە کۆنەکاندا گەڕاینەوەو هەندێ شیعرمان دەستکەوت کە لەو نوسخانەی تردا نەبوون .

بەم جۆرە ئیتر کارەکە ئەوەندە چاوەڕوانیی پێویست نەدەکرد ، دەستم دایە بەراوردی ئەو نوسخانەو ئامادەکردنی ئەم چاپە .

**وەسفێکی نوسخە دەستنووس و چاپکراوەکان :**

١ — ئەو دەستنووسەی لە پەراوێزدا ناومان نا «خۆی» :

ئەم دەستنووسەمان پاش بلاوکردنەوەی ئەو بانگەوازە لە هەڵەبجە دەستکەوت . دەستنووسەکە لەناو دەفتەرێکی مام ناوەندیی خەتخەتی ئینگلیزیدا نووسراوەتەوە .

(٦٨) غەزەل‌و دوو چوارینی تێدایە . بەشێکی بە خەتی شاعیر خۆیەتی یا بە مەرکەبێکی مۆر یا بە قەڵەمی قۆپیە نووسراوەتەوە . بەشێکی‌تری بەمەرەکەبی ڕەشی چینی بە خەتی عەلی کەمالی باپیر ئاغا (کەمالی) نووسراوەتەوە . بەڵام کە لە هەندێ شوێندا کەمالی وشەی گۆڕیوە ، شاعیر بە خەتی خۆی وشەکەی خستۆتەوە جێی خۆی . چەند پارچەیەکیشی بە خەتێکی‌تڕە .

٢ — ئەو نوسخەیە بوو کە ووتمان کاك جەمال عەزیز سالّح کە شایانی سوپاسێکی بێ‌پایانە پێشکەشی کردین‌و بە خەتی مامۆستا نەجمەدین مەلا نووسراوەتەوە .

دەستنووسەکە یەکێکە لەو دەستنووسانەی دیوانی شاعیر کە لەلایەن مامۆستا نەجمەدین مەلاوە نووسراونەتەوە . چونکە وەکو ئەزانین مامۆستا لەپاڵ دەرس‌وتنەوەدا خەریکی کارێکی وەکو کاری (نەسساخ)ە کۆنەکانیش بووە ، دیوان‌و کەشکۆڵی بۆ هەندێ‌کەس ئەنووسی‌یەوە ، ناواخنی ئەم دیوان‌و کەشکۆڵانەش زوربەی بە کۆششی خۆی کۆکرابوونەوە ، یان دەست خرابوون .

ئەم دەستنووسەیان بریتی‌یە لە ١١٢ لاپەڕەی مام‌ناوەندی‌و بە مەرەکەبی ڕەشی چینی نووسراوەتەوە . (٩٢) پارچە شیعری تێدایە کە لەسەرووی هەریەکەیانەوە تیپی (غ)ی نووسیووەو ژمارەیەکی لاوە داناوە . واتە غەزەلی ژمارە ئەوەندە .

بەداخەوە ئەو بەشەی دەستنووسەکە کە کاك جەمال داینێ لە لاپەڕە (٤٣)و غەزەلی (٤٢) هەمەوە دەستپێدەکات . پەیمانی داینێ کە بەشی یەکەمیان بۆ بدۆزێتەوە . بەڵام دیاربوو کە نەدۆزراوەتەوە . وەکو بۆی گێڕاینەوە کاتی خۆی مامۆستا نەجمەدین مەلا ئەم دیوانەی داوە بە کاك (عەلی عەزیز سالّح)ی ئەندازیار کە برای کاك جەمالەو ئێستا لە دەرەوەی ولاّتە . نووسەرەوە لە دووالاپەڕەدا نووسیویە :

« . . بە یادیدەی خوا دیوانی شاعیری بەناوبانگ احمد مختار بگ تەواوبوو لە شەوی ٢ی کانونی یەکەم سالی ١٩٤٧ م لە مرکزی قضای رانیە بە قلم ماموستا نجم‌الدین ملا» .

ناوەکەی خۆی دووبارە کردۆتەوەو ئیمزاشی کردووە . ئەم نوسخەیە لەپاش ئەوەی یەکەم پشتی پێ بەسترا . لە پەراوێزدا ناونرا (نج) .

٣ – نوسخەکەی کاك ئومێد کاکەڕەش کە لە سەرەتادا بڕبڕەی پشتی ئیشەکەمان بوو . بەڕاستی کاك ئومێد هەوڵێکی زۆرو مەردانەی داوە . تێکڕا بە قەسیدەی «شازادەی دەوران»ەوە (١٠٠) پارچە شیعری ئەحمەد موختاری نووسیوەتەوە .

سەرچاوەی ، کۆکردنەوەو نووسینەوەی کەشکۆڵێکی کاك ئەنوەر ڕەحیمی ئامۆزای بووە کە ساڵی ١٩٦١ کەوتووەتە لای‌و ٨٠ پارچە هۆنراوەی شاعیری تێدا بووە . هەروەك کەشکۆڵێکی مامۆستا نەجمەدین مەلاشی دەستکەوتووە کە (٣٧) پارچە هۆنراوەك تێدا بووە کە زوربەیان لای خۆی هەبوون . هەروەها کاك ئومێد چۆتەوە سەر ئەو دوو دیوانەی ئەحمەد موختار کە عەلی کەمال‌باپیرو گیوی موکریانی چاپیان کردوون‌و کاك مەحموود زامداریش هەموو ئەو شیعرانەی پیشانداوە کە لای بوون . هەروەك ئەو شیعرانەشی سەرلەنوێ نووسیوەتەوە کە کاك زامدار لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا بڵاوی‌کردوونەتەوە . هەروەك ئەو قەسیدانەشی نووسیوەتەوە کە تەنیا لە مێژووی ئەدەبی کوردیی مامۆستا عەلائەدین سوجادیدا هەبوون .

کاك ئومێد لە پەراوێزدا ئیشارەتی جیاوازیی شیعرەکانی لای خۆی‌و دوو دیوانە چاپکراوەکەو نووسینەوەکەی مەحموود زامداری کردووە .

ئەم نوسخەیەمان لە پەراوێزدا ناوناوە (ئو) .

٤ – نوسخەکەی کاك مەحموود زامدار کە ئەمیان پێش‌بینین‌و وەرگرتنی هاندەری کاك ئەفراسیاب‌و من بوو بۆ چوونە مەیدانی ئەم کارەوەو ، بەکەم سوپاسیش لەم‌ڕووەوە هەر بۆ کاك زامدارە .

ئەم دەستنووسە ٨٧ پارچە هۆنراوەی شاعیری تێدا بوو لەگەڵ پارچەی (شازادەی دەوران)و تەخمیسەکەی شاهۆ .

ئەم نوسخەیە لە ئیشکردنا کەمێك ماندووی کردم ، چونکە بۆ دۆزینەوەی هەموو پارچەو دێڕێك ئەبوو لاپەڕەی هەموو دەفتەرەکەی هەڵدەمەوە . قەسیدەکانی لە سەرچاوەکانەوە وەرگرتووە . بەڵام چەند قەسیدەیەك نەبێ ئیشارەتی سەرچاوەی ئەوانی‌تری نەکردووە . تەنانەت بەپێی تیپی دوایی قەسیدەش نەنووسراوەتەوە . سەرفراز بێ ، بایەخێکی گەورەی نوسخەکەی لەوەدایە کە نامەیەکی لەگەڵدا بۆ ناردووم‌و ئەڵێ :

«چاوەکەم . . بەر لە دە ساڵ دەق لە ڕۆژی ١٩٧٤/٥/١١دا دەسم کرد بە بلاوکردنەوەی (١٩) پارچە شیعری تازەی ئەحمەدی موختارو (٤)یشم لەبەر ئەو دەسنووسەی کە دەستم کەوتبوو ڕاست و ڕێک و کۆک ساغ کردەوە . تێکڕای گەیشتە (٢٣) قەسیدەی تەواو . لە هەمان کاتیشا پێشەکی یەکی وردم بۆ نووسیبوو ، لەئەنجامیشا هەموو ئەو شیعرانەی لە چاپەکەی مامە گیودا بلاوکرابوونەوە ، لەبەر دەسنووسەکە یەکە یەکە تەتەڵەو بژارم کردبوو . بۆیە تکا ئەکەم گەر پێت کرا بەوردی سەیری ژمارەکانی (١٧–١٨–١٩)ی «ڕۆشنبیری نوێ»ی ئەوستاڵە بکە . لامواید ئەگەیتە چەند ئەنجامێک و لەوانەیش کەس بە ڕای من ئەو دەس پێشکەری یەی نەکردووەو کەسیش بەراوردی ووردی شیعرەکانی چاپ و دەسنووسەکەی نەکردووە .

* ئەمەیان وا . (٢) پارچە شیعر کە بەکێکیان پێنج خشتەکی یەکە لە کەشکۆڵی مامۆستا (حەمەبۆر) لەتەک تا کە شیوەنامەیەکی عەلی کەمال و بەکێکی کەی پیرەمێردم وەرگرتووە . لەپاڵ قەسیدەیەکی کەی کە لە پەخشنامەی (سلێمانی)ی سالی ١٩٦٩ دەرم کردووە .

بەمەیش تێکڕا هەوڵەکەم ئەبێ بە (٢٥) پارچە شیعرو دوو شیوەنناموو پێنج خشتەکی یەک ، سەرباری گەرانو سوورانم بەنێو (بانگی حەق)و (ڕۆژی کوردستان)و (ژیانەوە)و (ژین)و (کۆهستان)و (سلێمانی)و گۆڤاری (کۆلێجی ئەدەبیات)دا» .

مەحموود زامدار لەپاڵ ئەم نووسینەدا لە ناوەوە ئیشارەتی ئەوەی کردووە کە ئەو کەشکۆڵە ناوی «مینای شکستە»یەو بە خەتی مامۆستا نەجمەدین مەلا نووسراوەتەوەو ئەم بەرگی (١ ، ٣)ی لای کاک حەمەبۆر دیوە . هەروەک ئەسبەیەکیشی لە (بەیازی شەنگ)ی حەمەبۆرەوە وەرگرتووە . چەند دێڕێکی تاکیشی تیایە ، کە بەشی قەسیدەی ترەو لە دیوانەکەدا هەبوون .

ئێگومان بۆ بەراوردو ڕاستکردنەوە سوود لەم نوسخەیەش بینرا کە لە پەراوێزدا (ز)مان ناونا .

٥ – دیوانه چاپکراوەکەی کە ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن عەلی کەمال باپیرەوە چاپکراوە . ئەم دیوانە تەنیا ٣٠ قەسیدەی شاعیری تێدایە . دیارە ئەم سی قەسیدەیە بەلای کەمالییەوە هەڵبژاردەی شیعری ئەحمەد موختار بوون .

عەلی کەمال دەستکاریی هەندێ شوێنی شیعرەکانی کردووە کە دیارە بەلای خۆیەوە بەوچەشنە باشتر بووە . لە پەراوێزدا ئیشارەتمان بۆ ئەو دەسکاریانەی کەمالی کردووە . بە مەبەسی ئەوەی بەراوردی پێڕەوی هەردوو شاعیر بکەین .

ئەم نوسخەیەمان لە پەراوێزدا ناوناوە (ع) .

٦ – چاپەکەی مامۆستا گیوی موکریانی کە ٨٠ لاپەڕەیەو (٦٦) پارچە شیعری تێدایە ، ٣٠ پارچەکەی چاپی پێشووی تێدا دووبارە کراوەتەوە . لە پەراوێزدا ئیشارەتی ئەو جیاوازییانەشمان کردووە کە لەنێوان ئەم چاپەو دەستنووسەکاندایە .

ئەم نوسخەیە لە پەراوێزدا ناونراوە (گ) .

**پێڕەوی ئامادەکردن :**

وەك ووتمان ، بەمەبەسی ئامادەکردنی پوختەیەکی نزیك لەوەوە کە ئەبێ شاعیر بەجۆرەی نووسیبێ ، بەوچەشنەی باس کرا ، نوسخە دەستنووس و چاپکراوەکانمان داناو قەسیدەکانمان بەوچەشنە لە ڕاستترین سەرچاوەوە (بەلای خۆمانەوە) وەرگرت و هەر لە تێکستی قەسیدەکەدا ژمارەمان بۆ پەراوێز لای ئەو ووشەو دێڕانە دانا کە لە نوسخەی تردا جیاوازییان تێدایە . بەمڕەنگە پەراویزەکانمان لەژێر هەموو پارچە هۆنراوەیەکدا کرد بە دوو بەشەوە . بەشی سەرەوە ژمارەکە نیشانەی جیاوازییەو لەخوارەوە دەستنیشانی نوسخەی جیاوازو جیاوازییەکە کراوە .

بەشی دووەم ، ژمارەکە نیشانەی ژمارەی دێڕە لە پارچەکەداو ئەگەر ووشەیەك لەودێڕەدا پێویستی بە لێکدانەوە بووبێ ، ئەوا لێکدراوەتەوە .

زۆر جار هەندێ وشەی سادەو ساکارم لێکداوەتەوە ، ڕەنگە مەبەس هەر بۆ تێگەیاندنی خوێنەر نەبێ . بەڵکو بۆ مەبەسی کەرەسەی زمانەوانی و بەراوردو وشەی لەیەکچوو ئامادەکردن بێت . هەروەك ئەشبینین بەرە بەرە نەوەیەك پێدەگات کە بناغەی خوێندنەکەی بە کوردیی پەتییەو لەو وشانەی شیعری کلاسیکی ناگات کە

هەندێکیان کوردین و هەندێکیان لە شیعری زمانانی تری ڕۆژهەڵاتەوە وەرگیراون ، یا لەواندا بەکاردێن . لەبەرئەوە ئەگەر ئەم وشانە ئەمڕۆ ئاسان بن ، سبەینێ گرانن و ڕەنگە وون بن . لەبەرئەوە ماناکانیم بەوکوردیی پەتی یە لێکدایەوە کە ئەمڕۆ بەکاردێن .

بەم جۆرە دیوان و پەراوێزو لێکدانەوەی ئامادەکرا . بەپێی تێگەیشتن و بۆچوونی خۆم بە ئیملای تازە شیعرەکانم نووسی یەوە . پاش ئەوە ڕەشنووسەکەم دا بە هاوڕێی شاعیرو شارەزام مامۆستا کاکەی فەللاح کە گەلێك تێبینی ی بەنرخی لەبارەی ڕاستکردنەوەی شیعرەکان و بەراوردی نوسخەکانەوە دامێ و سوودی زۆرم لێ بینی . هەروەك لە کاتی تۆمارکردنی ئەو تێبینیانەی ئەودا مامۆستای شاعیر عەلی عارف ئاغاش لەوێبوو و تێبینیی بەنرخەکانی ئەویش چوونە پاڵ ئەوانەی کاکەی فەللاح و دیوانەکەیان پێ تۆکمەتر کرا . سوپاسی بێپایان بۆ هەردووکیان . سوپاس بۆ برای بەنرخم کاك ئەفراسیاب جاف کە ئەم ئەرکە بەرزەی پێ سپاردم . سوپاس بۆ هەموو کارمەندانی کتێبخانەی گشتی ی سلێمانی کە لە سایەی نەوازشی ئەواندا لەو کتێبخانەیە ئەم ئەرکەم بەجێ هێنا ، بەتایبەتی بۆ کاکە شێرکۆی جاف و کاك عەبدوڵلاڵ کەریم عەلاف کە یارمەتی یانم لەبیرناچێتەوە . هەروا بۆ براکانی ترو ، بۆ خوشکانی کتێبخانەیش و ، هیوادارم نموونەیان زیاد بێت.

بەغدا ١٩٨٥/٨/١

تێبینی : کارەکەم تەواوکردبوو کە لە مەجمەعی عیلمی دەستنووسێکی تری مامۆستا نەجمەدین مەلام دی کە لە شاری بەغدا لە ڕۆژی ٢٩ی مارتی ساڵی ١٩٤٦ میلادی بۆ تۆفیق وەهبی ی نووسیوەتەوە . (٩٣) پارچەی تێدابوو ، جیاوازیی لەگەڵ نوسخەکەی تردا نەبوو . بۆ دڵنیایی بەراوردمان کردەوەو کەڵێنی نوسخە دەستخەتەکەی خۆیمان پێ پڕکردەوە .

# هونراوه کان

(۱)

۱ — بەخەتا چووبوو ، خەتای کرد ، بە خودا ، موشکی خەتا
هاتبوو لافی لەگەڵ پەرچەمی تۆدا لێدا

۲ — بە ئومێدی ئەوە ڕابووڕێ بەسەرما ڕۆژێ
کەوتووم من لە سەری ڕێگەکەیا دەست‌و دوعا

۳ — بەس بلاوێنە ڕەقیب ، وا دڵەکەم لەت‌لەت بوو
سا بکە لوتفێ لە حەق بەندەیی خۆت ، تۆ بی خودا

٤ — غەم‌و دەردو خەفەت‌و عاجزیی‌و دووریی تۆ
زەحمەتە جێگەوو گونجایشی بێتۆ (۱) لە دڵا

٥ — کەوتە سەر ڕوومەتی ئاڵت عەرەقی ناز ئێستا
هەر ئەڵێی شەونمی پەخشانە بەسەر بەرگی گوڵا

٦ — زوهرەوو موشتەری ئێستاکە لە خۆشیی چاوت
وەکو سەرخۆش لە سەما کەوتنە ناوڕەقس‌و سەما

---

(۱) — گ : بێتن.

۱ — بەخەتا چوو : بەهەڵەدا چوو ، هەڵەی کرد. موشك : میسك . خەتا : ناوی کۆنی خواروووی ولاتی چینە .

۲ — دەستەو دوعا : بە دوعا کردنەوە. بە نزارە

٥ — شەونم : خوناف ، ئاورنگ . پەخشان : بلاو. بەرگ : پەڕە .

٦ — زوهرەو موشتەری : دوو ئەستێرەن. لێرەدا چەشنە تەوریەیەکیش هەیە ، زوهرە بەمانا گوڵ موشتەری بەمانا کڕیار .

## (۲)[۱]

۱ — فوستانی ڕەشی نازکی چین‌چینی لەبەردا
وەك هەوری‌سیا بێ بەسەری قورسی قەمەردا

۲ — قوربانی نیگاهی غەزەبت ڕۆح‌و دڵی من
یەك لەحزە دووسەد تیرو ڕمت چۆن لە جگەر دا

۳ — مادام کە بە شمشێری بڕۆت لەت‌لەتە جەرگم
لازم نی‌یە ئەو خەنجەرە کردووتە بە بەردا

٤ — دوو دیدەیی مەخموری نیگارم بە شەباهەت
وەك ئاهو وەهایە کە لە خەو بێ لە سەحەردا

٥ — دەستێ کە بە داوێنی ئەتۆ ، دەستێ بە دڵ بم
چی‌بکەم کە نی‌یە دەستێ بکەم خاکێ بە سەردا

٦ — قوربان وەکو خاکی بەری پێت کەوتووە دایم
(ئەحمەد) کە مەگەر دولبەری خۆی بێ لە گوزەردا

---

(۱) — ئەم قەسیدەیە لە مێژووی ئەدەبی کوردیی عەلائەدین سوجادیدا تۆمارکراوە ، لە نوسخەکانی‌تردا نەبوو . تەنیا «ئو» لەوێوە وەریگرتبوو .

۱ — فوستان : (فستان — ف) : لە عەرەبیدا بە «فساتین» کۆدەکرێتەوەو دەشێ بە فسطانو فساطین — بەرگی ژنانەیە .
۲ — نیگاه — ڕوانین . غەزەب (غضب — ع) : تووڕەبوونو حەز بە تۆڵەسەندن . لەحزە : تاو .
۳ — لازم نی‌یە : پێویست نی‌یە .
٤ — دیدە : چاو . مەخموور : مەست . بە شەباهەت : بە لێك‌چوون . ئاهوو : ئاسك ، مامز .
٥ — کەمالی ئەڵێ :
دەستێ بە زامی سینەو دەستێ بە دامەنی تۆ
دەستی‌ترم لەکوێ بوو خاکێ بکەم بە سەردا
٦ — لە گوزەردا : بە ڕابوورین .

١ – گولّ له گوڵزارا نەما بولبول ئەبێ زاری بکا[١]
شێوەیی شادی لەسەر دەرکاتو غەمباری بکا

٢ – نێرگسی شەهلا کە مەشهوورە بە مەخموری ئەبێ[٢]
دایما لەو چاوە کەسبی عیلمی بیماری بکا

٣ – فەسڵێ[٣] ئەو ناسک غەزاڵە ڕوویی عوششاقی حەزین[٤]
هەر ئەبێ سەیلی سروشکی خوێن لە چاو جاری بکا

٤ – توو خوا بادی[٥] سەبا بەو نازەنینە تۆ[٦] بڵێ
بەس ڕەقیب تەلتیف بکاتو دەردی دڵّ کاری بکا

٥ – دولبەرم لەم شارە ڕوێی (ئەحمەد)ی بێچارە وا
بۆ سوپاهی غەم ئەبێ ڕەسمی سوپەهداری[٧] بکا

---

(١) – ئەم غەزەلە لە نوسخەی (ز) و (ئو)دا بەمچەشنە بوو ، ئەوەی (ئو) دەستنیشا
جیاوازییەکانی چاپی (ع)ی کردووە .

(٢) – ع : ئەڵێ (٣) – ع : وەختێ (٤) – ع : هەژار

(٥) – ع : بای (٦) – ع : بەو نازەنینەی من (٧) – ع : سوپەداری

---

١ – زاری‌بکا : بگری

٢ – دایما : هەمیشە . کەسبی عیلمی بیماری بکا : زانستی بیماریی دەستکەوێ

٣ – فەسڵ : وەرز ، کات . غەزال : ئاسک . عوششاق : عاشقان ، دڵداران . حەزین : خەمناک
سەیل : ڵێشاو . سروشک : فرمێسک ، ڕوندک ، هەسرین ، ئەسرین ، هێستر . جاری
ڕۆیشتوو ، ڕژاو .

٤ – باد : با . سەبا (صبا) : بایەکە لە ڕۆژهەڵاتەوە دێ .
ڕەقیب : لەشیعری کوردیدا بەمانا ناحەز یا ئەوکەسە دێت کە بەدووای یاراندا ئەگەڕێ . تەلت
بکا : دڵخۆشیی بداتەوە یا نازی بگرێ .

٥ – سوپاه : لەشکر . ڕەسم : ڕێوشوێن ، عادەت بەجێهێنان

(٤)

١ — من ئەرەنجێنێ نیگارو وا رەقیب دڵشاد ئەکا (١)
بێخو بنچینەی حەیاتو (٢) عومری من بەرباد ئەکا

٢ — بێستوون ئێستەش کە وەتێ (٣) لالەیی لێ سەوز ئەبێ
باسی خوێنی دیدەوو داغی دڵی فەرهاد ئەکا

٣ — بولبولی دڵ، وا لە دەوری ڕوومەتی گوڵرەنگی تۆ
بێقەرارە، شەو هەتا ڕۆژ نالەوو فەریاد ئەکا

٤ — بێت و گەر ڕوخسارو بالای ئەو نیگارە دەرکەوێ
گوڵ خەجالەتبار ئەبێو پەستو نیگون شمشاد ئەکا

٥ — قەت نەبوو ڕەحمێ بە حاڵی ئەم دڵەم کا کافرە
شاهی من لە خوا نەترسە، زاڵمەو (٤) بێداد ئەکا

٦ — (ئەحمەد)ی بێچارە بۆ دەردو موسیبەت مایەوە
دولبەری بێڕەحمی ئەو، سەیرو سەفای بەغداد ئەکا

---

١ — ئەم غەزەلەم لە نوسخەی (ئو) وەرگرت

٢ — ع : ژیان .

٣ — ع : بێستووون ئێستاش کە وەختێ .

٤ — ع : جەور ئەکاو

بەرباد ئەکا : ئەیدانە بەر با ، بەمانا نایهێڵێ لەناوی ئەبا . حەیات : ژیان .

بێستوون : کێوی بێسترون .

دەکەوێتە وەتێ : کاتێ ، گاڤێ . لالە : گوڵاڵە سوورە ، بەگوڵێکی ناکێویش دەووترێ .

بێقەرارە : بێئارامە ، بێگاڤە . فەریاد : بانگ ، دەنگی بەرز ، هانا

نیگون : سەرەوژێر . شمشاد : درەختێکی هەمیشە سەوزە ، (شمشاڵ)یشە

زاڵم (ظالم) : زۆردار . بێداد : ناعەداڵەت

موسیبەت (مصیبة) : نەگبەتی ، ناخۆشی . سەیرو سەفا : ڕابواردن ، کەیفو زەمزەمە .

(٥)

١ — یار[١] بە ماچی لێوی خۆی زامی دڵان سارێژ ئەکا[٢]
تۆند تەماشاکردنێکی شەخسی عاقڵ گێژ ئەکا[٣]

٢ — ئەی خودا تا کەی لە دەرهەق من وەفاو مەیلی نی یە
بۆچ گڵۆڵەی بەختی من هەر ڕوو لە جێگەی لێژ ئەکا

٣ — ماڵەکەم وێران ئەکا ، ڕۆژم ڕەش و تاریك ئەبێ[٤]
یار بە سورمەی ناز کە وەختێ چاوی خۆی[٥] کل ڕێژ ئەکا

٤ — وشکەسۆفی هاتبوو ئەیووت بەهەشت هەر بۆ منە
ڕیشی خۆی جوولان وەکو سابرێن کە شەو کاوێژ ئەکا[٦]

٥ — کەی خوا توججارە ، خوا گەورەو غەفوورو عادلە[٧]
چۆن[٨] لەگەڵ عەبدا حیسابی قەرزی ڕۆژوو و نوێژ ئەکا

٦ — قافیە هەرچەندە تیکرارە[٩] بەڵام (ئەحمەد) بە دڵ
هەر بە یادی تاقی ئەبڕۆی تۆیە[١٠] جار جار نوێژ ئەکا

---

(١) — ئەم غەزەلە لە نوسخەی (ش)دا بوو . (٢) - گ : دەکا

(٣) — گ : (هەر تیلای چاوێکی پیاوی خیرەمەندو) گیژ ئەکا

(٤) — گ : ماڵم ئەرمێنێ دڵم ئەشکێنێ ڕۆژم تار ئەبێ (٥) — گ : دووچاوی بازی

(٦) — گ : با لەوەر بۆ ئەو بێ چونکە وەك بزن کاوێژ ئەکا
نوسخە : لەو موبارەك بێ کە چۆنکە وەك بزن کاوێژ ئەکا

(٧) — گ : خۆ خودا توججار نی یە ، لی بوردوەو بەخشش ئەدا (٨) — گ : کەی

(٩) — گ : دووبارەیشە (١٠) - نوسخە : ئەبڕۆنە کە

١ — شەخسی عاقڵ : کەسی هۆشمەند .
٢ — مەیل : ئارەزوو
٣ — سورمە : کل
٤ — سابرێن : بزنەنێر ، نێری ، تەگە .
٥ — توججار : بازرگان . لە کوردیدا شێوە (کۆ - جمع)ە عەرەبی بەکەی بۆ تاك (مفرد) بەکاردێت
غەفوور : لێبوردوو ، گوناەبەخش . عەبد : بەندە ، کۆیلە .
٦ — تیکرار : دووبارە .

١ — دڵ وەکو بولبول لە هیجری نەوگوڵێ ئەفغان ئەکا
ناری جەرگ‌و سۆزی سینەم عالەمێ بوریان ئەکا[١]

٢ — وادیارە لەم ولاتی کۆهسارە عاجزە
مەیلی خاکی گەرمەسێرو هەم قەلای شیروان ئەکا[٢]

٣ — ئەم ولاتە بێسەفایە ، سارده بۆ عوششاقی ڕووت
ئیشتیاقی بەر هەتاوی ڕوومەتی خووبان ئەکا[٣]

٤ — بارش‌و بارانی هەوری چاوەکانم جاریەیە
زەڵمە یاخۆ تانجەرۆیە تێکەڵی سیروان ئەکا

٥ — هەرکەسێ ئەمڕۆ لە ڕێگای[٤] ئەو نیگارە ڕێی بێ
بۆ سبەینێ گەپ بە مولک‌و تەختی شاو سوڵتان ئەکا

٦ — ئافەرین بۆ لەشکری موژگان‌و زولفەینی سیات[٦]
وا بە یەک دەم مولکی جان‌و[٧] دڵ هەموو وێران ئەکا

٧ — بەرقی ئاە‌و سەیلی دیدەی من لە هیجری دولبەرم[٨]
هەر ئەڵێی هەوری بەهارە نالەوو تۆفان ئەکا

٨ — مەحمەلی لەیلا دەخیلم تۆ[٩] بە توندی وا مەڕۆ
عاشقی مەجنوون سیفەت لەم دەشتەدا گریان ئەکا

٩ — وا بە یادی تیغی ئەبرۆی دولبەری بێڕەحمی خۆی[١٠]
(ئەحمەد)ی عاشق خەریکە ڕۆحی خۆی قوربان ئەکا

---

— ع : ئاگری جەرگم خەریکە عالەمێ بوریان ئەکا .
— ع : مەیلی خاکی گەرمەسێرو قەلعەکەی شیروان ئەکا
ئو : مەیلی خاکی گەرمیان‌و
— ع : ئارەزووی شەوقی هەتاوی ڕوومەتی جانان ئەکا
— ع : دەرگای .
— ع : گەپ بە مولک‌و تەخت‌و تاجی پادشاو سوڵتان ئەکا
— ع : برژانگ‌و دوو زوڵفی ڕەشت

(۷) – ع : وا بەجارێ مۆڵکی گیانەو

(۸) – ع : بەرق ئاەو ئاوی چاری من لە دوورێی دولبەرم

(۹) – ع : وا

(۱۰) – ع : ڕەحمەکەی

(۱۱) – ع : ئەحمەد ئێستا کە خەریکە گیانی خۆی قوربان ئەکا

۱ – هیجر : دووری ، لەیەکجیابوونەوە. نار : ئاگر. سینە : سنگ. عالەم : جیهان ، لێرەدا بەمانا خەڵکە. بوریان : سووتاو.

۲ – قەڵای شیروان : قەڵای محەمەد پاشای جافە . لەوە ئەچێ زۆر کۆن بێت و ئەو تازەی کردبێتەوە . لە گوێ سیروان و نزیک کەلارە

۳ – ئیشتیاق : تاسە ، ئارەزوو. خوربان : چاکان

٤ – زەڵم : سەرچاوەو شاخێکە نزیک خورمالێ ئاوەکەی بەرەو شارەزوور ئەڕوا تاقگەکەی بەناوبانگە . تانجەرۆ : ڕوبارێکە لە خواروی سلێمانی یەوە .
سیروان : ڕووبارێکە لە کوردستانی ئێرانەوە دێ . بە ناوچەی هەڵەبجەو دەربەندیخاندا ئەڕواو لە عەرەبستان ناوئەنرێ دیالە ،

۵ – گەپ : گاڵتە ، حەنەک

٦ – موژگان . برژانگ ، مژیلان. زوڵفەین : دوو زوڵف
سیا : ڕەش . جان : گیان

۷ – بەرق : بروسکە . سەیل : لێشاو. دیدە : چاو تۆفان : لافاوی گەورە .

۸ – مەحمەل : کەژاوە . مەجنون سیفەت : وەک شێت ، یا وەک مەجنونی قەیسی بەنی عامیر.

## (٧)

١ — عادەتی ئەم چەرخە وایە ، ئەهلی دڵ غەمگین ئەکا
شا هەمیشە ماتە ، پیادە مەیلی جێی فەرزین ئەکا .

٢ — ئەبلە وا دایم لە عەیش و[1] شادمانی و عیززەتا
ئەهلی عیرفان و کەمال ئێستا کە زاری و شین ئەکا

٣ — دوژمنە چەرخی فەلەك ، بێ پیاوی ساحێب عەقڵ و هۆش[2]
ڕووی کەرەم دایم لە هەرزە و شێت و[3] بێ تەمکین ئەکا

٤ — سەیری کەن عاشق کە چەند شێتە ئومێدی مەرحەمەت
لەو نیگارەی ، دڵ فریبەی[4] ، زاڵمەی بێ دین ئەکا

٥ — بێستوون وەختێ کە لالەی ئەحمەری لێ سەوز ئەبێ
مەشقی[5] لێوی شەککەرینی ناسکی شیرین ئەکا

٦ — عاشقی[6] مەجنوون بەیادی دولبەری لەیلا سیفەت[7]
خوێنی دوو چاوی بەخوڕ دێ دامەنی ڕەنگین ئەکا

٧ — قەت لە زیکری[8] خێری تۆ غافڵ نیە (ئەحمەد) بە شەو
هەر بە ئومێدی ویسالت سەر لەسەر بالین ئەکا

---

(١) — ع : خۆشی و (٢) — ع : خاوەن هۆش و فام (٣) — ع : پیاوی
(٤) — ع : دڵفرێنەی (٥) - ع : یادی (٦) - ئو : عاشقە (٧) - ئو : جەمال

(١) — پیادە : نەفەری یارێی شەترنجە ، فەرزین : لە شەترنجا بە ڕەزیر دەڵێن .
٢ — ئەبلەە : گێژ ، وڕ ، بێ مێشك . عەیش : ژیان ، لێرەدا بەمانا کەیف و خۆشی یە . عیززەت (عزة) : بەرزی ، سەرفرازی .
٣ — کەرەم : بەخشندەیی . هەرزە : بێکارە ، بیهودە . تەمکین : توانا
٤ — دڵفریب : دڵفریدەر .
٥ — ئەحمەر : سوور ، لالەی سوور : گوڵاڵە سوورە .
٧ — زیکر (ذکر) ناوبردن ، بەبیراهاتن . ویسالّ (وصال) : پێگەیشتن .
بالین : سەرین ، بالیف .

(٨)

١ — خوێنی دوو چاوم بە نەوعی دامەنم ڕەنگین ئەکا
هەر کەس ئەمبینێ بە حاڵی ناتەوانم شین ئەکا

٢ — شێخی ئیرشادو موریدو سالیك‌و سۆفی‌و فەقێ
ئەو بە یەك نوارین بە جارێ کافرو بێدین ئەکا

٣ — هیچ خەنە پێویست نی‌یە بۆ دەست‌و پەنجەی دولبەرم
وا بە خوێنی من خەریکە دەست‌و پێی نەخشین ئەکا

٤ — قەت لە لێوی شەککەر ئەفشانی [1] قسەی خۆشم نەبیست
دایما بێدینە مەشغوولە دڵم غەمگین ئەکا

٥ — وا لە هیجری قامەتی سەروی نیگاری نازەنین
ئەم دڵەم قومری سیفەت هەر گریەوو نااڵین ئەکا

٦ — گەر بڵێی (ئەحمەد) لە یاری بۆسەیێ داوا بکا [2]
ڕووئەچەرخێنێ لە تۆو گوێی لەو قسە سەنگین ئەکا [3]

---

(١) — گ : شەککەرستانی

(٢) — گ : بێت‌و ئەحمەد ماچێکی لەو یارە گەر داوا بکا

(٣) — ز : ڕووی ئەچەرخێنێت‌و گوێی خۆی لەو قسە سەنگین ئەکا

١ — دامەن : داوێن

٢ — سالیك : ئەوکەسەی ڕێی تەسەوف بە کردار گرتووە .

٤ — شەککەر ئەفشان : شەکرڕێژ ، شەکر بااڕکەرەوە . مەشغوولە : خەریکە

٥ — قامەت : باڵا . قومری سیفەت : وەك قومری ، کە باڵندەیەکە

٦ — بۆسە : ماچ ، ڕاموسین . سەنگین : قورس ، گران

— لەنوسخەکەی نەجمەدین مەلادا لە مەجمەع دێڕێکی زیاد هەیە کە دووەم دێڕە :

چەن دڵی عاشق ئەسیری بەندی زنجیری ئەبن
یار کە وەختێ زوڵفەکانی وەك کەمەند چین چین ئەکا

## (٩)

١ – وەرە بگرە بە یادی چاوی دولبەر پیاڵەیی سەهبا (١)
پەشێو بە هەروەکو مەجنوون لە هیجری قامەتی لەیلا

٢ – کە دەرخا دولبەرم ئەو گەردنی ساقی بلووریني
لە پەنجەم موو دەرێ، گەر دەس درێژ کەم بۆ ملی مینا

٣ – غولاڵمی و بەندەیی ئەو شۆخە گەر دەستم کەوێت حەیفە
تەنەززول کەم کە بچمە مەسلەکی ئەسکەندەرو دارا (٢)

٤ – لە عەشقی چاوی تۆ یا یادگاری قەلبی عوششاقن
کە پڕبوون ئەم کەژو کێوە لە لالەو نێرگسی شەهلا

٥ – گریبانی نواندو پێکەنی و فەرمووی تەماشا کە
کە ئەمرۆ موعجیزەی من چاکترە باخۆ (یەدی بەیزا) (٣)

---

(١) – ز : سەهبا ، لە نوسخەکانی تردا (شەهبا) نووسراوە .

(٢) – گ : تەنەززول کەم کە بچمە مولکی ڕۆم ئەسکەندەرو دارا

(٣) – بیضا : سپی ، یەدی بێزا :

١ – سەهبا (صهباء) بۆ نێرینە (أصهب)ە . بەمرو یا قژێك ئەورێ کە سووری یا زەردیی تێدابێ . یا بە کەسێك دەووترێ سوورو سپی بێ . بۆ (مەی) بەکاردێنرێ لەبەر ڕەنگەکەی .
شەهبا (شهباء) بۆ نێرینە (أشهب)ە . ئەمیش بۆ ڕەنگە - بۆ ڕووەك ئەوەیە کە زەرد بووبێ و سەوزیی تێدا مابێ . بۆ چیا ڕەش بێو سپیی بەفری تێکەڵ بووبێ . بە شێریش دەووترێ . لێرەدا ئەگەر سەهبا بێ یا شەهبا هەر بۆ مەیەو بۆ ڕەنگەکەیەتی

٢ – مینا : شووشە ، بەمانا سپی

٣ – ئەسکەندەر . ئەسکەندەری گەورە (٣٥٦ – ٣٢٤)ی پێش میلاد ، بە زولقەرنەین ناسراوە . پاشاو جیهانگرێکی بەناوبانگە . لە مەولیر(٣٣١)ی پ .م بەسەر داریۆسدا سەرکەوت . بە مەکدۆنیش ناسراوە .
دارا : یا داریۆس ناوی سێ پاشای ئەخەمینییە . داریۆسی گەورە لە (٥٢١–٤٨٥) پێش . م دا ژیاوە . دووا داریۆس (٣٣٦-٣٣٠) پ .م ئەوەیە کە ئەسکەندەر بەسەریا زاڵبوو .

٤ – قەلب : دڵ

٥ – گریبان : یەخەی کراس . یەدی بەیزا : (البد البیضاء) ئیشارەتە بۆ موعجیزەی موسا لە کێوی تووڕ

(١٠)

١ – مەیلی سەیری بەدر ئەکا دڵ ، لادە زوڵفی وەك حیجاب
دەرخە بەدری ڕوومەتی خۆت شۆخەکەی عالی جەناب

٢ – سینە کونکون بووم وەکو نەی من لەبەر هیجرانی تۆ
سەر وەکو سەمتوورە ، دڵ هەر نالەیەتی وەك ڕوباب

٣ – تۆ دەرتخست شەمعی ڕووی خۆت کۆمەڵی عاشق هەموو
لازمە هەروەك پەپوولە بینە قاورمەو کەباب

٤ – لوتفی یار هەر بۆ ڕەقیبە من ڕەزام ئەو دولبەرە
جاربەجار حەتتا بە جوێنێ بێتو بمداتۆ جەواب[1]

٥ – لادە چارشێوت هەتا من دیدە ڕۆشن کەم بە ڕووت
بەسیەتی قوربانی تۆ بم بەس بکە نازو عیتاب

٦ – (ئەحمەد)ە تەنها غوڵامی موخلیسی تۆ چاوەکەم
حەیفە مەیڕەنجێنە مەیدە بێسەبەب جانی[2] عەزاب

---

(١) – گ : بە چوونیش بێتو بمدانێ جەواب

(٢) – ئەگونجێ ئەمە (جانێ) بێ لە شێوەی بانگکردنا بە (جانی) بێ واتە گیانی ئەو

١ – بەدر : مانگی تەواو ، مانگی چواردە . حیجاب : پەردە . پەچە .

٢ – نەی : قامیش یا نایو شمشاڵ ، لێرەدا کە دوو ئامێری مۆسیقای بەدروادا هاتووە کە (سەمتوورو ڕوباب)ن نایەکە زیاتر دەگونجێ .

٣ – شەمع : مۆم ، شەم ، شمالك . پەپوولە : پەروانە ، پلاتینك

٤ – جەواب : وەڵام . لێرەدا (بمداتۆ) لە شێوەی هەڵەبجەو جافەتیدا لەجێی (بمدانەوە)ی ناوچەی سلێمانی دەگرێتەوە .

٦ – چارشێو : پەچە . ڕۆشن : ڕووناك . عیتاب : گلەیی ، گازندە .

٧ – غوڵام : بەندە ، کۆیلە ، خزمەتکار ، پیاو . موخلیس : دڵسۆز . سەبەب : هۆ . عەزاب : ئازار ، ئەشکەنجە .

## (١١)

١ — يار ماچى لێوى خۆى كه بكا ئێسته بۆم بەرات ،
لام خۆشتره نه شەهدو له سەد چەشمەيى حەيات

٢ — يارەب لەتو كوتو شەق وپەق بێ دڵم ئەگەر
بێ يادى تۆ بێ بەك دەمو يەك ئانو يەك سەعات

٣ — جارێ به تيرى غەمزه دڵم كون ئەكا دەمێ
زەردەخەنەو نيگاهى لەنوێ پێم ئەدا حەيات (١)

٤ — فەرمووى براله تۆ سەرى خۆت لاچۆ زوو برۆ
پێموت كەرەمكه ماچى دەمت ئێسته بۆ برات

٥ — جوێندانو تووڕەبوونو قسەى تۆندو تاڵى تۆ
لام چاتره له نوقڵو له جامێكى پڕ نەبات

٦ — قوربان غولاڵمى قاپيەكەت (ئەحمەد)ە به دڵ
سا بيكوژه له دەردو ئەلەم بيده زوو نەجات

---

(١) — له ديوانه چاپكراوەكەى گيوى موكريانيدا تا ئێرەى ئەم ئەسيدەيه هەيه .

١ — بەرات : بەخشش . شەهد : هەنگوين لەناو مێوەكەيدا . چەشمه : سەرچاوه . حەيات : ژيان
٣ — غەمزه : ناز ، به چاو يا برۆ . دەمێ : كاتێ ، گاڤێ . لەنوێ : ژنۆڤه ، سەرلەنوێ .
٤ — براله : ئەى برا ، براى بچووك
٥ — جوێندان : خەبەردان ، سخێفكردن . تووڕەبوون : سڵبوون .
٦ — نوقڵ : شيرينى
٧ — ناپى : دەرگا ، دەرى . ئەلەم : ئازار . نەجات : ڕزگار .

## (١٢)[1]

١ — زاهید وەرە ناو[2] بەزمی حەریفانی خەرابات
لادە لە ڕیاو سەرزەنشتی قۆڕو[3] خەرافات

٢ — یەك جورعە بنۆشە لە مەیی بێغەشو[4] گوڵڕەنگ
ئەسڵەن[5] مەکە تۆ بەو پڕوپووچانە موبالات

٣ — بیستوومە وەیا دیومە لە گوفتاری ئەدیبان
بۆ خواردنی یەك قەترە دووسەد جۆرە موکافات[6]

٤ — حوکمی ئەزەلی چونکە نیە قابیلی تەغییر[7]
بۆچی من ئەترسم لە جەزاو ڕۆژی حیسابات

٥ — مایل نە بە حوورو نە بەغیلمانی بەهەشتم
گەر بێت و بکەم من لەگەڵ ئەو شۆخە مولاقات

٦ — (ئەحمەد) دڵی بێزارە لە ئەتواری ڕیاکار[8]
ساقی قەدەحێ تێکە بە ئاهەنگو مەقامات

---

(١) — ئەم قەسیدەیە لە (ژیانەوە)ی ژمارە ٦ی سالی ١٩٢٤دا بەم چەشنە بڵاوکراوەتەوە . کاك حەمە بۆریش بەوچەشنە نووسیویەتی یەوە

(٢) — ع : ناو (٣) - ع : پووچو (٤) -ع : بێغەشی . لە ژیانەوەدا بێغەشو یەك ڕەنگ

(٥) — ع : هەرگیز (٦) — ئەم دێڕە لە چاپکراوەکەی عەلی کەمال باپیردا لادراوە .

(٧) — ع : گۆڕان (٨) — ع : لە ڕیشو سەرو مێزەر .

١ — حەریفان : ڕەفیقان ، هاوەلان . خەرابات : مەیخانە . خەرافات : پڕوپووچ

٢ — جورعە : قوم . موبالات : دەربەسبوون ، گوێ پێدان

٣ — قەترە : تنۆك ، قوم . موکافات : پاداش .

٤ — ئەزەلی : هەمیشەیی ، خوایی . تەغییر : گۆڕین . جەزا : بەمانا پاداشو سزاشە . ڕۆژی حسابات : ڕۆژی قیامەتو زیندوو بوونەوە

٥ — مولاقات : یەکتر بینین .

٦ — ئەتوار (أطوار) : ڕەفتار ، بارو حاڵ . قەدەح : جام ، پیاڵە

## (١٣)

١ — دڵم پڕ خوێنه ، جەرگم لەت‌لەته بۆ لێوی گوڵنارت
نەخۆش‌و دەردەدارم من له حەسرەت[١] چاوی بیمارت

٢ — سەلیبی[٢] پەرچەمی تۆم دەسکەوێ چیمه له ئیسلامی
کڵێسا جێگەمه جانا[٣] له عەشقی زوڵفی زوننارت

٣ — وتی عاشق ئەبێ بەم‌کوشتنەت مەسروور بی چونکه[٤]
لەناو عوششاقدا تەنها ئەتۆی قوربانی دڵدارت

٤ شکا بازاری شەهدو شەککەرو شیرینی‌یی قەنناد
له ڕۆژێکۆ که بیستوویانه خەڵقی[٥] نوتق‌و گوفتارت

٥ — ئەبێ کاغەز له بەرگی گوڵ ، قەڵەم جانا[٦] له عەنبەر بێ
که من مەیلم هەیه ئێستا بنووسم وەسفی ڕوخسارت[٧]

٦ — که تۆ سەروی منی[٨] ، بێچاره قومریی دڵ حەزینی تۆم
هەمیشه بولبول ئاسا وام له دەوری باغ‌و گوڵزارت

٧ — نیگار ئەمڕۆ لەناو جەمعی ڕەقیبا پێی‌وتم (ئەحمەد)
مەحاڵه تۆ ئیتر دەستت‌کەوێ[٩] یاری دڵ ئازارت

---

(١) — ع : له داخی (٢) — ع : چلیپای (٣) — ع : گیانه
(٤) — ع : مەسروورو دڵخۆش بێ. (٥) — ئو : خەڵکی (٦) — ع : گیانه
(٧) — ع : که مەیلم بێ بنووسم من بەڕاستی وەسفی ڕوخسارت (٨) — ع : منیش
(٩) — ع : مەحاڵه تۆ ببینی قەت ئیتر یاری

١ — گوڵنار : گوڵ‌هەنار ، یا گوڵ‌ئاگرین
٢ — سەلیب : خاچ ، چلیپا . زوننار : پشتێنێکه قەشه به پشتی‌یەوه ئەبەستن ، یا گەردن‌بەندێکه مەسیحی به خاچێکی بچووکەوه بەملدا شۆڕی‌دەکەنەوه .
٣ — مەسروور : شادمان
٤ — قەنناد : شەکرێژ. شەکر فرۆش. نوتق : قسه ، ووتار. (لەڕۆژێکۆ) دیسان شێوەی هەڵەبجەو جافەتی‌یه . له سلێمانی دەوترێ : لەڕۆژێکەوه .
٥ — عەنبەر : شتێکی بۆن‌خۆشه گڵ‌ڕەنگه . ٦ — جەمع : کۆمەڵ .

١ — دو چاوم خوێن ئەبارێنێ لە عەشقی ڕوومەتی ئاڵت
گرفتارە لەناو زوڵفت[١] دڵم بۆ دانەیی خاڵت

٢ — خوا کەی بێت کە من پەشتانی بالأو قامەتی تۆ بم
چ وەختێ پڕ بە چنگ بگرم[٢] دو لیمۆی نەورەسی کاڵت

٣ — نەخۆشی خۆشترە لای من لە ساغی و سیحەت ئەی جانا[٣]
ئەگەر یەك هەفتە جارێ بێی بپرسی چۆنە ئەحواڵت

٤ — بە شاهیی عالەمی ناگۆڕمەوە ئەمرۆ لە دنیادا
جنێوو تونديو قەهرو[٤] قسەی نالایقو تاڵت

٥ — نیگارا لێم ئەپرسی[٥] بۆچی وا دیوانەیە (ئەحمەد)
لە عەشقی چاوی تۆیە چاوەکەم وا بووم بە عەوداڵت

---

(١) — ع : لە زوڵفتدا

(٢) — ع : چ وەقتێ پڕ بە دەس بگرم .

(٣) — ع : گیانە

(٤) — ع : جنێو توندیو قارو

(٥) — ع : نیگارا گە ئەپرسی

٢ — پەشتان : پێکەوەبنووین . نەورەس : تازە پێگەیشتوو .

٥ — عەودالّ : ئاوارە .

١ — بێتاقەت‌و مەحزوونە ئەم دڵمە لەبۆ دینت
ڕەحمێ بکە سا قوربان دەرخە ڕوخی ڕەنگینت

٢ — شەهدو شەکەر ئەی قوربان[١] بازاڕی شکّا یەکجار
لەو وەقتەوە وا دەرکەوت لەعلی لەبی شیرینت

٣ — گریەی منی بێچارە شامو سەحەر ئەی دولبەر
ئەسڵەن[٢] نیە تەئسیری لای ئەو دڵی سەنگینت

٤ — نەسرین‌و گوڵۆ لالە مەحجووب[٣] ئەبن‌و والە
گەر لابدەی ئەو بورقوع[٤] ، دەرخەی تەنی[٥] سیمینت

٥ — حوورو پەری‌یو غیلمان بێقەدرە لە لای (ئەحمەد)
لەو وەختەوە[٦] وا دیویە ڕوخساری نیگارینت

---

(١) — ع : گیانە
(٢) — ع : هەرگیز
(٣) — گ : گوڵ لالە مەحبوب
(٤) — ئو : گەر نۆ پەچەکەت لادەی
(٥) — ئو : ڕوحی
(٦) — ع : لەوڕۆژەوە

(تێبینی : ئەم قەسیدەیە بە چەند جیاوازی‌یەوە بڵاوکراوەتەوە بەتایبەتی لە ژمارە ٩٩٤ی سالّی ١٩٥٠ی ڕۆژنامەی (ژین)دا . بەڵام ئێمە لە دەستخەتی خۆی بەم‌چەشنە وەرمانگرت)

— (ئەم دڵمە) دیسان شێوەی دەرووبەری سلێمانی‌یە و لە سلێمانیدا دەبێ بە (ئەم دڵەم) . مەحزوون : خەمبار ، خەفەتبار . ڕوخ : ڕوو
— لەب : لێو ، لێڤ .
— شام : شەو ، شێو ، ئێوارە-تەئسیر (تأثیر) : کار ، کار تێکردن . سەنگین : قورس ، گران ، بەردین .
— مەحجوب : شەرمەزار . والە : زاری . سەرگەشتەی عەشق . بورقوع : تارا ، پەچە ، سەرپۆش . تەن : لەش . سیمین : زیوین .

(١٦)

١ – نی یه ڕەحمت له دەرحەق عاشقی شەیدایی میسکینت
بڵێ پێم تۆ خودا کافر چیی‌یه تۆ مەزهەب و دینت

٢ – به خاکا پێ بنێ، مەبنێ[1] به دیدەی ئەشکبارمدا
مەبادا درکی برژانگم بچێنە پێی حەنایینت

٣ – مەیڵە ڕۆژی عاشق ڕەش بێ ئەی یاری بێ‌مروەت
لەسەر سوبحی[2] جەبینت لادە جانا زوڵفی چین‌چینت

٤ – هەمیشە لالەزارە دەوری قەبرستانی[3] عوششاقت
ئەکەن تەمسیلی لێوی لەعل و کوڵمی ئاڵ و ڕەنگینت

٥ – کە ناوت دێنمە سەر لێوەکانم ئێستە ئەی جانا
دەمو لێوم ئەچەسپێن پێکەوە بۆ لێوی شیرینت

٦ – بە خەندەی نازەوە فەرمووی ئێتر بۆت فەخرە تۆ[4] مردن
کە ئەمڕۆ من بە نازو[5] لەنجەوە هاتوومە بالینت

٧ – لە سایەی ماچی لێوی ئەو شکا بازاڕی تۆ قەننادد
بە پوولێ ناکرێ کەس ئێستە یاری شەهدو هەنگوینت

---

(١) – گ : تۆ نەك (٢) – گ : سەفحەی (٣) – گ : گۆڕستانی
(٤) – گ : نا (٥) – گ : لارو

١ – مسکین : هەژار ، بەسزمان
٢ – ئەشکبار : فرمێسکبار . مەبادا : نەوەك . حەنایین : خەناوی
٣ – سوبح : بەیان ، سپیدە . جەبین : ناوچەوان ، نەوێڵ ، ئەنی .
٤ – قەبرستان : گۆڕستان . تەمسیل : لاسایی ، وەك ئەو .
لەعل : بەردێکی بەنرخە . لەعلی بەدەخشان ڕەنگی سوورە .
٦ – فەخر : شانازی . بالین : پاڵ ، لای سەرین ، لای سەرو بالیفت
٧ – قەننا د : قەندفرۆش ، شەکرفرۆش .

(١٧)

١ — هەوری بەهاری بەسیە ئێتر نالە نالەکەت
گوڵ عاجزە لە گرمەوو ناوچاوە تالەکەت

٢ — پێموت بڕێژە خوێنی دڵی عاشقت بە زار
دیسان بکە حەنایی سەری پەنجە ئالەکەت

٣ — حاڵی پەشێوە دڵ بە خەیاڵی دو زوڵفی تۆ
هەروەك وەنەوشە ملکەچە بۆ تاقە خاڵەکەت

٤ - سەیری ڕەقیب کە وەك سەگە[1] بۆ مانگەشەو بە شەو
هەر لووڕەلووڕیە لە فیراقی جەماڵەکەت

٥ — کونکون بێ دڵی (ئەحمەد) ئەگەر دەمێ[2]
فارێغ بێ لە یادی خاڵو خەیاڵەکەت[3]

---

(١) — گ : سەگی

(٢) — گ : خوایە گەر دەمی

(٣) — گ : خەتو هەم خەیاڵەکەت

(تێبینی : ئەم دێڕەی دوایی لە دەستخەتەکەی خۆیدا نەبوو)

٢ — حەنایی : خەنەیی ، خەنەبەند .

٤ — فیراق : دووری ، لەیەك جیابوونەوە ، هەڵبڕون . جەمال : جوانی ، ڕندی .

٥ — دەمێ : کاتێ . فارێغ (فارغ) : بەتاڵ ، والأ ، قالأ .

١ – هیجری تۆ چەند سەعبە[١] دولبەر ماڵەکەم وێرانە بۆت
رۆژو شەو غەمباری رووتم دیدەکەم[٢] گریانە بۆت

٢ – ئەشکی[٣] چاوم بادەیە ناڵەی دڵم عەینی[٤] نەیە
خاك بەسەر بێکەس لە حەسرەت[٥] جەرگەکەم بوریانە بۆت

٣ – ئەی نیگاری نازەنین لەورۆژەوە دووری لە من
سەیلی دیدەم[٦] وا بەخوێ دێ هەروەکو سیروانە بۆت

٤ – ئەو بەڵای بۆ قامەتی تۆ دێ لە عوششاقت کەوێ
سەدهەزاران عاشقت جانا[٧] بەڵا گەردانە بۆت

٥ – ئەی دڵە بەسیە لە غەم بۆچی[٨] ئەنالی رۆژو شەو
شەهدی لێوی دولبەرت بۆ دەردی تۆ[٩] دەرمانە بۆت

---

(١) – ع : زۆر زەحمەتە
(٢) – ع : چاوەکە
(٣) – ع : ئاوی
(٤) – ع : هەروەك
(٥) – ع : خاك بەسەر خۆم وا لەدوورییت
(٦) – ع : ئاوی چاوم
(٧) – ع : گیانە
(٨) – ع : تاکەی
(٩) – ع : دەردەکەت

١ – سەعبە : گرانە ، زەحمەتە .
٢ – ئەشك : فرمێسك . بادە : مەی یا پیاڵەی مەی . عەینی : وەکو ، هەروەك . بریان : بر
٣ – سەیل : لێشاو ، خورژوم ، بەڵاگەردانە : قوربانە ، فیدایە

١ — ڕەقیبی سەگ هەتا چاوم کەلا کرد
منی دووچاری سەد دەردو بەڵا کرد

٢ — نیگار وەك ئاسکی وەحشی وەهابوو
دەمودەس چۆن لەگەڵ خۆی ئاشنا کرد

٣ — کە دیمی ڕووی لە من چەرخانو ڕۆیی
بەهانەی[1] ڕۆینی ، شەرمو حەیا کرد

٤ — شوکور ئەو شۆخە دەردی عاشقی زار
بە ماچی لێوی شیرینی دەوا[2] کرد

٥ — کە تۆ ڕۆیت دڵی بێچارەیی من
وێداعی خۆی لەگەڵ عەیش و سەفا[3] کرد

٦ — نە نەنها (ئەحمەد)ی بێچارە ڕووتە
قوماری عەشقی تۆ زۆری گەدا کرد

---

- (ز) : بەمانەی
- (ز) : ڕەوا
- (ز) : حەزا

- کەلا : تاقەوەبور ، دوورخراوە . ڕەنگە (کلا) کرد باشتربێ بەڵام بۆ ڕێکیی شیعرەکە هەر ئەبێ (کەلا کرد) بڵێین .
- بەهانە : بیانوو .
- دەوا : دەرمان ، چار
- وێداع : (وداع) : مالئاوایی . عەیش و سەفا : خۆشی ، ڕابواردن
- گەدا : هەژار ، خەزان ، پاڕسکەر ، دەروەزەکەر .

١ – یەخەی خۆی دادری گوڵ یار کە مەیلی گولستانی [1] کرد
لە داخی قامەتت سەرویش لە بالای خۆی کەمانی کرد

٢ – لە تارمەی ڕوو بە مەغریب خۆی نیشاندا ئەو کلاوڵارە
وتم یاران کە حەشرە ڕۆژ لە مەغریب وا عەیانی کرد

٣ – ڕەقیب شەرتە لە داخت تەرکی کەم من بەندەییی یارم
درك سا مژدە بێ بولبول کە تەرکی ئاشیانی کرد

٤ – شەشی ئەیلوول ئەزانن ئێوە ئەی قەومی وەفا کردار
ئەوە ڕۆژێ بوو دوژمن قەتڵو عامی کوردەکانی کرد

٥ – بتی پەیمانشکێن ئەی کافری بێ ڕەحمو بێمروەت
لەداخت (ئەحمەد)ی بێچارە وا تەرکی ژیانی کرد

---

(١) – ڕەنگە (ناوگوڵانی) ڕێکتر بێت. (ع)

١ – کەمانی کرد: چەمیوە.

٢ – عەیانی کرد: دەرکەوت.

٣ – ئاشیان: هێلانە، لانە، هێلین.

٤ – قەتڵو عام: قڕان. وەك لە پێشەکیدا نووسراوە ئەم باسی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ی سلێمانییە وەخوڕپەیەك بە دڵی شاعیردا هاتووەو کەوتۆتە ناو قەسیدەکەوە.

١ — كه دولبەر خۆی نواند خورشیدی خاوەر زوو فیراری كرد
خەجاڵەت ماو بە زەردی عەزمی پشتی كۆهساری كرد

٢ — بەسۆزی سینە نالاێنی لە فەسڵی پایزا بولبول
كە ڕۆیە ناو گولستانو خەیاڵی نەوبەهاری كرد

٣ — خوا ڕۆژی ئەزەل ئەو بەژنو بالاێەی كە تەسویر كرد
لە شەوقی ئەو بوو ، خەلقی عەرعەرو سەروو چناری كرد

٤ — ووتی میسكی [1] خەتا ، بۆ من خەتایە لافی بۆنخۆشی
كە هاتو بۆنی عەتری پەرچەمی شێواوی یاری كرد

٥ — ڕەقیب وەحتێ كە دی یار میهرەبانە دەرحەقی عاشق
تەقی كرد وەك سەگو تۆپی ، لەداخا ئینتیحاری كرد

٦ — لە حەسرەت لێوی لەیلا بوو كە مەجنوون شێتو ڕیسوا بوو
بەجارێ كەوتە كێوو دەشتو سەحرا ، تەركی شاری كرد

٧ — كە بیستی موژدەیی تەشریفی تۆ ، عاشق لەخۆشیدا
حەیاتی مابوو تەنهاوو ئەویشی زوو نیساری كرد

٨ — بژی ئەو شاهی حوسنە وا لە ڕووی لوتفو كەرەمكاری
كەوا یادێكی حاڵی (ئەحمەد)ی ڕووتو هەژاری كرد

---

— ز : موشكی

— خورشیدی خاوەر : لێرەدا بەمانا ڕۆژی ڕۆژهەاڵتەو ئیشارەتیشە بۆ خورشیدی عاشقی خاوەر
فیراری كرد : ڕایكرد .
كۆهسار : چیا .
— تەسویر كرد (تصویر) : نەخشاندی .
— میهرەبان : بە میهرو مەحەببەتو خۆشەویستی .
— ئینتیحاری كرد : خۆی كوشت .

(۲۲)

۱ — صبح چون خورشید رخشان سر بزد أز کوهسار
(بانگ کردستان) ما پرتو فشان شد اشکار

۲ — چون نسیم علم و عرفان بر مشام ما وزید
خواب پر شور جهالت کرد أز سرها فرار

۳ — گر بچشم عقل ما دقت نمایم این زمان
قوم کرد أز لطف حق هستند جمله بختیار

٤ — کور گشته چشم حاسد ، بختشان پژمرده شد
أز ترقی و تعالی همین قوم کبار

٥ — روز عیش و شادی و گاه سرورو عشرت است
لایق است گر جان خود سازم بدین مژده نثار

٦ — هرکسی اهمال ورزد بی‌گمان در وقت خود
روسیه گردد بدیوان خدا روز شمار

---

— ئەم قەسیدەیەی بە فارسی نووسیوە ، لە دەستنووس و چاپکراوەکانا نەبوو ، لە ژمارە ٤ی سالی ۱ ی (بانگی کوردستان)دا کە لە ۲۸ی ئاغستوسی ۱۹۲۲ دەرچووە بە ناری (قائیمقامی ئەلەبجە ئەحمەد موختار) ەوە بلاوی کردۆتەوە . بە پێویستم زانی لە دیوانەکەدا بیێ .

١ – ئەگەر بینێمە سەر ، خوودەی وەکو دنگ
دڵم کونکون بێ[1] وەك ناوی بێژنگ
٢ – چلۆن ئەیدەم بە خورمای قاچو قول ڕووت
قەدی بەرزی چنارو گوێزو هارژنگ
٣ – لە زەیتوون چاکترە هەنجیرو سێومان
گەزۆم پێ خۆشترە[2] سەد جار لە بالنگ
٤ – بەلأم چی بکەم لە داخی ئەم زەمانە
وەکو مزراح سەرم کەوتۆتە ڤنگ ڤنگ
٥ – ئەوەی بۆ پارە لای داوە لە مەسلەك
بە جێ دانیشتنی چل مێخو سەد سنگ[3]
٦ – وتم بەو حیزە ئەمڕۆ ڕۆژی تۆیە
بچۆ ، دانێ بە مەیلت لنگ لەسەر لنگ
٧ – دەشوبهێ حاڵی (ئەحمەد) وەقتی وەسڵت
بە ڕۆژ هەڵهاتنو ئەحواڵی ئاونگ

---

(١) – گ : دڵم کونکون بێ هەر
(٢) – گ : چاترە
(٣) – ئو : چ دانیشتنی چل مێخو سەد سنگ
ز : بە جێی دانیشتنی بێ ، مێخو سەد سنگ

١ – دنگ : ئەو ئامێرەیە برنجو ساوەری تێدا دەکوتن
٢ – هارژنگ : زێی دەوری باخ
٣ – بالنگ : جۆرێکە لە ترنج ، مرەبای لێ دروست دەکرێت .
٤ – ئاونگ : ئاورنگ ، شەونم ، خوناڤ .

(٢٤)

١ — نموونەی ڕووی تۆیە پەرەی گوڵ
فیدات بم ئەی بەنی جەرگ‌و پەرەی دڵ

٢ — توخوا ئەی گوڵ بەسە تۆ نازو عیشوە
چی‌یە ڕەحمێ بکەی جارێ بە بولبول

٣ — نیگارا چی ئەبێ ماچێ کەرەم کەی
بکەی مەقسوودی ئەم بیمارە حاسڵ

٤ — وەکو نالینی من وایە لە عەشقت
فوغانو زەمزەمەی بولبول لەسەر چڵ

٥ — بەتوندی بەس بڕۆ، بێ، ڕۆحەکەی من
بە چاوما پێ بنێ با بەس بکا گل

٦ — مەحاڵە نەرکی ساقی‌و یارو بادە
بەسە واعیز مەکە توخوا قسەی زل

## (٢٥)

١ — درك هاوده‌میه‌تی بولبول ، په‌شێوه حاڵه‌تی بۆ گوڵ
بەهاران بۆیه ئەو دایم ئەکا هەر ئەم چڵو ئەو چڵ

٢ — له‌لام وایه که حه‌تتا خاکی ژێرکه‌وشی ڕه‌قیبانت
جه‌واهیر سورمه‌یه بۆ چاوه‌کانم ، مه‌رهه‌مه بۆ دڵ

٣ — زه‌مان به‌م حیزیه، تاڵع به ئه‌م ناسازیه ئه‌مڕۆ
نیگاریش لوتفی وابێ چۆن ئه‌بێ من مه‌تڵه‌بم حاسڵ

٤ — به‌رامبه‌ر ئه‌بروانی که‌وتمه سوجده ، وتی [١] عاشق
ئه‌گه‌رچی قیبله‌گاهی تۆ که‌چه [٢] نوێژت نیه باتڵ

٥ — ته‌وافی که‌عبه‌یی ده‌رگانه‌که‌ت ته‌نها له من مه‌نعه [٣]
له قورئانا ئه‌ڵێی ئایاتی ڕه‌حمه‌ت قه‌ت نیه نازڵ

٦ — ته‌پ‌وکۆی تریه‌تریی دڵ ، به گرمه ئه‌مشه‌و ئه‌یباران
فیدای ئەو شۆخه ، ته‌شریفی که دێته [٤] مه‌نزڵم باقڵ

٧ — ده‌خیلم تۆ بزانه ده‌ست‌و په‌نجه‌ی نازه‌نینێکه
به گۆزه‌ی تێمه‌گه حه‌یفه ، تو خوا تۆ مه‌یخه‌ره ناو گڵ [٥]

٨ — وه‌کو مووسا هه‌موو ئه‌عزای که ئه‌یبیست [٦] ڕۆژی کێوی‌توور
له‌سه‌ر تا پێم ئه‌ناڵێ وه‌قتی هیجرت نه‌ك به‌ته‌نها دڵ [٧]

٩ — ئه‌زانی قه‌دری (ئه‌حمه‌د) که‌ی ئه‌زانن ئه‌هلی [٨] ئه‌م شاره
له دنیا ده‌ربچی‌و بمرێ‌و بچێته ژێری خاك‌و گڵ

(١) - گ : سوجدەو گوتی

(٢) - گ : ئەگەرچی قیبلەگاهی نۆ کەچە

ئو : ئەگەر قیبلەگاهی تۆ کەچە

(٣) - گ : دەرگانەکەت شاهی لە من وونبوو

ئو : دەرگانەکەت شاها لە من وون بوو

(٤) - ئو : کە دێیتە

(٥) - گ : توخوا هیچ مەیخەرە ژێر گڵ

(٦) - ئو : هەموو ئەعزا کەیی بیست

(٧) - گ : دەمی هیجرت بەتەنیا دڵ

ئو : وەقتی هیجرەت بەتەنیا دڵ

(٨) - گ : ئەزانێ خەڵکی

ئو : ئەزانێ ئەهلی

٢ - سورمەیە : کلە

٣ - تالع : بەخت . مەتڵەب : مەبەس : ئامانج .

٤ - باتڵ : بەتاڵ .

٥ - تەوافی کەعبە : سووڕانەوە بەدەوری کەعبەدا . مەنعە : قەدەغەیە .

٦ - نازڵ : هاتووەخوار

(٢٦)

١ - وەختێ ڕەحمە دولبەرا میوانی دەوڵەتخانەتم
تۆ ئەگەر لەبلای[1] منیش مەجنونەکەی دێوانەتم

٢ - حەیفە سا توخوا بەسە جەورو جەفاکەت تا بە کەی
من لە دەوری شەمعی ڕوخسارت وەکو پەروانەتم

٣ - باعیسی ژین و حەیاتم یاری دڵ ڕەنجێنی خۆم
دەك بەڵاێ گەردانی باڵات و زرەی پاوانەتم

٤ - گەر لە مووکی حوسنا ، سوڵتانی[2] ئەی یاری عەزیز
خۆ منی بێچارە جانا[3] خادیمی دەرگانەتم

٥ - قەیسی عامیر جێگەیی وادیی دووجەیل بوو چاوەکەم
خۆ منیش ئێستاکە[4] وێڵی دەشتەکەی شیروانەتم

٦ - یار بە خەندەی نازەوە ڕووی کردە من فەرمووی بەسە
بۆچی تۆ نازانی (ئەحمەد) دوژمنی[5] بێگانەتم

---

(١) - تو : لەیلی
(٢) - ع : تۆ شاهی
(٣) - ع : خۆ منی بێچارەش قبستا
(٤) - ع : را منیش عەوداڵو
(٥) - ع : دوژمن و

(٢٧)

١ - دەمت بێنە بەقوربانی وەفاتم
قبوڵمە من لەجێی مووچەو بەراتم

٢ - لە هیجرانا ئەوا ڕەنجوورو زارم
وەرە بالین هەتا ماوە حەیاتم

٣ - هەموکەس وەسنی یاری خۆی لەدەستە
بەغەیرەز من ، کە هەر جوێنە خەڵاتم

٤ - لە تەختەی نەردی غەمدا ، ئەی نیگارم
خەریکی شەشدەری هاتو نەهاتم

٥ - وتی : خورشیدو مەه ، ڕوویان ئەپۆشن
لە گۆشەی بانەوە ، وەقتێ هەڵاتم

٦ - ئەڵێی (ئەحمەد) لەکوشتن ڕوو دەگێڕی
لە بەحسی عەشقدا من زۆر بەزاتم

٢ — ڕەنجوور : بیمار ، ڕەنج کێشی . زار : بێتوانا ، لاواز ، ڕەنجوور .
٤ — تەختەی نەرد : تەختەی یاریی تاوڵە . شەشدەر : خانەی شەش .
٥ — خورشید : ڕۆژ . مەه : مانگ ، هەیڤ .
٦ — بەزاتم : ئازام ، بەجەرگم .

(٢٨)

١ – بەعەزمی [١] زیارەتی کوڵمت لە ڕێگەی دوورەوە هاتم
وەرە قوربان بکە ڕەحمێ فیدای ئەو قەددو بالآتم

٢ – هەمیشە حازرم بۆ قوڕچی قوربانی نیگاری من
وەها قەت نێهگە بەندە کە زۆر شەخسێکی بێزاتم

٣ – هەموو عالەم بە کەسبوکارێ مەشغوڵن ئەما بەندە
هەمیشە عاشقی ڕووتم شەهیدی چاوی شەهلاتم

٤ – دەمت غونچە، قەدت سەروە [٢] ، لەبت لەعلی بەدەخشانە
عەجەب شۆخێکی غەددارێ فیدای ئەو زوڵفی تاتاتم

٥ – بە ئومێدی ویسالی تۆ لە ڕێگەی پڕخەتەر (ئەحمەد)
پەناهندەت بووم جانا ، بکە ڕەحمێ بە حالآتم

---

(١) – ئو : بەعەرزی

(٢) – گ : قەدت عەرعەر

١ – بەعەزمی : بەمەبەسی ، بەنیازی

٢ – بێزات : ترسنۆک ، نەوێرا

٤ – لەب : لێو . بەدەخشان : ڕوالەتێکە بە لەعل بەناوبانگە

٥ – پەناهندە : پەنابەر ، پەنابردوو .

١ - له شێخ‌و واعیزو سۆفی لەمەولا من کەنار ئەگرم
پیاڵەی مەی بە یادی دیدەیی مەستی نیگار ئەگرم

٢ - له شەوق بەژنو باڵای تۆیە ئەی شۆخی پەری پەیکەر
لەباغا جێ لەسایەی عەرعەرو سەروو چنار[1] ئەگرم

٣ - خەیاڵی مەمکەکانی گردو نەرمت دێتە بیری من
کە وەختێ پڕبەچنگ لێوو بەی‌و سێوو هەنار ئەگرم

٤ - خوڕەی فرمێسك‌و نەعرەو فوغانی[2] خۆم لە بەرچاوە
کە شەو من گوێ لە دەنگی نەعرەیی هەوری بەهار ئەگرم

٥ - وتم چاکت ئەسیری حەلقەیی ئەو پەرچەمەت کردم
وتی شێتی بە تای ئەم زوڵفە من شێری شکار[3] ئەگرم

٦ - بە قوللاپی مژەو حەڵقەی کەمەندی زوڵفی چین‌چینم
ئەگەر بێ ئارەزووم بێ ڕۆستەم‌و ئەسفەندیار ئەگرم

٧ - ئیشارەی کرد بڕۆی یەعنی کە بۆ قەتڵی دڵی عاشق
لە پشتی چاوی یارۆ جێگەیی سەد زوڵفەقار ئەگرم

---

(١) - ز : سەرو و چنار

(٢) - ز : فەنایی

(٣) - ز : پەری شار

٥ - شکار : ڕاو ، بەشوێنی بەردەڵانیش دەوترێت .

٦ - مژە : برژانگ ، مژیلان .

٧ - یارۆ : یا یارەوە ، یا (یارۆ) لەلای هەڵەبجەو نارجالا جێی ووشەی «هین»ی سلیمانی‌و «هەرامە سۆران‌و «ئەڤی‌دی»ی بادینان دەگرێتەوە .
زوڵفەقار : شمشێرەکەی ئیمامی عەلی‌یە .

(٣٠)

١ — به یادی چاوەکانت دایما من مەستو حەیرانم
له عەشقی قامەتت قوربان وەکو زوڵفت پەرێشانم

٢ — ئەوەندە من له هیجری وەسڵی تۆ زاری ئەکەم جانا
وەکو داوێنی ئەلوەن دایما من سوورە دامانم

٣ — لەبۆ جارووبی ڕێگەت حازرم دایم گوڵی ڕەعنا
به گۆزەی پڕ له ئاوی دیدەوو دوو گەسکی موژگانم

٤ — سەلیبی زوڵفی تۆم خستۆتە گەردن بووم به نەسرانی
ئیتر قوربان بکە ڕەحمێ نە دینم ما نە ئیمانم

٥ — ئەوەند (ئەحمەد) کە مەدحی ڕووی تۆی کرد شێتو ڕیسوا بوو[1]
به خەڵڵاقی زەمین[2] لەم شیعرە چاتر بەندە نازانم

---

- له دەستخەتێکدا : تۆی کردبوو به عەیب
- گ : ئەوە

- ئەڵوەن : ڕوباری ئەڵوەن .
جارووب : گسك ، مەبەست گسك لێدانە .

١ — خەیاڵم وایە خەڵقە من کە تەرکی عەشقی دولبەر کەم
ئێستر میهری پەری ڕوویان بە یەکجاری لە دڵ دەرکەم

٢ — ئەگەر دڵ بێت و مەیلی گوڵڕوخان و نازەنینان کا
لە سینەی لابەرم ، لەت لەت بە نوکی تیژی خەنجەر کەم

٣ — لە داغی سیلسیلەی (١) تووڕەی (٢) نیگاری نازەنینی خۆم
ئەبێ تەرکی وەنەوشەو سونبول و هەم عەترو عەنبەر کەم

٤ — ئەڵێن دولبەر لەگەڵ منداا (٣) دڵی سارده ، ڕەقیب شادە
ئەبێ خاکو گڵی عالەم ئێستر من هەر لەسەر سەر کەم

٥ — کە بالای دولبەری دی سەروی بوستانی (٤) وتی شەرتە
ئێستر خۆم دەرنەخەم ، تەرکی لیباس و بەرگی ئەخزەر کەم

٦ — هەتاکەی هەر لە دووریی تۆ ئەمن بێم و بچم جانا (٥)
بە بێسوود بۆچ (٦) نیگەهبانی گوڵ و گوڵزاری بێبەر کەم

٧ — ئەگەر شەو سەر لەسەر خشتێ بکەم باکم نیە چونکە (٧)
بە ئاوی دیدە ئومێدم وەهایە با لەشم تەر کەم

٨ — وتی عاشق دەست بۆچی لە زوڵفم بەرئەدەی ئەمشەو
وتم تا کەی ڕەفیق عەقرەبی جەرارو ئەژدەر کەم

٩ — ئەگەر بێ (٨) ماچی لێوی دولبەرت تۆ دەس کەوێ (ئەحمەد)
حەرام بێ گەر ئێستر یادی بەهەشت و حەوزی کەوسەر کەم

---

(١) — گ : سیلسیلە
(٢) — طرة : موری ناوچاو
(٣) — گ : لەگەڵ من زۆر
(٤) — گ : بۆستانم . ئو : بۆستان
(٥) — ئو : هەتا کەی من لەدووریی تۆ بێم و بچم جانا
(٦) — ئو : بۆچی
(٧) — ئو : چونکی (٨) — گ : بێ

- میهر : خۆشەویستی ، وەفا .
- گوڵڕوخان : گوڵڕوران .
- سیلسیله : زنجیره . تۆڕه (طرة)
- بۆستان (بستان) : باخچه . لیباس : بەرگ . ئەخزەر : سەوز ، کەسک .
- نیگەهبان : ئاگادار ، پارێزەر .
- بالش : سەرین .
- عەقرەب : دووپشک . جەرار : کوشنده . ئەژدەر : مار

١ — تا حەیاتم بێ ، لە دڵما شەرتە میهرت دەرنەکەم
ڕۆژ پەرستم تا بمێنم سوجدە بۆ ئەختەر نەکەم

٢ — پێی وتم دوێنێ ڕەقیم سەیری دولبەر بۆ ئەکەی
شەمشەمە کوێرەم کە ڕوو بۆ شەمسەکەی خاوەر نەکەم (١)

٣ — بێت و گەر دەستم کەوێ ماچی دەمی تۆ چاوەکەم
ڕووڕەشم گەر تەرکی ئاوی زەمزەمو کەوسەر نەکەم

٤ — لەو زەمانەی دیومە من ، مورگانو ئەبرۆی دولبەرم
ڕەبی لاڵ بێ (٢) ، گەر تەوافی خەنجەرو نەشتەر نەکەم

٥ — عەرزی یارم کرد کە بۆچ پەرچەم لەسەر ڕوخسارتە
پێی وتم : بەزمە لەبەرچی عوود لەسەر مەجمەر نەکەم

٦ — ڕەسمی عاشق واز لە ڕۆح هێنانە بۆ دڵداری خۆی
ڕووڕەشم گەر من لە ڕێنا تەرکی ڕۆح و سەر نەکەم

٧ — بێت و بۆم دەست دا (٣) تەماشای پەرچەمو ڕوخساری تۆ
شێتم ئەر تەرکی وەنەوشەو لالەیی ئەحمەر نەکەم

٨ — یار بە ئیستیهزاوە فەرموی ماوی بەم دەردانەوە
لافی عەشقی تۆ درۆیە ، من ئەبێ باوەڕ نەکەم

---

(١) — ز : شەمشەمەکوێرەم کە من ڕوو بۆ شەمسی خاوەر نەکەم
(٢) — ئو : لاڵ بم
(٣) — ز : دەسدا

١ — ئەختەر : ئەستێرە
٢ — شەمس : ڕۆژ . خاوەر : ڕۆژهەلآت
٥ — عوود : لە دارەختێکی بۆن خۆش دەبڕێ و دەسوتێنرێ . مەجمەر : مەقەلی ، ئاگردان .
٦ — ڕەسم : ڕێو شوێن .
٧ — لالەیی ئەحمەر : گوڵالە سوورە
٨ — ئیستیهزا : گاڵتە پێکردن .

١ – مەکەن مەنعم کە وەك مەجنوون خەریکی هاتوچۆی کێوم
پەشێوی لەیلی [1] کوردم تاکو ڕۆحم دێتە سەر لێوم

٢ – وەتەن فەرمووی بە خەندەی نازەوە هەروەك پەری وامە [2]
ئەما [3] حەیفێ کە چەند ساڵە ئەسیری پەنجەیی دێوم

٣ – هەمیسان پێی وتم ئەوسا مەکانی شەخسی عاقڵ بووم
فەقەت چیبکەم ئەمە چەند موددەتە بێساحێب و خێوم

٤ – دەخیلتان بم وەکو عارەب، توخوا مەمگۆرنەوە هەرگیز
بە ڕوپیەو پارە هەرچەند ئێستەکە مشتێ چڵوچێوم

٥ – بەجارێ ئەمڕۆ جاهیل غاڵبە، عاقڵ بووە مەغلووب
ڕەفیقان سا نیشانم دەن قوڕێ تا بیم و بپێوم

٦ – لە داغی دەهری دوون شەرتە بەسەرما گەر بڕووخێ چەرخ
گەلێ نامەردم ئەر شانم لەبەر ئەو بارە بیزێوم

٧ – لە عەرسەی شیعردا، (ئەحمەد) عەجایب شەهسوارێکە
لە مەیدانا بزانە ئەسپی خۆم چۆنی دەتاخێوم

---

١ – گ: بە شێوەی لەیلەی
٢ – گ: هەروەك پەری وایە
٣ – گ: ئەمان

– مەکان: جێگە . موددەت: ماوە ، ئاو. ساحێب: خاوەن، خودان.
– غاڵب: سەرکەوتوو . مەغلووب: ژێرکەوتوو
– دەهر: زەمان ، چەرخ . شەرتە: مەرجە.
– عەرسە: کۆڕ ، مەیدان . دەتاخێوم: لێدەخورم، دەهاژوم.

١ — من سیارِۆژی دوو زوڵفی هەروەکو زونناری تۆم
قوڕِ بەسەر دڵ پڕِ لە خوێنی لێوی وەک گوڵناری تۆم [١]

٢ — گەر وجوودم خەستەیە یا زەردە ڕەنگم چاوەکەم
من گرفتاری فسوونی چاوەکەی بیماری تۆم [٢]

٣ — گەر بە قەهرۆ تۆ دەرمکەی سەد کەرەت لەم قاپی یە
دەست لە تۆ هەڵناگرم هەر عەبدو خزمەتکاری تۆم

٤ — نایەڵێ لەو گەنجی حوسن و دولبەرە بەهرەم بێ [٣]
دایما مەشغووڵی دەفعی زوڵفی وەک ڕِەشماری تۆم

٥ — من بە ئومێدی ویسالی تۆ لە ڕێگەی دوورەوە
هاتووم لوتفت بێ ، قوربان [٤] غەریبی شاری تۆم

---

(١) — ع : پڕِ لە خوێنی دیدەیی بیماری تۆم
(٢) — ع : حەقمە کوژراوی خەدەنگی غەمزەکەی غەددای تۆم
(٣) — ع : نایەڵێ لەو گەنجی حوسنەت بەهرەیەکم دەس کەوێ .
(٤) — ع : هاتووم ڕِەحمت بێ گیانە

١ — سیا : ڕِەش . زونار : پشتێنی کەمەری قەشە ، یا گەردنبەندێ کە بەخاچەوە بەملدا دێ خوارەوە .
٢ — وجوود : لەش ، تەن . خەستەیە : نەخۆشە ، ناساغە .
فسوون : سیحر .
٣ — بە قەهرۆ : بەقەهرەوە ، بە ڕِقەوە .
٤ — گەنج : گەنجینە ، خەزنە .

١ — من كه كوردم حەز به ( . . . . . )[١] كوردستان ئەكەم
ئارەزووی دەوری تەرەقیی حاكمی بابان ئەكەم

٢ — ناوەجاخە ئەوكەسەی خزمەت بكا بۆ غەیری خۆی
تا بە مردن شەرتە من هەر بەندەیی خۆمان ئەكەم

٣ — میللەتی من هەروەكو شێری ژیانن بۆ نەبەرد
ئێستەكە من چۆن ئیتاعەی ( . . . . . ) ئەكەم

٤ — گەر لە غەیری میللەتی خۆم بێ ئومێدی چاكە كەم
شێت و بێعەقڵم لە شەیتان ئیددیعای ئیمان ئەكەم

٥ — گەر لە موژگانو برۆی دولبەر تەمای لوتفم بێ
من لە نووكی شیرو خەنجەر ئارەزووی دەرمان[٢] ئەكەم

٦ — لا بە توخوا نامەوێ دیجلەو فورات و نیلی تۆ
من بە فرمێسك ئێستەكە تەشكیلی سەد سیروان ئەكەم

٧ — جەژنی قوربان سالی جارێ خەڵكی قوربانی ئەكەن
بۆ وەتەن من رۆژی سەدجار رۆحی خۆم قوربان ئەكەم

٨ — شێتی چاوی لەیلی كوردم ، بۆیە وا مەجنوون سیفەت
خۆم بەدایم رووت و قووت و سەرسەری و عوریان ئەكەم

٩ — سەیری كەن[٣] بەمشتە قەومی كوردەوە مانەندی شێر
گاهێ حەملە رو بەرووی ئێران ، گەهێ تورکان ئەكەم

١٠ — داخی كوردی فەخرە ئێستە بۆ دڵی من كافیە
بۆچ مەگەر شێتم خەیاڵی رۆتبەو فەرمان ئەكەم

١١ — كوردم و بۆ كوردی (ئەحمەد) سەعی ئەكەم تا بەمزووە
ئیتتیحادی كوردی خۆمان و سنەو بۆكان[٤] ئەكەم

(١) — گ : له خاکی پاکی. له هەندێ شوێندا بەرزیی خاکی، وتراوە

(٢) — گ : دوورنان

(٣) — ئو : سەیرئەکەن

(٤) — گ : بۆتان

١ — تەرەقی : پێشکەوتن.

٣ — نەبەرد : جەنگ ، قەرماوە.

٨ — عوریان : ڕووت‌وقووت.

١٠ — بەمانا داخ‌و خەفەت ، یا سووتاندن یا کێوو چیا دێت. کافیە : بەسە.

١١ — بێتیحاد : یەکگرتن.

## (٣٦)[1]

١ — بێت‌و بەنازەوە کە بڵێ مەیلی ڕاو ئەکەم
بۆ دەنکە خاڵەکەی ملی خۆم تووشی داو ئەکەم

٢ — ئەی گیانەکەم بە چاوی ڕەشت سوێند ئەخۆم بە دڵ
بۆ دینی چاوی تۆیە کە هەر چاوەچاو ئەکەم

٣ — با ، بێنێ بۆنی سنگ‌و مەمەت ، کەی منی هەژار
ئیتر خەیاڵی بۆنی وەنەوشەو گوڵاو ئەکەم

٤ — لۆمەم مەکە کە من ئەمەوێ ڕووبەڕووت بم
بێ‌بەرگ‌و ڕووت‌وقووتم‌و مەیلی هەتاو ئەکەم

٥ — بێت‌و دەسم بدا لە دەسی پیاوی ناوەجاخ
حەو جار بە ئاوو قوڕ دەس‌و پەنجەم گلاۆ ئەکەم

٦ — بەم‌حاڵە ژین‌و بەرزەیی کورد گەر هیوام بێ
شێتم بزانە من کە خەیاڵی پلاۆ ئەکەم

---

(١) — بە خەتی خۆی نووسیویە - کوردیی بێ‌عارەبی

١ — دەس‌و پەنجە گلاۆ کردن : ئەوەیە کە مرۆڤان سەگ خۆی لە شوێنێکی بدا دێت ئەو شوێنە حەوت جار بە ئاوو قوڕە سوور دەشواو بەرە گلاری دەرئەکا .

## (۳۷) [۱]

۱ — گڕیەو گڕەی تەنووڕە [۲] بڵێسەی هەناوەکەم
سیروانو تانجەڕۆیە خوڕەی ئاوی چاوەکەم
۲ — شێواوی موویی خاوی کەسێکم بە ڕۆژ شەو [۳]
بۆیە پەشێوە ئێستەکە ، بیرە بلاوەکەم
۳ — ڕۆژێ بە پێکەنینەوە فەرمووی دە بێرەوە [٤]
بۆ پاسی نیوەشەو سەگە قول هەڵکراوەکەم
٤ — دیسان وتی : شەکەر لە دەمت دێتە دەر ئەگەر
ژەهریش بخۆیتەوە کە بێ بێنی ناوەکەم
٥ — ئەم کۆمەڵی گوڵاڵە کە ئاڵن لە کێوو کەڕ [٥]
ئاویان دراوە گشتی بە خوێنە ڕژاوەکەم
٦ — تۆبی خودا دەسا وەرە ئەی نووری چاوەکەم [٦]
ساریژکە زامی لەتلەتی جەرگە بڕاوەکەم [۷]
۷ — باوەڕ مەکەن بین بە . . . . کوردی شارەزوور
بێترس ئەڵێم لەڕاستی دڕاوە کلاوەکەم

---

(۱) — شاعیر ئەم پارچەیەی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوەو لەسەرووبەرە نووسیویە «کوردیی بێعارەبی»

(۲) — گ : گڕیەو کزەی دەروونە (۳) — گ : شێواوی موری خاری کەسێکم منی هەژار

(٤) — گ : دەسا وەرەوە (٥) — گ : کە سوورن لە دەشتو کێو

(٦) — ئو : توبیو خوا دەسا وەرە بینایی چاوەکەم

(۷) — دێڕێك لە چاپەکەی گیوی موکریانیدا هەیە ، لە هیچ شوێنێردا تەنانەت لە دەستخەتەکەی خۆیشیدا نەبوو .

ئەی گیانەکەم بە چاوی ڕەشت سوێند ئەخۆم کە من
بۆ دینی چاوی تۆیە کە هەر چاوەچاو ئەکەم

(وەك دەبینین ئەم دێڕە لە قەسیدەیەکی تری شاعیردا هەیە)

۳ — پاس : پاسەوانی ، پاراستن .

١ — له سایەی ماچی لێوت مەیلی عەناب‌و شەکەر ناکەم
که ڕووی تۆ دەرکەوێ قەت ڕوو له ڕووی شەمس‌و قەمەر ناکەم
٢ — ئەگەر بێنۆ‌و گەدایی کۆیی دڵدارم بەقیسمەت بێ
به دڵ بادی شەهنشاهی‌و سوپاهو کەڕووفەڕ ناکەم
٣ — خوا بیکا ئەگەر ڕۆژێ قەدەم بێنێتە سەرچاوم
تەنەززول بۆ جەواهیر سورمەوو کوحلولبەسەر (١) ناکەم
٤ — به تیغی ئەبرووانی خۆی ئیشارەی کرد که بۆ قەتڵم (٢)
لەبەر ئەو مژدە ئەسڵەن مەیلی قەڵغان‌و سوپەر ناکەم
٥ — قەلەندەر مەشرەبی‌و (٣) دێوانەیی خۆشە له دنیادا
به فەقری خۆم ڕەزام ئەسڵەن خەیاڵی زیوو زەڕ ناکەم (٤)
٦ — نزیکیی پیاوی ئەحمەق باعیسی فەوتانی ئینسانە
هەتا عومرم بێ قەت من ڕەفیقیی پیاوی کەر ناکەم
٧ — که من مائیل به خێرم خیلقەتەن (٥) (ئەحمەد) بەخۆرایی
وەکو ئینسانی جاهیل مەیلی فیتنەو شۆڕو شەڕ ناکەم

---

(١) — کحل البصر
(٢) — گ : کاتێ ئیشارەی کرد لەبۆ قەتڵم  ئو : ئیشارەی کرد لەبۆ قەتڵم
(٣) — ئو : مەشرەبو  (٤) — گ : به فەقری خۆم ئەمن ئەسلەن خەیاڵی زیوو زەڕ ناکەم
(٥) — ئو : خیلقەتا

١ — عەناب : شیلان ، چیلان . شەمس : ڕۆژ. قەمەر : مانگ
٢ — بەقیسمەت بێ . بەنسیب بێ ، به بەش بێ . کەڕو فەڕ : هاتوبردە .
٣ — قەدەم : پێ .
تەنەززول : سەرشۆڕی ، له قسەی خۆ هاتنە خوارەوە .
کوحلولبەسەر : کڵی چاو .
٤ — قەتڵ : کوشتن
٥ — قەلەندەر مەشرەب : دەرویش سروشت . فەقر : هەژاری .
٦ — باعیس : هۆ .  ٧ — خیلقەتەن : له سروشتدا

١ – نیگارا سا به لوتفی خۆت شەوێ تۆ بێرە بالینم
له غەمدا وا له جیسمم[1] وەختە دەرچێ گیانی شیرینم

٢ – به یادی رووەمەتو خاڵت هەموو شەو تا به سبحەینێ
منم[2] مەشغووڵی تەعدادی گرۆهی ماەو پەروینم

٣ – هەموو عالەم له بەرچاوم وەکو دەیجوورە ئەی جانا
ئەگەر بێتو خوا نەیکا ئەمن یەك لەحزە نەتبینم

٤ – زەلیلو دڵ حەزینو بێکەسو مەهجوورو داماوم
له هیجری قامەتی سەروت هەمیشە مات‌و غەمگینم

٥ – وتم : قوربانی تۆ بم (ئەحمەد)ی بێچارە فەرهادە
وتی : عاشق بە ڕەعنایی منیش زیاتر له شیرینم

---

(١) – ئو : وا له حەپسم

(٢) – ن : ئەمن

١ – نیگار : دڵدار ، نەقش ونیگار . بالین : سەرین . جیسم : لەش ، تەن

٢ – سبحەینێ : سبەینی ، سبەهی ، بەیانی . مەشغوڵ : خەریك .
تەعداد : ژماردن . گروه : تاقم . دەستە . ماە : مانگ ، هەیڤ . پەروین : کۆ

٣ – عالەم : جیهان ، خەڵك . دەیجوور : تاریك ، شەوەزەنگ ، لەحزە : تاو ، کات ، گاف .

٤ – حەزین : غەمبار ، مەهجوور : واز لێهێنراو ، بەجێهێڵراو .
هیجر : دووری ، لێدوورەوەبوون . قامەت : بالأ

٥ – ڕەعنا : ژنی خۆبەشتزانو خۆئارایشتکەر ، بالأ جوانو ڕەنگین ، ناوی گوڵە .

(٤٠)

١ — گەر لە مەحبووسی خەلاس بم دوشمنانم پەت ئەکەم
سووری سەر ئەبڵەق لە فەرجی دایکیانا ڕەق ئەکەم

٢ — بۆ ئەمەی[1] تەرکی خراپی و موفسیدی و بەدزاتی[2] کەن
ڕەنگ و ڕووبان گشت بە ڕەنگی خاسەڕەنگ خەت خەت ئەکەم

٣ — ڕوو بە شارو مولکی ئامەد (من أشاء) دائەنێم
عاقلانە تەرکی ڕێگای ناحەزو نەگبەت ئەکەم

٤ — دۆستانی خۆم بە پارەو ماڵی دنیا شاد ئەکەم
حاسیدو موفسید هەموو نابووتو بی‌سەروەت ئەکەم

٥ — خەڵقە ئەمڕۆ چونکە حەپسم ڕێگەیی دەستم نیە
ناتوانم هیچ بکەم مەجبوورم هەر غەیبەت ئەکەم

---

(١) — ز : بۆئەوەی

(٢) — ز : بە .

٣ — دێڕی یەکەم لای (ز) نەبوو . پارچەکەش هەر لای ئەوو لە دەستنوسەکەی خۆیدا هەبوو . خەتەکە باش نەبوو بە مەزندە بەم جۆرەیە . (من أشاء) ئەوی ئەمەوێیە . ئامەد بەمانا هاتوو و داهات و بەختە .

(ئەمەد) ناوی مێژوویی (دیاربەکر)ە .

(٤١)

١ - ئەمەوێ من شەوورۆژ خادیمی دەرگاهی بم
لەبەر ئەو دامەنەدا خاکی گوزەرگاهی بم

٢ - سوحبەتو گاڵتە بە فەرزینو بە فیلو ڕوخ ئەکەم
من کە پیادەی جڵەوی ئەسپی شەهنشاهی بم

١ — خادیم : خزمەتکار . گوزەرگاه : بەردەباز ، ڕێبازی تێپەڕبوون .

٢ — فەرزین : وەزیری شەترنج . پیاده : نەفەر . ئەمانە هەمرو ئامێرو بەردی شەترنجن .

١ – سا بێنه توخوا ساقی مەی‌و شیشەوو فنجان
ئەم بەزمە موعەتتەر بکە[١] تۆ وەك گوڵی خەندان

٢ – گریانی منو ڕوومەتی تۆ ئەی بتی ڕەعنا
تەمسیلی ئەکەن شەونم‌و گوڵ سوبحی[٢] بەهاران

٣ – خوّت شێت کە ئەگەر تالبی مەسعوودی‌یو بەختی
چەند زەحمەتی دی[٣] ئادەمی بێچارە لە شەیتان

٤ – لەم مەنتیقەدا فەرقی نی‌یە ئێستە موساوین
یەك‌سان ئەنوێنێ، ڕەوشی وەحشی‌یو ئینسان

٥ – مەعنایی وەها لێك‌ئەدەنۆ بەعزێ موەززەف
قانوون ئەوەتە کەشفی بکەن باخەڵو گیرفان

٦ – تاریکی‌یی زوڵفت[٤] بووەتە باعیسی کوفرم
سا دەرخە توخوا مەسحەفی[٥] ڕووت ئەی مەهی تابان

٧ – گریانی درۆی سۆفی‌یو لێهاتنی[٦] حاڵی
دەروێش بە فیدای زەمزەمەیی[٧] نەعرەتی مەستان

---

(١) – ئو : کە (٢) – ز : تەمسیلی ئەکا شەبنو گوڵی حەجبی (٣) – ز : دەسی
(٤) – ز : دوو زوڵفت (٥) – ز : مەحەفی (٦) – ز : خۆفیو لێهاتنو (٧) – ز : زەمزەمەو

١ – موعەتتەر بکە : عەتراوی ، گوڵاڕی بکە .
٢ – تەمسیلی ئەکەن : ڕێنەی ئەنوێنن . سوبح : بەیانی
٣ – تالب : ئارەزووکەر ، داخوازکەر . مەسعوودی : بەختەوەری
٤ – مەنتیقە : ناوچە . فەرق نی‌یە : جیاوازیی نی‌یە . موساوین : چون‌یەکن ، یەك‌سانن .
٥ – ئەدەنۆ : ئەدەنەوە . بەعزێ : هەندێ . مووزەف (موظف) : فەرمانبەر . قانوون . یاسا ، کەشفی بکەن : دەری‌بخەن . بینوێنن .
٦ – باعیس : هۆ . مەسحەف : کتێبی پیرۆز . فورقان . مەهی تابان : مانگی ڕۆشن .
٧ – لێهاتنی حاڵ : جەزبە . نەعرە : فەریاد ، بانگ ، بڵند ، هاوار . مەستان : سەرخۆشان .

(١)
(٤٣)

١ — باعیسی هێزی دڵۆ پشتو پەنایی بێکەسان
یانەپی سەرکەوتنی قەومی نەجیبی کوردەکان

٢ — واسیتەی ڕێگەی نەجاتی قەومی دڵ سوناوی کورد
ئەی نیساری مەقدەمی تۆ بن بەجارێ ڕۆحو گیان

٣ — پێو قودوومت خێر بێ یارەبی بڵند بێ پایەکەت
شادو مەمنوونن بە تەشریف هاتنی تۆ پیرو جوان

٤ — تۆ چرای بۆ ڕێگەپی تاریکی بەختی قەومەکەت
ئەی بناغەی عیلمو سنعەت وەی سەبەب بۆ حوڕ ژیان

٥ — میللەت ئێستە چاوەڕوانە بۆ نەتیجەی هیممەتت
وەختی خۆ دەرخستنە جیگای هیوایی گشتمان

---

(١) — ئەم قەسیدەیە بۆ یانەی سەرکەوتنی کوردان لە بەغدا نووسراوە.

١ — باعیس : هۆ.
٢ — واسیتە : هۆ. نەجات : ڕزگاری. نیسار : پەخشکراو ، بڵاوکراوە. مەقدەم : هاتن.
٣ — پێوقودوومت : هاتنت.
٥ — نەتیجە : ئەنجام. هیممەت : هەوڵ و کۆشش

١ — مانگی ڕەمەزان هاتەوە بۆ بەختی شەڕی من
ڕەنگ زەردو زەعیفە گوڵەکەی سیم بەری من

٢ — بێ بادەوو بێ ساقی یو[1] بێ بەرگ و نەوایە
مەحزوون و پەرێشانە دڵی دەربەدەری من

٣ — گەر بێت و دەرم کەی بەخوا ڕۆژی دووسەد جار
هەر خاکی دەری تۆیە نیگار تاجی سەری من

٤ — فەرمووی بە من ئێستاکە لە غەم زارو زەعیفی
جا لایقی بۆ حەلقەیی دەوری کەمەری من

٥ — یارم بە نەزاکەت وتی دەردی دڵی زارت
دەرمانی نییە غەیری لەبی وەک[2] شەکەری من

٦ — لەورۆژەوە وا دوڵبەرەکەم ڕۆیوە خەڵقە[3]
بێ نوورە لەبەر گریەوو زاری بەصەری من

٧ — بولبول وەکو (ئەحمەد) نییەتی زەمزەمەوو شۆر
عالەم هەموو بێدارە لە نالەی سەحەری من

---

١) — ن : بێ بادەیی ساقی
٢) — ك ، ئو : گوڵ
٣) ك ، ئو : خەڵکە

— زەعیفە : لاوازە . سیم بەر : پەڕەزیوین .
— نەوا : ئاواز ، ئاهەنگ ، ناوی مەقامێکی کۆنی ڕۆژهەلاتییە ، بە سەرو سامان و ڕەونەقیش هاتووە .
— دەر : دەرگا
— لایق : شایان ، شایستە ، هێژا
— بەنەزاکەت : بەناسکی . غەیری : بێجگە . لەب : لێو .
— نوور : ڕووناکی . بەصەر : چاو . دیدە : بینین .
— بێدار : بێ خەو . سەحەر : بەری بەیان .

١ - قیامەت هەڵئەسێ بێتو قیامێ کا نیگاری من
زەمانە تێك ئەدا ئەمرۆ نیگاهی چاوی یاری من[١]

٢ - وتی : باوەش بە بالأی سەرودا کەو ، گوڵ بەبۆنۆ کە
کە تەمسیلی ئەکەن ئەو دوانە بۆسینو[٢] کەناری من

٣ - بە نازو عیشوە دیسان هاتە جواب ، فەرمووی پیاڵەو مەی[٣]
بزانە فەزڵی ئەمرۆکە کە دیت چاوی خوماری من

٤ - گرفتارن لە داوی پێچوتابی زوڵفی موشکینت
هەزار عاشق نەوەك تەنها دڵی زاری هەژاری من

٥ - گوڵو نەسرین لە خاکم سەوز ئەبن گەر بێتو ئەو یارە
لە ڕۆژێکی خەزانا بێتە سەر قەبرو مەزاری من

٦ - دڵم هاوینە بۆ وەسڵی ، بەڵام ئەو مەیلی[٤] زستانە
خەزانی بۆیە کرد خەڵقینە[٥] عومری وەك بەهاری من

٧ - هجوومیان کرد ڕەقیبان وەك ڕەوی[٦] سەگ دەوریان لێدام
مەگەر شمشێری ئەبرۆی ئەو بکا ئێستا کە چاری من

٨ - بە خەندەی نازەوە فەرمووی ، فرێدە تۆ بەیو لێمۆ
تەبیعەت دەستی خستووی جوونە مەمکی وەك هەناری من

٩ - بڕۆ ئەی وشکە سۆفی ، با موبارەك بێ لە تۆ جەننەت
من و پیاڵەی شەرابو وەسڵی شۆخی باویقاری من[٧]

---

(١) - ز : نیگای چاوی دیاری من
(٢) - ز : ئەوا داوانە بۆ سینەو
(٣) - ز : پیاڵەی من
(٤) - ز : فەسڵی
(٥) - ز : خەڵقی
(٦) - ز : ڕەوە
(٧) - ز : ناوداری

- قیامێ کا : هەڵسێ. نیگاه : تەماشا کردن
- گوڵ بەبۆنۆکە : گوڵ بەبۆنەوەکە : بۆسین : ماچوموچ
- پێچوتاب : پێچوتاو. موشکین : میسکاوی.
- وەسڵ : پی‌گەیشتن.
- بەی : بەهێ. تەبیعەت : سروشت.

١ – شەمسەیە کوولەکەیی ڕۆحمو ئیمانی من[١]
شەمسەیە باعیسی ژین‌و سەرو سامانی من

٢ – شەمسەیە مایەیی[٢] کەیف‌و فەرەحم ڕۆژو شەو
شەمسەخانە بەخودا شەمعی شەبوستانی من

٣ – شەککەری لێوی ئەوە مەرهەمی[٣] قەلبی زارم
قەددی مەوزوونی ئەوە سەروی گولستانی من

٤ – پێی وتم شەمسە ، خەجاڵەت بووە شەمسی خاوەر
لەودەمەی دیویە ئەو سوبحی گریبانی من

٥ – بە سەری تۆ قەسەم ئەی یوسفی کەنعانی من
لێوی شیرینتە تووتی‌ی شەکەرئەفشانی من

٦ – شەمسە تۆ لازمە من وەختێ کە مردم جانا[٤]
قەت فەرامۆشی نەکەی سنعەت‌و عیرفانی من

٧ – حوبی تۆ کافی‌یە بۆ (ئەحمەد)ی بێچارەیی خۆت
لوتفی تۆیە بەخودا ڕوتبەوو نیشانی من

---

(١) – گ : شەمسەیە مایەی خۆشی ، هەم تەرەب‌و مانی من
ك : شەمسەیە مایەی خۆشی‌و تەرەب‌و مانی من

(٢) – ك : واسیتەی (٣) – ك : مەلحەمی (٤) – ك : گیانە

– ئەم شیعرانەی بۆ «شەمسەخان» نووسیوە کە کچی گەورە یەتی .

١ – ئیمان : باوەڕ
٢ – فەرەح : خۆشی‌و شادی . شەمع : مۆم . تاریکستانی :
٣ – قەددی مەوزوون : باڵای ڕێك‌وپێك .
٤ – خەجاڵەت بووە : شەرمەزار بووە . شەمسی خاوەر : ڕۆژی ڕۆژهەڵات
٥ – قەسەم : سوێند . تووتی : باڵندەیەکە قسەکات . شەکەرئەفشان : شەکر ڕێژ ، شەکر بلاوکەر
٦ – سنعەت : کردەوە . ٧ – حوب : خۆشەویستی . کافی‌یە : بەسە . ڕوتبە : پا

١ — وەعدەیی فەرموو، کە بێتە کولبەیی ئەحزانی من
بەڵکە ڕۆشن کا دو چاوم یوسفی کەنعانی من

٢ — لابە توخوا پڕتەوی شەمع و چرا ، لەم مەحفەلە
چونکە ئەمشەو هاتە[1] مەجلیس ماهەکەی تابانی من

٣ — ئەشکی چاوم جاری‌بە دایم لە هیجری قامەتت[2]
بەڵکو بێتە نازو لەنجە سەروەکەی بوستانی من

٤ — سەیری چەند شێتە تەبیبم هەر موداوای[3] من ئەکا
چونکە نازانێ کە ماچی دولبەرە دەرمانی من

٥ — پێی‌وتم بەم تیغی ئەبرۆمە سبەینێ ئەتکوژم[4]
تۆ ئەبێ شاد بی کە بوویتە قوچەکەی قوربانی من

٦ — سایەیی[5] گێسووی چلیپات لابدە جانا لە ڕووت
بۆچ[6] بەزوڵمەت دائەپۆشی چاوەکەم قوربانی من

---

- ز : دیتە
- ز : ئەشکی چاوم جا بەخوڕ دێ را لە هیجرەت نامەتت
- ن : هەمداوایی
- ز : ئەبرۆ مەە جەبینە ئەتکوژم
- ز : ساقیا
- ئو : بەو

- وەعدەیی فەرموو : بەیمانی‌دا . کولبەیی ئەحزان : ماڵە کارلە پڕ لە خەفەتەکەم.
یوسفی کەنعان : یوسفی کوڕی یەعقوبی پێغەمبەر .
- شەمع : مۆم . مەحفەل : کۆڕ
- بوستان : باخچە
- تەبیب : پزیشك .
- تیغ : چەقۆ ، بڕندە . قۆچی قوربان : قوربانی
- سایە : سێبەر . گێسوو : پرچ . چلیپا : خاچ ، سەلیب . زوڵمەت : تاریکی .

١ – سەیری کەن خەڵقینە توخوا حاڵەتی زاری وەتەن
چەند پەرێشانە لەبەر غەفڵەت هەموو کاری وەتەن

٢ – وەختی تێکۆشانە ئەی قەومینە غەفڵەت تا بەکەی
وا خەزانی کردووە ئێستێکە گوڵزاری وەتەن

٣ – خۆ وەتەن ئەمرۆ نەخۆشە ئەم تەبیبی حازیقە
چی ئەبێ بێکا مواوا قەلبی بیماری وەتەن

٤ – کوانێ خەڵقینە لەکوێن فیرقەی مونەوەر تینەتان
چونکە ئەو فیرقە ئەزانن دەردو ئازاری وەتەن

٥ – من بە باخو گولستانی جەننەتی ناگۆڕمەوە
خاکی ئەو جێگەی کە کوردە نەشتەری خاری وەتەن

١ – حاڵەتی زار : پەشێوی ، گریان . غەفلەت : بێئاگایی ، بێهۆشی . وەتەن : نیشتمان .
٢ – خەزان : پایز ، گەلاڕێزان
٣ – تەبیبی حازیق (حاذق) : پزیشکی شارەزا . مرداوا : چارەسەر ، تیمار .
قەلب : بەمانا دڵ لەشیش دێ .
٤ – فیرقەی : دەستەی ، تاقمی . مونەوەر تینەتان (طینه) : سروشت ڕوناکبیر .
٥ – جەننەت : بەهەشت . نەشتەر : دەرزی ، سوژن . خار : درک ، دڕی

١ — چاوەکەم دوورێ لە ڕووتوا چاوەکانم ژان ئەکەن
هەر لە سوڕمەی خاکی ڕێگات ئارەزووی دەرمان ئەکەن

٢ — یەعنی ئاوی دیدەکانی من لە دووریی قامەتت
وا بەخوڕ دێن هەر لە نەهری تانجەرۆو سیروان ئەکەن

٣ — پەرچەمو لێوو دەمی شیرینی یاری نازەنین
هەر لە زوڵماتو لە ئاوی چەشمەیی حەیوان ئەکەن

٤ — جانفیدای ئەو دولبەرانەم وا بە خەندەی لێویان
بێمودا وا زامی قەلبی عاشقان دەرمان ئەکەن

٥ — ئەو کەسانەی خادیمی دەرگای نیگارن دایما
گاڵتەوو سوحبەت بە تەختی قەیسەرو خاقان ئەکەن

٦ — لادە شاعیر[1] تۆ لە باسی عەشقبازیو سەبری کە
چۆن خەریکن چەند کەسێ ئێستا وەتەن وێران ئەکەن

٧ — جاهیلان بۆ ئیستیفادەی زاتی خۆیان ڕۆژو شەو
لەم موحیتە مەنعی عیلمو سنعەتو عیرفان ئەکەن

٨ — ڕووڕەشی دنیاو قیامەت ئەو نەفامانەن کەوا
هەجوی قەومو میللەتی خۆیان بە پارەو نان ئەکەن

٩ — ئاسمان ئێستا وەها چەرخاوە جاهیل غاڵبە
گوربەوو ڕێوی خەیاڵی مەرتەبەی شێران ئەکەن

١٠ — چەن کەسێکی تازە پیاکەوتوو لە کوورە دەرچوون
پیاو کە چوو بۆ ئیش لەپێشا یۆقڵەمەی گیرفان ئەکەن

١١ — خەڵقە[2] بەعزێ کەس لە ئینسانی چی یان دیوە زەرەر[3]
وا هەمیشە مەشقی وەحشیو پەیڕەوی حەیوان ئەکەن

(۱) – گ : عاشق

(۲) – گ : خەڵکە

(۳) – ئو : خێرەد

۱ – سورمە : کۆل.

۲ – نەهر : ڕووبار، چەم

۳ – زوڵمات : تاریکی. چەشمەیی حەیوان.

٤ – جانفیدا : گیانفیدا. خەندە : زەردەخەنە.

٥ – خادیم : خزمەتکار. قەیسەرو خاقان : پاشای ڕۆمو چین

۷ – جاهیلان : نەزانان. ئیستیفادە : سوود. لەم موجبە : لەم ناوچەیە.

۸ – مەنع : قەدەغە. عیلم : زانست. سنعەت : پیشەسازی. عیرفان. زانین، زانست، تەسەوف

۹ – غالبە : سەرکەوتوو. گوربە : پشیلە مەرتەبە : پلە.

۱۰ – تازە پیاکەوتوو : تازە بە ناهەق پێگەیشتوو، بە ڕێکەوت پێگەیشتوو. یوڵڵمە : فەحس، گەڕان.

۱۱ – زەرەر : زیان : مەشق : پێڕەو.

(٥٠)

-١-

١ - شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زوڵفو چاو بکەن
کەم خەیاڵی پەرچەمو کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن
لا بدەن کەم باسی سونبول یا لئی لاولاو بکەن
ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسوتاو بکەن
زووبەزوو تا ئیش لە دەس دەرنەچوە سا هەوڵێ بدەن

-٢-

ئێوە تەعریفی مەیو پیاڵەو گوڵو سەهبا ئەکەن
دائما هەر باسی لەنجەو قامەتی ڕەعنا ئەکەن
سەرخۆشی خۆشە ، وەیا شەربەستی ؟ بۆچی وائەکەن
تاکو کەی ئێوە قسەی وا پووچو بێمەعنا ئەکەن
زووبەزوو تا ئیش لە دەس دەرنەچوە سا هەوڵێ بدەن

-٣-

بێکەسو بێپشتیوانین ڕێگەمان دوورە وەرن
حەیفە ئێوە وا ئەسیری دەستی چەن قەومی کەرن
بۆچی نازانن لە توخمی کاوەیی ئاسنگەرن
هەڵبکەن . . . . . کوردی ئەم ئیدارە لابەرن
زووبەزوو تا ئیش لە دەس دەرنەچوە سا هەوڵێ بدەن

-٤-

هەڵبکەن . . . . . کوردی مەقسەدم تالآن نیە
پارە تەحسیل کردنو ڕووتکردنی کاروان نیە
غەیری مەکتەب بۆ تەداوی ئێمە هیچ دەرمان نیە
هیچ سیلاح چاتر لە عیلمو سنعەتو عیرفان نیە
زووبەزوو تا ئیش لە دەس دەرنەچوە سا هەوڵێ بدەن

-٥-

حەقمە من شەو تا بەیانی ئارەزووی گریانمە
شێت نەبووم وا دایما هەر مەیلی قور پێوانمە
ڕۆڵە مردوو نیم بزانن شیوەنی کوردانمە
بێتو تەحلیلی بکەن دیجلەش قنگاوی وانمە
زووبەزوو تا ئیش لە دەس دەرنەچوە سا هەوڵێ بدەن

-٦-

وەك قەلاێیکی تەبیعی وایە شاخو داخمان
قەت لە بن نایە بە خواردن میوەیی ناوباخمان
جەننەتن شاری سلێمانیو سنەو سابلاخمان
ئیتتیفاقێ با بکەین لابەین لە دڵدا داخمان
زووبەزوو تا ئیش لە دەس دەرنەچووە سا هەوڵێ بدەن

١ — سەونبول : سومبول ، جۆرە گوڵێکە
٢ — تەعریف : وەسف ، ستایش .
٤ — مەقسەد : مەبەس . پارە تەحسیل کردن : پارە پەیدا کردن . مەکتەب : قوتابخانە . سیلاح : چەك
٥ — مەیل : ئارەزوو : تەحلیلی بکەن : لێی بکۆڵنەوە .
٦ — تەبیعی : سروشتی . جەننەت : بەهەشت . ئیتتیفاقێ با بکەین : با ڕێکەوین

١ - نموونەی چاوو ڕووتن مانگ‌و پەروین
نەخۆشە دڵ ، لە لێوت بێنە هەنگوین

٢ - لەسەر دینت ئەگەر تۆ موستەقیمی
دە ئەمرم پێ بکە لاچم لەسەر دین

٣ - پەشێوە بولبولی دڵ بۆ گوڵی ڕووت
فیدائم بۆچ ئەکەی زوڵفت بە پەرژین

٤ - گوڵاڵەی بێستوون ئێستەش بەهاران
ئەڵێن پێت ماجەرای فەرهادو شیرین

٥ - چ شیرینە خوایا ئەو نیگارەم
بە بالای ئەو براوە نازو تەمکین

٦ - نیگار شین پۆشە بۆیە ئاسمانیش
هەمیشە ڕەنگی شینە وا دەکا شین

٧ - لە لای‌من دەرسی خوێند بولبول کەوا شەو
هەتا سبحەینێ ناوەستێ لە نانێن

٨ - وەکو ڕەشماری زامار پێچ ئەخۆم من
کە دێم وەستاوە زوڵفت چین لەسەر چین

٩ - بە ماچی لێوی تۆ ئەبدەم ئەگەر بێ
قبوڵی کەی لە من تۆ چین‌و ماچین

١٠ - خوایا چی ئەبێ زستانی مەیلی
لە حەق (ئەحمەد) بکەی تاوێ بە هاوین

١ - پەروین : کۆ (ئەستێرەیە)
٢ - موستەقیم : ڕاست
٥ - تەمکین : توانا
٦ - شینی یەکەم ڕەنگەو (شین)ی دووەم شیوەن یا ماتەم . لێرەدا بووە بە جیناس .

١ — دوێنێ دولبەرێکم دی کە وەك شمشادی بوستانە
سوئالم کرد کە بۆچی ڕووت ئەڵێی مانگی دەرەخشانە

٢ — ئەوە مەمکە وەیا نارنجە ، یا سێوی خوراسانە
ئەوە ڕوونە ، وەیا مانگە ، وەیا خورشیدی تابانە

٣ — ئەوە موژگانی تۆیە ، یا وەکو تیرێکی دڵدۆزە
ئەوە باڵاپی تۆیە یا بەقوربان سەروی بوستانە

٤ — ئەوە دەمتە نیگار یا نوقتەیی مەوهوومە ئەی دولبەر
ئەوە لێوە ، وەیا یاقوتە ، یاخۆ قووەتی جانە

٥ — ئەوە زوڵفی ئەتۆیە وا لەدەوری ڕووت ئەدا حەڵقە
وەیاخو[1] زولەتی کوفرە لە دەورەی نوری ئیمانە

٦ — ئەمن بولبول ، ئەتۆ گوڵ ، سا بکە ڕەحمێ بە حاڵی دڵ
لەداخی خاڵی ڕووی تۆ حاڵەکەم یەکجار[2] پەرێشانە

٧ — سەرم وەك گۆ ، لە جێگەی بازیا داناوە ئەی جانا
سەری زولفت لە بۆ چەوگانی[3] بازی مبسلی چەوگانە

٨ — بە حەرفی موددەعی قوربان لە من عاجز نەبی چاکە
ڕەقیبی سەگ سیفەت جیلەو دەسیسەی میسلی شەیتانە

٩ — دڵم هاوین سیفەت بۆ دیدەنی یار گەرمە[4] ئەمڕۆ من
ئەما یارم لە عاستی من ئەلێ سەردیی زستانە

١٠ — مەدوو (ئەحمەد) بەخۆرایی ، لە تەعریفی نیگاری خۆت
هەموو عالەم ئەزانێ دولبەرت سەرخێڵی خووبانە

---

(١) — ن . ئو : یاخود
(٢) — ن . ئو : ئێجگار
(٣) — ئو : چەوگان
(٤) — ن : گەر نە

١ – شمشاد : شمشاڵ . سڕاڵکرد : پرسیم . دڕەخشان : ڕووناك ، تابان

٢ – خورشید : ڕۆژ . تابان : ڕۆشن ، ڕووناك

٣ – دڵدۆز : کار لە دڵ کەر ، دڵتاژاردەر

٤ – مەوهووم : نادیار : خەیاڵی . بەوەهم . قووەت : هێز . جان : گیان

٧ – گڕ : تڕپ . بازی : یاری . چۆگان : گۆچان : کاشوو . قاشوو

٨ – مرددەعی : داواکەر ، دوژمن . ڕەقیب : ناحەز ، حەسوود .

١٠ – خووبان : چاکان ، جوانان .

١ – جەمال : جوانی . مەه : مانگ . سیمین : زیوین .

٢ – عوششاق : عاشقان ، دڵدارانی . موژگان : برژانگ . سیا : ڕەش

٣ – قەوس : کەوان . هوما : باڵندەیەکی ئەفسانەیی یە ، دەڵێن سێبەری بەر هەرکەس کەوێ بەختیار ئەبێت .

سەیف : شیر ، شمشێر . خونڕێز : خوێن ڕێژ . هیلال : مانگی یەکشەوە .

٤ – درود : دوورکەل . مەجمەر : شوێن جەمەر ، شوێن پشکۆی ئاگر ، ئاگردان .

٥ – کولبە : خانە . بەردەباز : ڕێگە ، تووڵەڕێ کە بە بەرد دەکرێتەوە .

٦ – تۆڕە (طرە) : مۆر ، کاکۆڵ . عورد : دڕەختێکی بۆنخۆشە . عەنبەر : شتێکی بۆنخۆشە .

٧ – لاڵەزار : بەشوێنێك ئەڵێن کە گوڵاڵەی زۆری لێ ڕوابێ .

٨ – شەبنم : شەونم ، ئاورنگ ، خوناف . ماه : مانگ . ئەختەر : ئەستێرە .

١٠ – بەدر : مانگی چواردە ، تەواو . مینا : شوشە ، ئاوێنە ، بلوور ، ناوی گوڵێشە

١١ – چا : چاڵ . زەنەخدان : چەناگە . زەمزەم : ناوی بیرێکە نزیکی کەعبەیە . زەمی ئەکەم : لەسەری زیاد ئەکەم . تروس (طوس) : تروسی نەوزەر : تووسی کوڕی نەوزەر یەکێکە لە پاڵەوانی داستانی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی کەیکاوس و کەیخوسرەودا .

١٢ – خەمبرو : چەمابەوە .

١٣ – نەخل : دارخورما . مراد : مەبەس : ئاوات .

(٥٣)

١ - ئەو زیایە[١] وا لەدوور دیارە[٢] مەقامی دولبەرە
یاوەکو شەوقی جەمالی ئەو مەهی سیمین بەرە

٢ - بۆ جگەر لەتکردنی عوششاقی موژگانی سیای
ناوکی تیرە[٣] وەیاخۆ نووکی تیژی نەشتەرە

٣ - ئەبرووە یا قەوسە ، یا[٤] بالی هومایە پێمبڵێ
سەیفی خونرێژە[٥] ، هیلالە ، دولبەرا[٦] یا خەنجەرە

٤ - دوودی ئاهی سینەکەم ئەمشەو لە هیجرت چاوەکەم
وا سەری گرتووم گەلێ زیاتر لە دوودی مەجمەرە

٥ - فەرموو تەشریف بێنە کولبەی عاشقت ئەمشەو بەناز
حازرە بۆ بەردەبازی ڕێگەیی تۆ ئەم سەرە

٦ - قەت بە بۆنی زوڵفی تۆ نابێ گوڵاڵەو یاسەمەن
عەتری تووڕەی تۆ نە وەك عوودە ، نە میسلی عەنبەرە

٧ - لالەزارە دامەنم ، جانا بەخوێنی ئاڵی ئەشك
وەختی سەیرانو تەماشایە دەخیلت بم وەرە

٨ - خۆی لەسەر ڕوخساری جانانە لە بەرچاوم ئەڵێی
هەر لەسەر بەرگی گوڵە شەبنم[٧] ، لەسەر ماە ئەختەرە

٩ - سەیفە یا قەوسە وەیا باڵی هومایە پێمبڵێ
یا هیلالی یەکشەوە یا تاقی ئەبرۆی دولبەرە

١٠ - ڕوومەتت بەدرە[٨] ، ملت مینای سافە بێغەشە
دەمقووتووی دانەی دوری دەریایە ، لێوت شەککەرە

١١ - چای زەنەخدانت بڵێم وەك زەمزەمە زەمی ئەکەم
ئەبرووت زیاتر لە تیغی دەستی توسی[٩] نەوزەرە

۱۲ — وا به عومری جوانەوه پیر بووم قەدم خەم بوو له غەم
دولبەرا دووربینی چاوم ئێستە ئەمسەر ئەوسەرە ئاشکرێ

۱۳ — ئائومێدو بەش‌بڕاو (ئەحمەد) له دنیادا ئەتۆی
نەخلی ئومێدی مرادی تۆیە دایم بێبەرە .

---

(۱) — ضیاء
(۲) — ز : دوور دیارە .
(۳) — ن . ئو : تیرن .
(٤) — ز : وەیا
(٥) — ز : خونرێژە .
(٦) — ز : هیلالی دولبەرە .
(۷) — ئو : ئەونم .
(۸) — ز : بەردە .
(۹) — طوسی

۱ — ضیاء : ڕووناکی . مەقام : جێگە ، پایە . شەوق : تیشك .

١ — نەخۆش کەوت نێرگسی بێچارە بۆ ئەو چاوە بیمارە
قەدی نوشتایەوە عەرعەر کە دی بالای ئەو یارە

٢ — برینی سەردڵی (١) دیسان بەناسۆر کەونەوە ناڵە (٢)
لە داخی لێوی ئاڵی ئەو نیگارەی بێچووە عەیارە

٣ — کە تای زوڵفی نواند سونبول ، خەجاڵەت بوو لەناوباخا
فیراری کردو ڕووی‌کردە بیابان وێڵو بێچارە

٤ — نواندی گەردنی خۆی ، گەردنی مینای شکان دیسان
موسوڵمانی نەهێشت حەڵقەی سەری ئەو زوڵفە زونارە

٥ — کە دی گۆنایی ئاڵت گوڵ لە باخا دوێنێ ئەم وەختە
بەخەی خۆی دادری سەر تا بە پێ وەک شێتو پەتیارە

٦ — ملی کەچکرد وەنەوشە ، کەوتە بەر پێت وەک قەباحەتبار (٣)
کە دەرکەوت خاڵی لێوت تێکەڵی شێتو خەتاوبارە

٧ — لەمەوپێش قافیە بەندەم ، ئەمێستا بوو بە عەبدی من
کە مەجبوورم بهێنم ناوی ئەو مەحبوبە نازارە (٤)

٨ — لە زوڵفت لازمە دیسان بدووم لێم مەگرە مەحبووبم (٥)
کە باسێکی دڕێژو دوورە گەرچی ئێستە تێکرارە

٩ — بە بۆنی عەنبەرە ، وەک عەقڵەی جەزرارە نێشی ئەو
بە پێچو حەڵقەیا حەقە بڵێم بەو زوڵفە ڕەشمارە

١٠ — بڵێم بۆنی گوڵاوو عەترە ئەو زوڵفە کە هێشتاکە
خەتاییکی عەزیمە گەر بڵێم وەک میشکی تاتارە

١١ — وتم ماچێ کەرەم فەرموو بە (ئەحمەد) ، بەندەیی خۆتە
وتی چیبکەم لە دەستی ئەم کوڕە بەگزادە بێعارە

(١) - ن : سەردی دڵی .

(٢) - ن : لاڵە .

(٣) - ئو : قەباحەتکار

(٤) - ئو . ز : نازدارە

(٥) - گ : لازمە بدوێم و دیسان مەگەر لێم گیانا

- قەد : باڵا .

- بێچووە عەیار : زرنگ ، هاتوچۆکەر ، چالاك ، زۆرزان .

- خەجاڵەت بوو : شەرمەزار بوو ، فیراری کرد : رای کرد

- زونار : پشتێنی کەمەری قەشە ، گەردنبەندی خاچ .

- قەباحەتبار : گوناهبار ، خراپەکار . خەتابارە : هەڵەیە ، هەڵەی کردووە .

- قافیەبەندەم : عەبدی قافیەم .

- تیکرارە : دووبارە کراوەیە .

- عەقڵی جەرراڕ : دووپشکی کوشندە . نێش : چزوو . هەموو شتێکی تیژوەك خەنجەر یا چەقۆ .

- خەتا : هەڵە ، گوناە . عەزیم (عظیم) : گەورە .

١ - دولبەرێکم هەیە سیمین بەرو[١] خۆش ڕەفتارە
چاوی وەک نێرگسی شەهلا هەمودەم بیمارە

٢ - ئەبرووی قیبلەیە ، خاڵی حەجەرولئەسوەدە ئەو
پەرچەمی میسلی سەلیب ، زوڵفی ئەڵێی[٢] زوننارە

٣ - ڕووی گوڵەباخە نیگارم بە خووا حەیفە کە ئەو[٣]
هاوڕەفیقی شەوو ڕۆژی درکو هەم خارە

٤ - ساحێبی عیشوەیە غارەتگەری ئیمانی مەیە[٤]
دڵ ڕەقو زاڵمە بێمیهرو وەفاو عەییارە

٥ - ڕوئیەتی[٥] ئاهویی چینو نیگەهی ئافەتی دین[٦]
دەمی وەک فندقو[٧] لێوی هەر ئەڵێی[٨] گوڵنارە

٦ - بۆ فریبی دڵی (ئەحمەد) هەمودەم ئەو شۆخە
حازرە یا ڕەبی ، ئەو دولبەرە چەن مەککارە

---

(١) - لە دەستخەتەکەی خۆیدا ئەم وشەیە بە ئیملای کۆن نووسراوە (برو) ئەمە لە نوسخەی (ز)دا بروە بە ئەبرۆ.

(٢) - ز : ئالی (٣) - ن : کەوا (٤) - ئو : منە (٥) - ز : ڕوویەتی (٦) - ز : د

(٧) - ئو : فندقە ز : دەمی وەک فندق تەرە (٨) - ز : ئالی ,٩) - ئو : ئەو شۆخە چەنی ز : ئەو شۆخە بارەبی چەنێ

١ - سیمینبەر : لەش وەک زیو

٢ - حەجەرولئەسوەد (الحجر الأسود) : ئەو بەردەڕەشەیە کە لە دیواری کەعبەدایەو حاجیان زیارەتی ئەکەن.
میسلی : وەکو سەلیب : خاچ

٣ - خار : درک.

٤ - غارەتگەر : هێرشبەر ، لێسەندەرەوە.

٥ - ڕوئیەت : بینین. ئاهوو : ئاسک ، مامز ، ئافەت : بەڵا

٦ - فریب : فریو ، فریودان ، مەککار : مەکرکەر.

١ – به خوا شیشەی[1] دڵم دایم لە بادەی عەشقی تۆ کەیلە
لە داخی سەروی بالآت ئەشکی چاوم هەروەکوو سەیلە

٢ – موحەققەق درکۆ دالّی دەشتی بەکراوا بە گولّ نادەم[2]
کە چونکە جێگەیی نازو خەرامی[3] حەزرەتی لەیلە

٣ – نیگار سالاری مولّکی نازکیو حوسنە لە عالەمدا
لە زومرەی ماهرووپانا شوکور ئەو ماهە سەر خەیلە

٤ – ئیتر با قوڕبەسەر من[4] دەستەئەژنۆ گۆشەگیری کەم
ئەڵێن یاری دڵئازارم لە حەق ئەم بەندە بێمەیلە

٥ – لە سایەی تیغی ئەبرۆی تۆوە[5] جێگەی جەننەتە (ئەحمەد)
ڕەقیبی سەگ سیفەت ئەلحەمدولیللا مەسکەنی وەیلە

---

– ز : شێتە
– ن . ئو : بەکراوایە گوڵنارم
– ئو : غەرامی
ز : شوێنی
– ز : قوڕبەسەر کەم
– ز : تۆ کە

– بادە : مەی ، هەرشتی مرۆڤ مەستبکا ، پیاڵەی مەی.
دەشتی بەکراوا – دەشتێکە لە بەردەمی هەڵەبجەدا ، بەرەو زەڵم . خەرام : بەهیواشی ڕۆیشتنە لەڕووی نازو ویقارەوە . بۆ مژدەو شادمانیش دەوترێ.
زومرە : دەستە ، تاقم . ماهڕوویان : مانگڕوویان .

١ — به بەردی فیرقەتت[١] شیشەی دڵی بێچارە مەشکێنە
لەناو زومرەی رەقیبان عاشقی ئاوارە مەشکێنە

٢ — ئەگەر ڕۆح و دڵ و ئیمان تەڵەبکا بیدەرێ عاشق
کە تیفڵ و[٢] خوردسااڵە قەت دڵی ئەو یارە مەشکێنە

٣ — دەخیلم ئەی نەسیمی سوبحگاهی مەسکەنی دڵمە[٣]
پەرێشانی مەکە تۆ زوڵفی ئەو نازدارە مەشکێنە

٤ — بە قەتڵ و[٤] کوشتنت موختارە عاشق شۆخی شیرینت
لەسەر ڕۆح و دڵت فەرمانی ئەو سالارە مەشکێنە

٥ — کە من پەروانەیی شەمعی[٥] سەری[٦] دوو کوڵمی تۆم جانا
دڵی (ئەحمەد) بە فیتنەی ئەو سەگی پەتیارە مەشکێنە

---

(١) — ن : میحنەتت
(٢) — ز : تیفلی
(٣) — گ : جانان
(٤) — گ : کە خۆی بۆ
(٥) — گ : کە من پەروانە شەمعێکی
(٦) — ئو : سەروی

١ — فیرقەت : دووری ، لێجیابوونەوە .
٢ — تیفل (طفل) : منداڵ . خوردسااڵ : منداڵ ، کەمسااڵ
٣ — سوبحگاه : بەیانی ، بەرەبەیان . مەسکەن : خانە .
٤ — قەتل : کوشتن . موختار : هەڵبژێراوە ، یا هەڵبژاردن دراوەتە دەستخۆی . لێرەدا تەوریەش
بۆ ناوی شاعیر خۆی .

١ – عەجەب سیرێکە بۆچ بولبول خەریکی نالەیی زارە
کەچی مەحروومە ئەو ، دایم رەفیقی غونچە هەر خارە

٢ – لە هەر وەقتێکدا نێرگس ببینم چەند لە لام خۆشە[1]
کە چونکە ئەو گوڵەیش نەختێ شەبیهی چاوی دڵدارە

٣ – هیلالی یەك شەوم دی سوجدەبەر بووم بێتەئەمول من
موبارەك بوو لەلام چونکە ئەڵێی تاقی برۆی یارە

٤ – لە خەڵوەتخانەیی دڵما بەغەیرەز[2] یادی تۆ جانا[3]
نیە باوەر بفەرموو چونکە جێی یارە نە ئەغیارە

٥ – لە سیحەت[4] دائیما بێزارمو مایل بە بیماریم
لە رۆژێکۆ کە دیومە غەمزەیی ئەو چاوە بیمارە

٦ – مەکە مەنعم لە عەشقی گوڵرووخان زاهید دەخیلت بم
بە دەستی من نیە چیبکەم دڵی بێچارە ناچارە

---

١ – ع : لەوەختێکا کە من نێرگس ئەبینم زۆر لە لام خۆشە
٢ – ع : بەغەیری .
٣ – گیانە
٤ – ع : ساغی

سێ : نەبێی . مەحرووم : بێبەری .
شەبیهی : لەوچوری ، وەکو
ئەغیار : غەیرە ، بیگانە .
سیحەت (صحة) : لەش ساغی . لە رۆژێکۆ : لەرۆژێکەوە .

## (بۆ عەلی کەمال)

١ – ئەمشەو لە غەمی تۆ دڵەکەم زارو زەبوونە
مەجرووحە[1] دڵم دیدە کە[2] ئاڵوودە بە خوونە

٢ – ئەڵقی قەدەکەم ئێستە لەبەر حەسرەتی باڵات
وا خەم بووە حانا[3] کە ئەڵێی حەلقەیی نوونە

٣ – ئەو تاوو شەرارەی کە ئەڵێن وا لە سەقەردا
عوشرێکە لە میعشاری گرو سۆزی دەروونە

٤ – هەڵسە وەرە لای عاشقی سەرگەشتەیی وێڵت
سەیری کە چەن شێتو چ سەرخۆش و جنوونە

٥ – بنوارە چ غەررایە (کەمالی) هەمو شیعرم
عەیبی منی بێچارە بەخوا پارە نەبوونە

---

(١) – ع : زامارە
(٢) – هەمور ، خۆی نەبێ نووسیبانە : دیدەکەم
(٣) – ع : گیانە .

١ – مەجرووح (مجروح) : بریندار ، زامدار . ئاڵوودە :
٢ – خەم بووە : (خەم) چەماوەتەوە . حەڵقەیی نون : چەماوەتەوە وەک نیپی نوون .
٣ – شەرارە : گرو کڵپە . سەقەر : جەهەننەم ، دۆزەخ . عوشر : دەبەک . میعشار : دەیەک . ب
حەشتری کەمشیریش دەوترێ
٤ – جنوون : شێتی . لێرەدا بەمانا (شێت)ە
٥ – غەررا : جوان ، بەرز . کەمالی : تەخەللوسی عەلی کەمال باپیری شاعیرە .

١ - برسی به شەو تەماعی قوبوولّی و پلاّو ئەکا
بێ‌نانی یە خەیالّی بەشەر وا بلاّو ئەکا
٢ - گاهێ‌ خەیاڵ‌و فکری لە خووەو سەدارەیە
گاهێ‌ ئومێدی مشکی‌یو تەپلەو کلاّو ئەکا

(١) لەو کەسانەی بەرهەمی شاعیریان لایە تەنیا کاك مەتاز حەیدەری بەدەنگ بانگەوازەکەمانەوە هات . قەسیدەیەك‌و دوو چواریی شاعیری بۆ ناردین . تەنیا ئەمەیان لە هیچ نوسخەیەکدا نەبوو . زۆر سوپاسی ئەکەین . هەندێ‌ هۆی تەکنیکی لەم لاپەرەیەدا چەسپاندی .

## (٦١)[1]

١ - باعیسی کەیف‌و سروری من شەراب‌و بادەیە
مایەبی ژن‌و حەیاتم ساقی پێکی[2] سادەیە

٢ - ئەشکی چاوی من شەرابە ، قەلبی زارم وەك کەباب
فەرموو تەشریف بێنە جانا بەزمەکەت ئامادەیە

٣ - نایەوێ ئەسڵەن رەفیقی من نیگاری نازەنین
من فەقیرو ڕووت‌و قووتم ، ئەو نەوەی شازادەیە

٤ - خوێنی سیاوەحشە بەقوربان ماچی لێوی ئاڵی تۆ
چی بو تا کەی نابڕێتۆ ڕۆحەکەم ئەم مادەیە

٥ - هێندە عاجز بوو لە من ئەو شۆخە ڕووی گێڕایەوە
بوو بە هاورازی ڕەقیب ئیشم گەیشتە ڕادەیە

٦ - گیانەکەم قوربانی تۆ بم[3] تۆ بە شمشێری بڕۆت
بیکوژە (ئەحمەد) ئەگەرچی مردنی بێوادەیە

---

(١) - لە دیوانە چاپکراوەکاندا تەنیا دێڕی یەکەم‌و دووەم‌و شەشەمی ئەم پارچەیە هەیە .
(٢) - ساقی‌یەکی
(٣) - ع . گ : تۆ بی سا بە شمشێری .

١ - سروور : خۆشی . شادی . پیاڵە . پیاڵەی ، جامی شەراب
٢ - قەلب : دڵ .
٤ - سیاوەش کوڕی کەیکاوس‌ی باوکی کەیخوسرەوە . کوژرانی بووە بەهۆی شەڕێکی گەورە لەنێوان ئێران‌و تووڕانا . نابڕێتۆ : نابڕێتەوە .

(٦٢)

١ – سەیری ئەم بەختی رەش‌و نەحسە چ ناهەموارە
یاری چەن سالّەمە[١] ئیستاکە لە من بێزارە

٢ – خۆم فیدای نێرگسی شەهلا ئەکەم ئێستا شەوو ڕۆژ
چونکە وەك دیدەیی ئەو یاری منە بیمارە

٣ – هەر گوڕێزانە لە من دەستی ڕەقیبێ ئەگرێ[٢]
ئەی خوا دولبەری من بۆچی ئەوەند غەددارە[٣]

٤ – بەم سەرسەری‌یو سەری پیری‌یەوە جێگەیی من مەیکەدەیە
سەیری ئەم عاشقە چەند سەرسەری‌و بێعارە

٥ – حەقیەتی عاشق بێچارە لە دین وەرچەرخێ[٤]
چونکە ئەو پەرچەمە پڕپێچە ئەڵێی زوننارە

٦ – زوڵم‌و جەوری وەکو زوححاکە خەریکی قەتڵە
حەڵقەیی زوڵفی لەپێش چاوم ئەڵێی ڕەشمارە

٧ – شێری نەر ئێستە ئەسیری دەسی ڕێوی حیزە[٥]
ئیشی ئەم چەرخە تەماشاکە چ کەچ‌ڕەفتارە

٨ – ملی کەر پڕ لە زەرو زێوەرە ئەسپی نەژدی
لەڕو لاوازو لەجەر کەوتووە وا زامارە

٩ – بە سەری تۆ قەسەم ئەی یاری دڵئازاری من
قیسمەتی من هەموو هەر دەردی دڵۆ ئازارە

١٠ – بتکوژێ، بتبڕێ[٦] ئەو شۆخە دەخیلم عاشق
زویر مەبە هەرچی بکا ساحێبە خۆی موختارە

١١ – مەنعی (ئەحمەد) مەکە زاهید کە هەمیشە مەستە
عەفوی ئەو ڕۆژی جەزا سەهلە خووا غەففارە

(١) — ع : ساڵەکەم

(٢) — ن : دەگرێ

(٣) — ن : عەیارە

(٤) — ع : وەربگەڕێ

(٥) — ع : ئەسپەکە بەدەس ڕێوێیەوە .

(٦) — ع : نیری

٣ — گوریزانە : هەڵاتووە ، ڕاکردووە .

٤ — مەیکەدە : مەخانە .

٨ — زێوەر : زینەت ، شتێ کە بۆ جوانی دەکرێ بە خۆدا .

## (٦٣)

١ — له پەنجەی بگرە خوێنی جەرگی من هەر بۆ حەنا چاکە[1]
لەبۆ[2] تەسکینی قەلبی زاری من[3] لوتفێکی وا چاکە

٢ — فیدات بم تۆ کە ئێستا بوویت بە هەمرازی[4] رەقیبانت
ئیتر بۆ ئێمە دایم نالەوو شۆرو نەوا چاکە

٣ — وتم قوربانی تۆ بم لادە زوڵفی خۆت لەسەر ڕوخسار[5]
وتی بۆ پاسەوانی گەنجی وا هەر[6] ئەژدەها چاکە

٤ — بە ئومێدی ئەوەی جانا[7] کە بۆنی زوڵفی تۆی لێ بێ[8]
سەرو مااڵم بکەم قوربانی ڕێی بادی سەبا چاکە

٥ — وتم من ڕۆحی خۆم قوربانی ڕووی تۆکرد دەسا ڕەحمێ
وتی نازانی تۆ پەروانە بۆ دەوری چرا چاکە

٦ — زەمانە چونکە خۆی ئەسڵەن بەقای[9] بۆ کەس نیە تاسەر
تەماشا کەن هەمیشە بۆ کەسانی بێوەفا چاکە

٧ — لە وەزعی چەرخی دوونپەروەر مەبە تۆ عاجز ئەی (ئەحمەد)
کە چەن ڕۆژێ لە[10] بۆ ئەشخاسی سپڵەو[11] بێحەیا چاکە

---

(١) — ع : جەرگی زارم وەك خەنە چاکە . (٢) — ع : کە . (٣) — ز ، زارەکەم .
(٤) — ع : هاوڕازی (٥) — ع : ڕووت (٦) — ع : حوسنم (٧) — ع : گیانە
(٨) — ن : لێدێ (٩) — ن : ئەسڵەن وەفای (١٠) — ع : ڕۆژێکە
ع : بێنێ ع : هەرگیز وەفای (١١) — ن : سفلە

١ — حەنا : حەنە
٣ — گەنج : گەنجینە . ئەژدەها ، مار .

١ - خوا چیبکەم لە دەس جەورو جەفای ئەو شۆخە بێباکە
چ دڵ ڕەنجێنو غەددارە ، چمەحبووبێکی سەفاکە

٢ - وتم بەو تیغی ئەبرۆتە دڵم لەتلەت بووە قوربان[١]
کەچی فەرمووی ئەگەر بیشتکوژم تۆ هەر بڵێ چاکە

٣ - لە عەشقی خووبڕوویان مەنعی من هەرگیز مەکە واعیز[٢]
بە دەستی خۆم نیە بەخوا ئەمە دەردێکی زگماکە

٤ - بەڵێ بازاری دەهرە وا یەکێ سۆفی یەکێ شێخە
یەکێ جێگەی خەراباتە ، یەکێ بێهۆشی تریاکە

٥ - بەسەر شانا کە وەختێ ڕادەکێشێ زوڵفی پڕچینی[٣]
لەپێش چاوی منی سەودازەدە وەک ماری زوححاکە

٦ - دڵم دەرهاتو ئەو دڵدارە بێڕەحمە نەهات ئەمشەو
چ بەختێکی ڕەشو نەحسم هەیە توخوا تەماشاکە

٧ - لە ڕۆژی حەشر ئەگەر خوێنم لە تۆ داوا بکەن جانا[٤]
فیدای ئەو لێوە بم[٥] شاهید نیە لەو جورمە[٦] حاشاکە

٨ - لە دنیادا ڕەفیقی پیاوی کەر هەرگیز مەکە (ئەحمەد)
لە دەست ئینسانی جاهیل[٧] تا قیامەت پڕ بە پێ ڕاکە

---

(١) - ع : گیانە (٢) - ع : زاهید (٣) - ع : چینچینی
(٤) - ع : لە تۆ داوائەکەن جانا (٥) - ع : چاوەبم (٦) - ن . ئو : وەجهە
(٧) - ع : ئەحمەق

١ - سەفاك (سفاك) : خوێنڕێژ
٣ - خووبڕوویان : ڕووچاکان . ڕووپاکان . جوانان
٤ - خەرابات : مەیخانە . تریاك : ئەفیون
٧ - جورم : گوناه
٨ - جاهیل : نەزان

١ — تۆ كه يارم بى ئێز غيلمانو حوورم بۆ چيیه
روو ئەگەر دەرخەى تەجەللاى كێوى تووڕم بۆ چيیه

٢ — نالەى سينەم وەكو نەى ، سەر وەكوو سەنوورە بۆت
من به غەم شادم ئێز كەيفو سروورم بۆ چيیه

٣ — گەر خوا بيكا موتالاى موسحەفى ڕووى تۆ بكەم
دولبەرا ئينجيلو تەورات و زەبوورم بۆ چيیه

٤ — گەردنى سافت لەپێش چاوم ئەگەر بێ جيلوه كا
كافيیه بۆ من ئێز مياو بلووڕم بۆ چيیه

٥ — بێوجوودى تۆ لەلام وەك دۆزەخه باخى جينان (١)
گەر نەبێ تەشرينى تۆ من شارەزووڕم بۆ چيیه

٦ — چى ئەبێ جارێ بلێى تۆ بەو ڕەقيبەت دولبەرا (٢)
لاچۆ سەگباب بەسيەتى كەلبى عەقووڕم بۆ چيیه

٧ — سەيرى كەن يارم كه من لەم شارە ڕۆيم پێم ئەلێت (٣)
تۆ بەسەر چوويت تێپەريت من يارى دوورم بۆ چيیه

٨ — قامەتت بۆ من وەكو ڕۆژى قيامه چاوەكەم (٤)
(ئەحمەد) ئێز حەشرو نەشرو نەفخى سوورم بۆ چيیه

---

(١) — ع : بەهەشت (٢) - ع : چاوەكەم (٣) — ع : ئەڵێ (٤) — ع : گيانەكەم

١ — غيلمانو حوور : كوڕو كچى فريشتەى بەهەشت .
٢ — تەجەللاى كێوى تووڕ (طور) : دەركەوتنى ئاگرى خوايى له كێوى تووڕ . ئەمه ئيشارەته بۆ ئەو حيكايەتەى مووسا كه له كێيه پەرۆزەكاندا باسكراوەو له ئەدەبى نەسەووفدا زۆر ئەوترێتەوه .
٢ — سينه : سنگ . نەى و سەنوور : دوو ئامێرى مۆسيقان
٣ — موتالاّ (مطالعة) : خوێندنەوه
٥ — جينان : بەهەشت
٦ — كەلبى عەقوور : سەگى گازگر .
٨ — نەفخى سوور (نفخ الصور) : فوو بەكەڕەنادا كردن له ڕۆژى قيامەتدا .

١ - شەمسی خاوەر بەدری پر، یا ڕوومەتی گوڵنارتە
لەعلە یا یاقوتی تەر یا لێوی گەوهەربارتە

٢ - نوورو زوڵمەت پێکەوەن تۆخوا نیگارا پێم بڵێ
یا مەگەر کوڵمی لەتیفو زوڵفی عەنبەر وارتە[١]

٣ - دەنگی عوودو تارە یا نالەی نەیی[٢] دڵ کوونکونە
یا وەکو نالەو[٣] فوغانی عاشقی غەمبارتە

٤ - ئاگرت بەردایە جەرگی عالەمی ئیسلام چیی یە[٤]
تۆ مەگەر هیندووی کەوا ئاتەشپەرستی[٥] کارتە

٥ - چاوی مەخموورت کە هەڵێبڕی بە سەد ئەفسونو ناز
عالەمێ جانا[٦] پەشێوی نێرگسی بیمارتە

٦ - وەختی لوتفو ڕەحمە ئێستا دەرحەقی عوششاقی خۆت
فرسەتە سادەی زەمانی گەرمیی بازارتە

٧ - پێیوتم بۆ چاوی تۆ عەینی[٧] جەواهیر سورمەیە
تۆزی ئەم ڕێگەی منە چونکە گوزەرگەی[٨] یارتە

٨ - حەقتە تۆ جانا[٩] کە داوای مەسلەکی زوححاك ئەکەی
شاهیدی ئەم ئیددیعاتە[١٠] زوڵفی وەك ڕەشمارتە

٩ - گاهێ گەر ئیسلامو گاهێ کافرم مەنعم مەکە
گشت خەتای میحرابی ئەبرۆی[١١] پەرچەمی زوننارتە

١٠ - موشکیلە دەستکەوێ ڕۆژێ نیگاری بێڕەقیب
شێتی تۆ (ئەحمەد) تەماعی غونچەیی بێخارتە

---

(١) - ز : بارتە

(٢) - ز : یا نالەیی دڵ

(٣) - ن . ئو : نالەی

(٤) - ع ، ز : ئیسلامەوە

(٥) – ع . ز . ئاگرپەرستی

(٦) – ع : گیانە

(٧) – ع : هەروەك

(٨) – ع : گوزەرگای

(٩) – ع : گیانە کە داوای مولکی زوحاکی بکەی

(١٠) – ع : ئیددبعابەت .

(١١) – ع : ئەبرۆ

١ – نوور و زولمەت : تاریکی و ڕوناکی

٤ – هیندوو : هیندستانی . دەستەبەکن . لە هیندی ، بە موسوڵمانەکانیان ناووترێ هیندوو .
ئاتەشپەرست : ئاگرپەرست .

## (٦٧)[1]

١ - قووتی دڵم[2] بە ماچی دەمو لێوی ئاڵتە
ژینم بە مەدحی غەمزەیی دوو چاوی کاڵتە

٢ - سبحەینێ[3] زوو لە مەشرەقەوە ڕۆژ کە دێتەدەر
ڕەنگە بڵێم کە شوبهی[4] شوعاعی جەمالتە

٣ - فەرمووی بەسە دە بیرەوە بەسیە ناکوکی
بۆ وەسڵی من بە سۆزی دەروون نااڵەنااڵتە

٤ - هەرکەس کە عاشقی من[5] ئەبێ چاری مردنە
ئەی شێتە تۆ خەیاڵی شێکی مەحاڵتە

٥ - نایدەم بە تاجی خوسرەوی ئەو دەرگو قاپی یە
جارجار کە گوێم لە جوێنو قسەی تۆندو[6] تاڵتە

٦ - یار تینووە بە خوێنو لە تەگبیری قەتڵی یە[7]
(ئەحمەد) ئەوەندە شێتە خەیاڵی ویسالتە

---

(١) - لە نوسخەی (ز)دا نووسراوە کە ئەم پارچەیەی لە کەشکۆڵدا بە خەتی شاعیر دیوە .

(٢) - ز : دەمم

(٣) - ز : سبەینێ

(٤) - ز : شەبەهی

(٥) - ن . ز : عاشق من

(٦) - ئو : تونگ

(٧) - ز : یار تینووە بە خوێنی لە تەگبیری قەتڵ ئی یە

١ - قووت : خۆراك .

٢ - شوعاع : تیشك .

٦ - واتە یار ئەوەندە ڕق لە ئێمەو بە خوینی سەری ئێ تینووەو تەگبیری کوشتنی تۆ ئەکات . کەچی ئ
هێندە شێتی خەیاڵی پێگەبشتن وا لەسەرتا .

١ — دوو دیده‌یی مەخموورت غارەتگەری[١] ئیمانە
بۆ زوڵفی پەرێشانت حاڵم چ پەرێشانە

٢ — بۆ عاشقی بێچارەت وەك ڕۆژی حەشر وایە
گەر بێت و دەمێ دەرخەی ئەو سوبحی[٢] گریبانە

٣ — وەك خاکی ڕەهت جارا کەوتووم لە سەری ڕێگەت[٣]
شایەد کە بە سەرما بێت ئەو گەردشی دامانە

٤ — ئەم سەرمە لە مەیدانە گۆی‌بازی‌یە ئەی دولبەر
چونکە کە سەری زوڵفت وەك حەلقەیی چەوگانە[٤]

٥ — هەرچەندە وجوودی من سووتاوی غەمی تۆیە
ماچی لەبی ڕەنگینت[٥] بۆ من وەکو دەرمانە

٦ — دایم لە غەمی باڵات دوو دیدەیی خونبارم[٦]
نمناکە فیدای تۆ بم هەر پیشەیی گریانە

٧ — تۆ پادشەهی حوسنی ئەی ئافەتی جانو[٧] دڵ
عاشق وەکو مەملووکت ئامادەیی فەرمانە

٨ — فەرمووی بە من ئەی (ئەحمەد) حازر بە لە بۆ کوشتن
ئازاد بە لە دەردو غەم وا مەوسیمی قوربانە

---

١) — ع : تالاڵنکەری (٢) — ع : چاکی (٣) - ع : وەك خاکی سەری ڕێگا کەوتووم منی بێچارە (٤) — ع : گۆچانە (٥) - ع : دەمی شیرینت (٦) - ع : خوێنبارم
٧) — ع : جادو

- گریبان : یەخەی کراس
- ڕەه : ڕێگا . گەردشی دامان :
- گۆی بازی : تۆپی یاری . چەوگان : گۆچان
- نمناك : تەڕ ٧ — پادشەهی حوسن : پاشای جوانی . مەملووك : بەندە ، کوێلە
- مەوسیم : کات ، وەرز

## (٦٩)

١ – به میراتی له دڵمۆ داغی ڕەش بۆ لاله جێماوه
که وەقتێ سەوز ئەبێ[١] ئەو بۆیە وا ناوجەرگی سووناوه

٢ – بەسۆزو ناڵه دەنگی بولبولێ[٢] من دێته گۆیم ئەمشەو
مەزەننه شیوەنی بۆ عاشقێکی تازه کوژراوه

٣ – وتی شێتی که باڵای من بێ تۆ سەیری عەرعەر کەی
له جێی زوڵفی من بێ بۆچی تۆ چاوت له لاولاوه

٤ – فیدای ئەو زوڵفه بم وەك سونبولی تەر سەر هەتا پێی تۆ
له دەوری قامەتی سەروت به پێچو حەڵقه ئاڵاوه

٥ – سبەینێ چوویه باغو خاڵی ڕووی تۆی دی خەجاڵەت ما
وەنەوشه بۆیه ملکەچ ئیسته وا مەحزوونو داماوه

٦ – چۆن تەیری دڵم ڕزگار ئەبێ جانا له دەستی تۆ
که خاڵت دانەبەو حەڵقەی ئەسیری زوڵفت وەك[٣] داوه

٧ – تەمەننام کرد که ماچێ تو کەرەم فەرمووی به بەندەی خۆت
وتی بێدەنگ به نابینی ڕەقیب لەولاوه وەستاوه

٨ – وتم تا کەی له حەق من چاوەکەم تۆ بێوەفاو مەیلی
وتی نازانی (ئەحمەد) ئێستەکه بێمروەتی باوه

---

(١) – ئو : سەوزه بێ
(٢) – ز : بولبولی
(٣) – ن . ئو : وەکو

٢ – مەزەننه (مظنة) : مەزندە ، ڕەنگە ، وا بیرئەکرێتەوه
٧ – تەمەننامکرد : ئاواتم خواست

(٧٠)

١ — شیفای دەردی دڵە ماچی دەمی وەك شانی هەنگوینە
به عیشوه پێکەنینی ئەو نیگاره باعیسی ژینە

٢ — که دیویه ئەو غەزاله ئێسته بەرگی شینی پۆشیوه
ئەمه چەن وەختە بۆیە ئاسمانیش بەرگی وا شینە

٣ — له دڵما نەقشی ناوی تۆ له دیدەم بەژن‌و بالأکەت
که دیم ئەو ڕەسم‌و تەسویرە چ ئیحتیاجم به بینینە

٤ — خوا سەد شوکری تۆ دایم که ئەو دڵدارە بێ‌ڕەحمە
به خوێنی ئاڵی جەرگم دەست‌و پێی ئێستا که نەخشینە

٥ — سەری زوڵفی وەکو سونبول دو دیدەی نێرگسی شەهلا
دوو کوڵمی بەرگی گوڵ ئەلحەق نیگارێکی به تەمکینە

٦ — نموونەی عەشقی من بوو ئێسته وا مەشهووری دنیایه
ئەڵێن فەرهادی کۆکەن کوشتەیی موژگانی شیرینە

٧ — بنازم ، سونبولی زوڵفت که ئالأوه به بالأتا
له سەر تا پێ هەموو هەر حەڵقه حەڵقەو چەمبەرو چینە

٨ — خەیاڵی وایه مەشقی ناڵەوو گریانی عاشق کا
که هەوری نەوبەهاران بۆیە وا مایل به بارینە

٩ — هەمیشه لوتفی یار دەرحەق ڕەقیبانەو بەلأم بۆ من
قسەی خۆشی جنێوو حیددەت‌و بێ‌لوتفیو قینە

١٠ — له دوورێی ڕووی گوڵی تۆ بولبولی دڵ ئێستە ئەیبینی
له سینەی شەرحە شەرحەم‌دا خەریکی شین‌و نالینە

١١ — له ڕۆژی حەشردا جێی جەننەته (ئەحمەد) که کوژراوی
دەس‌و تیرو کەوانی دولبەری بێ‌میهرو ئایینە

١ – شیفا : چاوبڕنەوە .

٢ – غەزال : ئاسك .

٥ – بەتەمکینە : بەتوانایە ، دەسەڵاتدارە .

٦ – کۆکەن : کۆهەڵکەن ، کێوهەڵکەن .

٧ – چەمبەر : حەڵقە ، جۆغز (دائیرە) ، ئێسقانی ژوورووی سنگ (ترقوة)

٩ – حیددەت (حدة) : تیژی .

١٠ – شەرحە شەرحە : پارچە پارچە

١١ – بێمیهر : نادۆست . بێخۆشەویستی . بێوەفا

١ — دێته گوێم دەنگێ بە سۆزو شیوەنو گریانەوە
نالەی دڵمە لە حەسرەت خاکی کوردوستانەوە

٢ — لانەوازو بێکەس و مەزڵومن ئێستە قەومی کورد
گا بە دەستی تورکەکانو گا بە دەس ئێرانەوە

٣ — ئیسمی وبجدانو عەدالەت بێموسەمایەو درۆ
بۆ سیاسەت ئەم قسە کەوتۆتە سەر لێوانەوە

٤ — ڕاستە گەر ئیسمی عەدالەت بۆچی منداڵنی کورد
وێڵو سەرگەردان بسوورێنۆ بە سەر کێوانەوە

٥ — هێندە حیزە بەختی کورد بۆ کوشتنو تاڵانیان
کۆمەڵێ هاتوون بە سواریی(.....)

٦ — حاڵی کورد ئێستا لە بەینی تورکو ئێرانو(.....)
بێچوە تەیرە کەوتووەتە داوی منداڵانەوە[1]

٧ — ئەم قەراری عوسبە وا خەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ
هەر قسەی ڕووتەو قسە ناچێتە ناو گیرفانەوە

٨ — ئەمرۆ با وا بێ بەڵام ڕۆژی ئەبێ ئەولادی کورد
دێنەوە مەیدان بە عیلمو سنعەتو عیرفانەوە

٩ — نەوجوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە
هەر لە کرماشان هەتا ورمێو سنەو بۆکانەوە

١٠ — ڕێکئەخەن وەزعی یەتی[2] وانو جزیرەو باشقەلا[3]
عەقرەوو زاخۆ دەبەستن ڕێک بەقەد بۆتانەوە

١١ — خانەقین و مەندەلی ، خاکی لورستان یەک بە یەک[4]
وەک وەسا ئەدروون بە باڵای مەنتیقەی بابانەوە

١٢ — لەشکرێکی مونتەزەم بۆ سەندنی حەق ڕێکئەخەن
جوانو ڕازاوە بە تۆپی لاکەلی ئەڵمانەوە

١٣ — بەچکە شێرانی عەشایر بۆ قرانی دوشمنان
هەروەکو ڕۆستەم ئەکەونە هات‌وچۆو جەولانەوە

١٤ — پاش قرانی موددەعی دەس‌پێ‌ئەکەن تەعمیری مۆلك (٥)
ڕێگەیی ئاسن ئەچێتە شاخی هەورامانەوە

١٥ — کێوو کەژ گشتی ئەبێتە باغو جادەو قەیسەری (٦)
بۆ تەماشای دەستە دەستە دێن لە ئینگلستانەوە (٧)

١٦ — لادە (ئەحمەد) تۆ لە باسی میللەت‌و سا پێی‌بڵێ
تاکو ساقی زوو بدا بادە بەدەم مەستانەوە

١٧ — پێی‌بڵێ بەو ساقی‌یە ، بەو حوسن‌و نازو (٨) دولبەری
داغی خۆی ناوە بە جەرگی یۆسفی کەنعانەوە

١٨ — بێتە جیلوە تا بە یادی پاشەرۆژی قەومی کورد
زەمزەمەو شادی بخاتە مەجلیسی ڕەندانەوە

١٩ — ئەم دڵی (٩) زامارمە تاوێ لە غەم فاریغ بێ
بسرەوێ یەکدەم لە نالەو شین‌و قوڕ پێوانەوە

---

(١) — لە دەستخەتەکەی خۆیدا ئەم دێڕە نەبوو
(٢) — ز : جەمعیەتی
(٣) — ن : جزیرە سەربەسەر
(٤) — ز : مەندەلی‌و گۆران‌و لوڕڕو باجەلآن
(٥) — ز : خاکی وەتەن تەعمیر ئەکەن
(٦) — ن : باغو قەسری گەوهەرین
(٧) — ز : ئەمریکانەوە
(٨) — ن : نازی
(٩) — ن : دڵەی

٢ — لانەواز : دەربەدەر ، چەند سەدە کوردستان لەنێوان دوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا بەشکرابوو .

٣ — ئیسم : ناو . موسەمما (مسما) : ناو لێنراو.

٤ — بسوورێنو : بسووڕێنەوە .

٧ — عصبة الامم : ڕێکخراوەیەکی سیاسی نێودەوڵەتان بوو پاش جەنگی یەکەمی جیهان دامەزرا ، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئێستا جێگرتەوە .

٩ — تەوحید ئەکەن : یەکئەخەن .

١٠ — وەزعیەتی : باری ، حاڵی

١١ — وەسا : وەستا

١٢ — مونتەزەم : ڕێکوپێک

١٤ — تەعمیر : ئاوەدانکرانەوە

١٨ — ڕەندان : چاکان ، زیرەکان ، چاپوکان

١ - بەهارە ئەمرۆ ، وا کێوو بیابان گشتی ڕەنگینە
هەموو فەرشی چەمەن ئیستە[١] لە دیبائی ڕەیاحینە

٢ - گوڵە ، گوڵباغە ، سەوڵە ، نێرگسە ، شمشادی بوستانە
وەنەوشەو شەستپەرو گوڵئانەشینو[٢] سەروو نەسرینە

٣ - هەمووکەس دەستی یاری خۆی لەناو دەستا لە گوڵزارا
بە دەنگی بەربوتو چەنگۆ خەریکی بادە نۆشینە

٤ - بەغەیرەز من نەبێ ئەمرۆ لە گۆشەی حوجرەیی تاریك
هەمیشە دەستە ئەژنۆمو بەشم[٣] گریانو هەم شینە

٥ - گرفتارم بە دەردی عەشقی دڵداری کەوا[٤] ئەمرۆ
بە خوێنی عاشقان دایم بەری پێی سوورو ڕەنگینە

٦ - لە عەشقی یاری غەددداری دڵئازارم[٥] هەموو ئانێ
ڕوخم[٦] زەردو سەرم گێژو دڵیشم مات‌و غەمگینە

٧ - دڵم بۆ باغی ڕووی ئەو بولبولئاسا زۆر پەشێو حاڵە
ڕەهی مەسدوودە[٧] چونکە زوڵفەکانی میسلی[٨] پەرژینە

٨ - لەبۆ سەیدی دڵی عاشق هەمیشە ڕشتەیی زوڵفی
شکەنجو پێچو تاب‌و حەڵقە حەڵقەو پر خەم‌و چینە

٩ - ئەمن ئەمرۆ لە عەشقا جێنشینی تەختی[٩] فەرهادم
نیگاری نازەنینیشم لەسەر ڕەفتاری شیرینە

١٠ - ئەگەرچی تۆ نەخۆش‌و زارو بیماری ئەما[١٠] (ئەحمەد)
لە لەعلی لێوی یار ماچێ لە بۆ ئەم دەردە تەسکینە

(۱) - ز : یەکسەر

(۲) - ز : گوڵاڵە

(۳) - ز : پیشەم

(٤) - ن . ئو : دڵداریکی وا

(٥) - ز : غەددارو دڵئازارم

(٦) - ن . ئو : ڕەنگم

(۷) - ز : کە ڕێم گیراوە

(۸) - ن . ئو : عەینی

(۹) - ز : بەختی

(۱۰) - ز : بەڵام

۱ - فەرش : ڕابەخ : دیبا : ئاوریشم .

ڕەیاحین : کۆی (ڕێحان)ە . هەموو گیایەکی سەوز . بە ڕوەکی (ڕێحان)ەش ئەڵێن .

۳ - بەربوت (بربوط) ، چەنگ : دوو ئامێری مۆسیقان .

٦ - ڕووخ ، روخ : ڕوو

۷ - ڕەهی مەسدروە : ڕێگەی گیراوە .

۸ - سەید (صید) : ڕاو ، شکار ، نیچیر (ك . ئ)

١ — ڕەفیقان ئەم دڵەم ئەمشەو عەجەب حاڵی پەرێشانە
وەکو بولبول لە عەشقی گوڵ خەریکی شین و گریانە

٢ — ئەوەند گەوهەر لە دوو چاوم ئەبارێنم لە هیجرانا
نیگار داوێنی من ئەمڕۆ وەکو دەریایی عومانە

٣ — ئەگەر یار ڕوو دەپۆشێ حەق بەدەستیە[١] چونکە مەعلوومە
پەری دایم لە بەرچاوی هەموو مەخلوقێ پەنهانە

٤ — تلووعی خۆر ئەکا زاهیر کە گۆشەی نیم تەنی[٢] لادا
ولاّت ڕووناك ئەکا هیشتا ئەڵێی سوبحی گریبانە

٥ — لە نەشئەی بادەوە وەختێ سەری کوڵمی ئەکا عارەق
بیعەینی[٣] ئەو دەڵێی بەرگی گوڵە[٤] ئەو ئاوی بارانە

٦ — ئەگەرچی دڵ بە تیری عەشقی تۆ زامارو مەجرووحە[٥]
فیدات بم خەندەیی لێوت لەبۆ ئەو دەردە دەرمانە

٧ — دەخیلم لەیلەکەی ئەسڵم بکە ڕەحمێ بە حاڵاتم
کە ئەم عاشقتە وەك مەجنوون جێگای کێوو بیابانە[٦]

٨ — بە ناری ڕوومەتی ئەو شۆخە جەرگ و دڵ کە سووناوە
مەکەن مەنعم کە من پەروانەم ئەو شەمعی شەبوستانە

٩ — بەفیتنەی ئەو ڕەقیبەت من لە بەزمت دەرمەکە قوربان
مەبە ئیخفال بە وەسواسەی ڕەقیب هاودینی شەیتانە

١٠ — وەرە با بچینە ناو گوڵزارو جانا چەند قەدەح نۆش کەین
بەهارە وا لە گشت لایەك سەدای مورغی خوش ئەلحانە

١١ — لە عەشقی ڕووی گوڵ ئاسات[٧] هەمووەم (ئەحمەد) ئەی دولبەر
بە بانگی بەرز ئەنالێنێ وەکوو بولبول غەزەلخوانە

(١) – ز : ئەگەر یار ڕووی بپۆشێ حەق بەدەستە

(٢) – ز : چادری .

(٣) – ز : بە .

(٤) – ز : گوڵەو

(٥) – لە نوسخەی (ز)دا تا ئێرە نووسراوە . (ئ) لەوی ڕەرگرتووەو دێڕەکانی‌تری کردووە بە پارچەیەکی جیاواز .

(٦) – ن : ئەوا ویڵی بیابانە

(٧) – ن : گوڵی ئێستا



٢ – هیجران : دووری

٣ – مەعلوومە : دیارە ، زانراوە . پەنهان : نادیار ، نهێنی .

٤ – تلووعی خۆر : ڕۆژهەڵاتن . نیم‌تەن : نیوەڵەش ، پارچە جلێکە .

١٠ – قەدەح : پیالە . موزع : باڵندە .

١ — دڵی [١] وەك هوزاری حەزینی من شەوو ڕۆژ بە ئاەو ناڵەیە
بە ئومێدی چاوی مەستی تۆ ، بەتەمای مەی و پیاڵەیە

٢ — لە غەم و فیراق قامەتت ، لە دوو چاوی پڕ لە خوێنی من
کە بەخوڕ هجووم ئەکا سروشك وەکو ئاوی کانی نەوالّەیە

٣ — بە نیگاەو غەمزەیی دولبەرم کە ئەڵێی غەزالی خەوالّووە
سەبەب چیە بە ڕۆژو شەو کە ڕەفیقی ئەو گەمالّەیە

٤ — مەهی ئەوجی نازو نیعمەتە شەهی مولّکی عیززو شەوکەتە [٢]
خەتی دەستی کاتبی قودرەتە [٣] ، خەتی عاریزی قەبالّەیە [٤]

٥ — وەرە سەیری باخی ڕوومەتی ، وەرە سەیری گوڵشەنی قودرەتی
قەدو قامەتی وەکو نەیشەکەر ، بە نازگی گوڵە ژالّەیە [٥]

٦ — دڵی (ئەحمەد)و من [٦] بێنیشان ، سەرو مالّی عالەمی ئینس و جان
بە فیدایی ئەو خەت و خالّەیە ، بە فیدایی ئەو خەت و خالّەیە

---

(١) — ئو : دڵ

(٢) — ز : بە ئەوجی نازو نیعمەتە شەهی مولّك و عیززەت و شەوکەتە

(٣) — ز : کاتب تورەتە . (٤) - ئو : ز : کە قەوالّەیە (٥) — ز : لەبی نازکی گوژالّەیە

(٦) — ن : فەنی

١ — هوزار : بولبول . حەزین : خەمبار

٢ — فیراق : دووری ، لە یەك جیابوونەوە . هجووم ئەکا : هێرش ئەبا : نەوالّە : شوێنێکی نزمە لەناو کۆمەڵە بەرزی و هەردێکدا . گەمالّ : سەگی گەورە .

٤ — ئەوج : لووتکە ، تروویك . عیز (عز) : ناز . شەوکەت : لە کوردیدا بەمانای شۆخی و بەرزی دێت . کاتب : نووسەر ، قودرەت : توانا (لێرەدا کاتبی قودرەت مەبەس خوداوەندە) . عاریز (عارض) : چارە ، ڕوخسار ، گۆنا . قەبالّە : سەندە

٥ — نەیشەکەر : قامیشی شەکر . لەب : لێو ٦ - ئینس و جان : ئینسان و جنۆکە

تێبینی : شاعیر بە خەتی خۆی ئەم پارچەیەی بەم چەشنە نووسیوەتەوە و لەژێر یا نووسیوویەتی : (متفاعلا ، متفاعلا ، متفاعلا) .

١ — له حەسرەت لێوی لەعلت ئەشکی چاوم ئێستە گوڵڕەنگە
بە بادی چاوی مەستت دڵ هەمیشە مایلی بەنگە

٢ — تەماشاکە کە دێمە باسی تەعریفی دەمت جانا
شوکور هەرزان ئەکا شیعرم ئەگەرچی قافیە تەنگە

٣ — بە سورمە ئاوی داوە ئەو نیگارە خەنجەری ئەبرۆی
شەهیدی غەمزەیی خوێنڕێژی بۆیە ماتو بێدەنگە

٤ — هەزار هاوارو داد ناگاتە گوێی ، تەئسیری لێ ناکا
دڵی ئەو شۆخە بێرەحمە لەراستی من وەکو سەنگە

٥ — لەوەی خەڵکی ئەڵێن پێم عاشقو ڕیسوای نێیە پەروام
نەسیبی عاشقی بێچارە دایم لۆمەوو نەنگە

٦ — موسەللەح بوو بە شمشێری بڕۆو پەیکانی مژگانی
موحەققەق تورکی مەستی چاوی یارم مایلی جەنگە

٧ — بنازم[1] چەندە خۆشە تەعزیەی عاشق لەسەر قەبری
لە جێی شیوەن ، زرەی فنجانو دەنگی بەربوتو چەنگە

٨ — دەخیلم بیرە سەیری مەجلیسی ڕەندان دەمێ زاهید
تەماشاکە سەفایە ، سەیرە ، بەزمە ، ڕەزمە ، ئاهەنگە

٩ — تەواو نابێ بە (ئەحمەد) ئەی کەمالی مەدحی ڕووی دولبەر
لە عەرسەی وەسفی یارا پێی خەیاڵم ئێستەکە لەنگە

---

(١) — ئو : بەنازم

١ – مایل : ئارەزووکەر . بەنگ : حەشیشە .

٢ – شوکور : سوپاس .

٣ – سورمە : کل .

٤ – تەئسیری لێ ناکا : کاری تێ ناکا . سەنگ : بەرد ، کەڤر .

٥ – نی یە پەروام : باکم نی یە

٦ – موسەللەح بوو : چەکدار بوو ، خۆی چەکدار کرد .

پەیکان : نووکی رم . مرۆگان : برژانگ . موحەققەق : ڕاست ، دڵنیا . تورك : شۆخ و جوان .

٧ – تەعزیە : پرسە ، دڵدانەوە

٨ – ڕەند : پیاو چاك ، بەخشندە ، ئازا . دەمێ : کاتێ . زاهید : ئەوەی تەرکی دنیای کردووە .

٩ – کەمالی : عەلی کەمال باپیر ئاغای شاعیر . عەرسە : مەیدان ، گۆڕەپان .

١ - (بانگی کوردستان)ه وا دنیایی ئیحیا کردەوه
زامی قەلبی کوردی بێچارەی مورداوا کردەوه

٢ - باعیسی پێشکەوتنی ئەم قەومەیە ئەو مەتبەعە
ئەلحەق ئەمرۆ خاکی کوردستانی زیندا کردەوه

٣ - سەد شوکور وا لەشکری عیرفانو عیلمو عاقڵی
شاری پڕشوڕی جەهالەتیان کە یەغما کردەوه

٤ - لایەقی تەحسینو فەخری قەومی کوردە چونکە وا
ئەم جەریدە پیرو فەرتوتیشی بەرنا کردەوه

٥ - بانگو هاوارێکی بەرزە بانگی کوردستان ئەکا
مێشکی دنیای پڕ لە دەنگو شۆرو غەوغا کردەوه

٦ - ژەنگو تاریکی ی جەهالەت وا لەدڵدا دەردەکات
قەلبی مەحزوونی هەموو کوردی موسەففا کردەوه

٧ - لاچووە تاریکی یی هەوری جەهالەت ئێستەکە
نەجمی ئیقبالی هەموو کوردانی ڕەخشا کردەوه

بانگی کوردستان. ژ ٣، ٢١ ئابی ١٩٢٢

١ - بۆ ڕۆژنامەی «بانگی کوردستان» نووسراوە. لە ژمارە ٣، ٢١ی ئابی ١٩٢٢دا بڵاوکراوەتەوە.
ئیحیا کردەوه : زیندوو کردەوه . مورداوا کردەوه : دەرمان کردەوه .

٢ - باعیس (باعث) : هۆ. مەتبەعە (مطبعة) : چاپخانە. زێدا : جوان

٣ - بەغما : تاڵان

٤ - تەحسین : بە چاک زانین، ئافەرین. فەخر : شانازی. جەریدە : ڕۆژنامە . فەرتووت : پیر ، داتەپیو . بەرنا : وریا

٥ - غەوغا : دەنگەدەنگ (لێرەدا)

٦ - موسەففا کردەوه : پاککردەوه ، پاڵاوت.

٧ - نەجم : ئەستێرە . ئیقبال : بەخت ، دواڕۆژ. ڕەخشا : ڕۆشن ، ڕووناک ، تێکەڵبوونی ڕەنگی سپی و سوورەو بە پلەکە زێڕینەش دەوترێت.

١ — سەرو مالّم فیدای ئەو چاوە کالّە
دلّم پڕ خوێنە بۆ ئەو لێوە ئالّە

٢ — کە ئەو شۆخە لە حەق من میهرەبانە
ڕەقیب حیلەو دەسیسەی تۆ بەتالّە

٣ — لە ئۆلکەی دولبەریدا یارم ئەمڕۆ
شوکور شاهنشەهی حوسن و جەمالّە

٤ — بە شمشێری بڕۆت ئەی یاری بەدخوو
دەخیلە بمکوژە خوێنم حەلالّە

٥ — لە لام بێقەدرە نەسرین و وەنەوشە
ئەگەر دەستم کەون ئەو زوڵف و خالّە

٦ — بە دنیا دڵ مەبەستن ئەی ڕەفیقان
گەڵێ داماوی (١) دی ئەم پیرە زالّە

٧ — وەفاو خووبان و سەبرو عاشقی زار
نەبینراوە ئەمە ئەمری مەحالّە

٨ — فیدات بم چۆن بنووسم شەرحی حوسنت
لە تەعریفی ، زوبانی خامە لالّە

٩ — لە دنیا هاتن و دەرچوون لە لای من
بەڕاستی (ئەحمەدا) هەروەک خەیالّە

---

(١) ز : داماوی.

٢ — میهرەبان : بەرەحم ، بەسۆز
٣ — ئۆلکە : ناوچە ، وڵات ، قەڵەمڕەو. حوسن و جەمال : جوانی و شەنگی
٦ — پیرەزاڵ : زاڵی پیر (لێرەدا مەبەس لەم جیهانە کۆنەیە)

(٧٨)

١ – له خەو هەڵسن[١] دەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵو هونەرتانە

٢ – دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبی[٢] یێکەس و مەزڵووم
بەگورجی بیرن[٣] ئەو ڕێگە دوورەوا لەبەرتانە

٣ – بخوێنن ، چونکە خوێندن[٤] بۆ دیفاعی[٥] تیغی دوشمنتان
هەموو ئانو زەمانێ عەینی قەڵغانو سپەرتانە

٤ – بەخۆڕایی لە دەستی بەرمەدەن ئەم خاکە مەحبووبە[٦]
کە تۆزی وەک جەواهیر سورمەوو کوحلی بەسەرتانە

٥ – بەسەر خاکا[٧] ئەگەر نازیش بکەن حەقتانە کوردینە
تەماشای سیپەری ئەو شاخو کێوەڵ[٨] وا لەسەرتانە

٦ – بە بێقەدری بەسەریا ڕامەبوورن حورمەتی بگرن
گوڵاڵە سوورەی[٩] ئەم سەحرایە[١٠] خوێناوی جگەرتانە

٧ – دەمێکە ئەم وڵاتە وا ئەسیری پەنجەیی جەهلە
لە سایەی عیلمەوە ئەمرۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە

٨ – زوبانی[١١] حاڵی (ئەحمەد) هەر ئەڵێ وریا بن ئەی میللەت[١٢]
بزانن بەردی ئەم شاخانە ئەڵماس و گوهەرتانە

(١) – گ : هەستن

(٢) – گ : نەجیبو

(٣) – ئو و ز : قەنعەکەن

(٤) – ع : خوێندن

(٥) – لە زۆر نوسخەدا نووسراوە بۆ (دیفاعی). بەڵام لە دەسخەنەکەی خۆیدا (دەماغی) بوو

(٦) – گ . ئو : شیرینە

(٧) – ز – لە کەشکۆڵەوە : بەسەر چەرخا

(٨) – ز : کێوانە . لە زۆر نوسخەو لەبەرکردنا وایە بەڵام لای خۆی (کێوە) بوو

(٩) – ز : گوڵاڵەی سوورێ .

(١٠) – دەشتەش هەبە . لای خۆی سەحرا بوو

(١١) – گ : زمانی

(١٢) – گ : ئەی خەڵکە

١ – زەرەر (ضرر) : زیان . فەزڵ (فضل) : چاکە ، دەستبالآیی .

٣ – عەینی : وەکو .

٤ – جەواهیر : گەوهەر . سورمەو کوحل : کل

٧ – ئەسیر : بەخسیر ، دیل . زەفەر (ظفر) : سەرکەوتن .

١ - خەڵقە وا فەسڵی بەهارەو من گەڵاڕێزانمە
پیرەو تازە تەمەنتای وەسڵی گوڵ ڕوویانمە [١]

٢ - وامەزانە ڕۆحەکەم تەنهام لە کونجی عوزلەتا
عەکسی ڕووی تۆ مەجلیس ئاراو زینەتی ئەیوانمە [٢]

٣ - بەسیەتی زاهید حیکایەی جەننەتو ڕۆژی جەزا
بەرگی خوێنیم نیشانەو حوججەتی غوفرانمە

٤ - تەرکی کەم چاکە بەهەشتی بەزمی [٣] جانانە ئیتر
چونکە وەک ئادەم ڕەقیبی سەگ سیفەت شەیتانمە

٥ - ئەی نیگاری بێوەفا ئەی شۆخی هەورامی نەسەب
دوور لە تۆ کەی مەیلی گەشتی گوڵشەنی تارانمە

٦ - قامەتم گەروا خەمەو حاڵم پەریشانە ڕەفیق
تێبگە تەمسیلی ئەبرۆو پەرچەمی جانانمە

٧ - گەر بڵێی دەستم‌کەوێ من خاکی بەردەرگانەکەت [٤]
کەی هەوای تەختو سەریری قەیسەرو خاقانمە

٨ - هەر کە دێم شەونم لەسەر ڕوخساری گوڵ دوێنێ لە باغ
یادی ڕووی تۆم کردو [٥] بۆیە ئارەزووی گریانمە

---

١) - ز : گوڵڕوویانمە
٢) - ن : تو : دیوانمە
٣) - ز : نەرمی
٤) - ئەم نیو دێڕەم لە (تو) وەرگرت . لە دەستخەتەکەی خۆیدا نووسیوە «تا کە بۆم دەست‌دا نیگارا خاکی بەردەرگانەکەت» ، بەڵام هەر لەوێدا کۆژێنراوەتەوەو بووە بە «گەر بێ دەستم‌کەوێ»
٥) - ز : کردووە من .

١ – فەسڵ : وەرز . تەمەننا : ئاوات ، هیوا . وەسڵ : پێگەبشتن

٢ – عوزلەت : کەنارگیری ، تاقەوەبوون . عەکس : وێنە

مەجلیس ئارا : مەجلیس ئەرازێنێتەوە . زینەت : جوانی ، ڕازاندنەوە .

ئەیوان : هەیوان ، دیوەخان ، مەجلس .

٣ – ڕۆژی جەزا : ڕۆژی پاداش‌و سزا ، قیامەت . غوفران : لێبوردن . حوججەت . بەڵگە . کاك حەمەبۆر ئەڵێ ئەم دێرە لەسەر گۆرەکەی نووسرابوو .

٤ – واتە چۆن شەیتان دوژمنی ئادەم بوو ، خۆی بۆ نابۆوە ڕەقیبیش بۆ من وایە .

١ — چارشێوی هەڵبڕی[١] لە سەری[٢] خۆی بەشەرمەوە
یار پێکەنی بە ڕوومەوە دوێنێ بە نەرمەوە

٢ — فەرمووی بە من کە ئێستە لەبەر غەم زەعیفی تۆ
حەقتە بێ بەحەڵقە بە دەوری کەمەرمەوە

٣ — ڕووناکی چاوی من بە مولاقاتی تۆ ئەبێ
ڕۆحم فیدایی تۆیە بە نووری بەسەرمەوە

٤ — (گفتا پدر[٣] تو پیر شدی ترك عشق کن)
پێم وت دڵم جوانە لە عەشقی پسەرمەوە[٤]

٥ — هەروەختێ دێتە[٥] بەر نەزەرم ڕۆژی وەسڵی تۆ
ڕەقسو سەما ئەکەم بە دڵی پڕ کەدەرمەوە

٦ — لەم ڕۆژەدا نەماوە ڕەواجی هونەر خوا
مەحوم بکا بە خۆمو بە عیلمو هونەرمەوە

٧ — ئاوارە بووم و کەوتمە چۆڵی و لە یار جودام
چیبکەم بە دەستی عەقڵی دڵی دەربەدەرمەوە

٨ — شمشێری ئەبروانی ئەگەر دەرنەخا نیگار
ڕۆحم فیدای ئەکەم بە زرێمو[٦] سوپەرمەوە

٩ — بوڵبوڵ سیفەت خەریکی فوغانم بە ڕۆژو شەو
هەر نالەمە لە عەشقی گوڵی سیم بەرمەوە

١٠ — وێرانو چۆڵە موڵکی دڵی (ئەحمەد)ی هەژار
ئەمڕۆ لەبەر غەمی بنی بێ دادگەرمەوە

(١) – ز : هەڵبڕیوە .
(٢) – گ : لەسەر
(٣) – ز : برو
(٤) – گ : پەرمەوە .
(٥) – ز . گ : وەختێ کە
(٦) – ز . گ : بە زرێو

١ – چارشێو : پەچە
٢ – زەعیف : لاواز
٣ – مولاقات : بینین ، بەیەکگەیشتن . نووری بەسەر : نووری چاو .
٤ – (وتی بابە تۆ پیربووی واز لە دڵداری بێنە) ، پسەر : کوڕ
٥ – بەر نەزەر (نظر) : بەرچاو . کەدەر : خەم ، ناخۆشی ، پەشێوی .
٦ – ڕەواج : بڕەو . مەحوم بکا : لەناوم‌بەرێ .
٩ – سیم‌بەر : زیوین . لەش وەک زیر سپی .

١ — غەزالەی چینە یاخۆ پیالّەیی سەهبایە[١] ئەو چاوە
شەرابی نابە یاخو نێرگسی شەهلایە ئەو چاوە

٢ — ئەرێ[٢] مایەی حەیاتو[٣] قووتی رۆحە[٤] لێوی ڕەنگینت[٥]
وەیا غارەتگەری دینی فەقێو مەللایە ئەو چاوە

٣ — موسەللەح بوو بە موژگانی[٦] سیاەو تیغی دوو ئەبرۆ
مەزەننە[٧] مایلی فیتنەو[٨] شەڕو دەعوایە ئەو چاوە

٤ — بە گۆشەی چاوی تۆ نابن ستارەی تارمی ئەفلاك
لەسەر ئەرزو سەما بێمیسلو بێهەمتایە[٩] ئەو چاوە

٥ — بە تیغی ئەبرووانو تیری موژگانی[١٠] سیاهی خۆی
لەبۆ قەتلی دڵی عاشق، چ بێپەروایە ئەو چاوە

٦ — غولاّمی ئاستانەت (ئەحمەد)ی بێچارەیە جانا[١١]
شەهی ئیقلیمی حوسنو ئامیرو مەولایە ئەو چاوە

---

(١) - ع : ئاهوویی سەحرایە (٢) - ع : بەڵێ. (٣) - ن : ژیانو (٤) - ن : گیانە
(٥) - ع : شیرینت (٦) - ع : برژانگی (٧) - بەخەتی خۆی (مظنە) نووسراوە
(٨) - ز : فیتنەو (٩) - ع : هاوتایە (١٠) - ع : برژانگی (١١) - ع : بێچارەیە قوربان

---

١ — غەزالە : ئاسك . سەهبا : مەی . ناب : نایاب
٢ — حەیات : ژیان
٣ — مەزەننە (مظنة) : مەزندە ، وابزانم
٤ — ستارە : ئەستێرە . تارم (طارم) : قات ، دەستە ، پلە .
٥ — سیاە : ڕەش
٦ — ئاستانە : شوێن ، بەردەرگا . ئیقلیم : هەرێم ، وڵاّت . ئامیر (امر) : فەرمانڕەوا . مەولا : گەورە .

(٨٢)

١ - ئەم دڵەم وادیارە مەیلی ڕووی گوڵی یاری هەیە
بولبوڵئاسا بۆیە دایم نااڵەوو زاری هەیە

٢ - گەر لە دەس جەوری ڕەقیبان[1] من بنااڵم حەق نیە
چونکە مەعلوومە کە گوڵ بوو، دائما خاری هەیە

٣ - وا لە عەشقی پڕتەوی سەر کوڵمی ئاڵت چاوەکەم
سینەکەم شوعلەو بڵێسەی کوورەیی ناری هەیە

٤ - فەرموو بێرە حوجرەیی دڵ خەڵوەتە بۆ بەزمی تۆ
غەیری تۆ قوربان نە نامەحرەم نە ئەغیاری هەیە

٥ - ئەشکی چاوم وا لە حەسرەت لەعلی لێوت دەمبەدەم
جاریەو سوورو سوێرە، ڕەنگی گوڵناری هەیە

٦ - دڵ لە خەوفی زوڵفی تۆ بۆ گەنجی ڕووت ڕێگەی نیە
چونکە دەوری ئەو تەلیسمە جوونێ ڕەشماری هەیە

٧ - (ئەحمەد)ی بێچارە بۆ وەسڵت ئەنااڵ ڕۆژو شەو
ڕەنگی زەردو ئاهی سەردو قەلبی بیماری هەیە

---

(١) - ز: ڕەقیب

١ - بولبوڵئاسا: وەک بولبول
٢ - جەور: زوڵم، زۆرداری، خراپەکاری.
٣ - کوورەیی نار: کوورەی ئاگر.
٤ - حوجرە: ژوور. خەڵوەت: خۆ تەنیا گرتن. نامەحرەم: بێگانە، کەسێ کە دەستوێژی لێ بشکێ. ئەغیار: بێگانە.
٥ - لە حەسرەت، لە داخی، نەناو. جاری: ڕۆیشتوو
٦ - گەنج: گەنجینە

١ - بۆچ زەمانە هەر لەگەڵما مەیلی غەددارپی هەیە
بۆچ فەلەك دایم خەیاڵی مەردومئازارپی هەیە

٢ - زاڵمە بێمروەتە خەسمی کەسانی عاقڵە
فیتنەیە ئەو کافرە[١] هەر مەیلی خوێخوارپی هەیە

٣ - من نەخۆش و خەستەوو زارم لە رۆژێکۆ کەوا
چاوی مەخموورپی نیگارم مەیلی[٢] بیمارپی هەیە

٤ - من خەیاڵی گەردنی ساقی و مەی و بادەم بەسە
خواجە هێند بێعەقڵە هەر دەردی جل و بارپی هەیە

٥ - تەرکی دین و مەزهەبم کرد من کە دیم زوڵفی نیگار
حەڵقە حەڵقەو پێچ پێچە شکڵی زونارپی هەیە

٦ - تەرکی کە توخوا ڕەفیقیي زاهیدی بێعەقڵ و هۆش
چونکە ئەو شێتو نەزانە عیللەتی سارپی هەیە[٣]

٧ - خوێنی پاکی لاوی کوردانە ڕژاوە[٤] کێو کەژ
بۆیە وا ئێستا کەسوورە ، ڕەنگی گوڵنارپی هەیە

٨ - بۆ دڵم خۆش بێ بە ڕەنگی ئەم بەهارەو فەسڵی ئەو
من موحەققەقمە ئەمیش هەر شێوەکەی پارپی هەیە

٩ - شێت و شەیدا بە ئەگەر وەسڵی نیگارت مەتڵەبە[٥]
دوژمنی ئەو شەخسە بە وا بەختی هوشیارپی هەیە

١٠ - دەستەئەژنۆ قور بەسەر گریانە پیشەی ڕۆژو شەو
(ئەحمەد)ی بێچارە عەشقی شیوەنو زارپی هەیە

(١) – ع : زاڵمه

(٢) – ع : ڕەنگی

(٣) – له چاپەکەی کەمالیدا ئەم دێڕە لادراوە

(٤) – ع : پژاوە

(٥) – ع : مەتڵەب

١ – غەدراری : زۆرداری ، خراپەکاری . مەردووم ئازاری : ئازاری خەڵك .

٢ – خەسم . (خصم) : دوژمن ، ناحەز

٣ – لەڕۆژێکۆ : لەڕۆژێکەوە . مەخمور : مەست .

٤ – خواجە : جۆرلەکەیەکی هەڵەجەیی بووە .

٦ – عیللەتی ساری : نەخۆشی یەك کە بۆ خەڵکی تر دەچێ .

٩ – مەتڵەب : مەبەس ، ئارەزوو .

١ - دولبەرم[١] دیسان لەگەڵ من عاجزیو قینی هەیە
بۆیە دیدەی[٢] ئەشکبارم ئارەزووی شینی هەیە

٢ - ئەو گوڵاڵەی وا لە کێوی بێستوونا سەوز ئەبێ
چەن لەتیفو ئاڵە[٣] ڕەنگی لێوی شیرینی هەیە

٣ - ڕوومەتو خاڵت لەپێش چاوم نیگاری نازەنین
هەر لە عەینی ڕەنگی ماەو[٤] شکڵی پەروینی هەیە

٤ - من کە دیم تاقی دوو ئەبرۆی[٥] قیبلەگاهم کەچ بووە
تازە بۆ من زاهیدیش ئومێدی ئایینی هەیە

٥ - ڕوومەتی تۆ باغە ئەما بۆ دڵی بولبول سیفەت
مەنعە[٦] بۆی چونکە لە زوڵفت دەوری پەرژینی هەیە

٦ - سەیری چەن شێتە تەبیب ئێستا موداوای من ئەکا
من کە کوشتەی دەستی تۆم ئەو ئارەزووی ژینی هەیە

---

(١) - ز : دڵم
(٢) - گ : چاوی
(٣) - گ : جوانە
(٤) - گ : هەر بەعەینی ڕەنگی مانگ‌ەو
(٥) - گ : ئەبرۆت
(٦) - زۆر نوسخە : مانعە

١ - دیدە : چاو : ئەشکبار : فرمێسکاوی .
٢ - لەتیف : جوان
٣ - شکڵی پەروین : ڕێنەی سورەیا (ثریا) . کۆمەڵە ئەستێرەیەکی بچووکە لە یەک شوێندا کۆدەبنەوەو وەک یەک ئەستێرە دەنوێنن .
٤ - قیبلەگاە : کەعبە . کەچ بووە : خوار بووە .
٥ - ئەما : بەڵام ، لێ . بولبول سیفەت : وەک بولبول .
٦ - تەبیب : پزیشک . موداوا : چارە ، بیماری

١ — بێوەفا مارف بەجارێ بۆچ لە بیرت چوومەوە
بۆچی نازانی ئەمە چەن رۆژە من هاتوومەوە

٢ — ئەی نەفام چۆن شێر ئەسیری پەنجەیی رێوی ئەبێ
شاهبازت دیوە تا ئەمرۆ بە چنگی بوومەوە

٣ — هاتمەوە بەڵکو[1] کە چەند وەقتێ لە غەم فاریغ بم
چاوی فەتانیم کە دی دیسان لەسەرخۆ چوومەوە

٤ — ئەهلی ئەم شارە لە وەقتێکۆ کە تۆ وونبووی لە من
مات و بێدەنگن بە شێخو جووڵەکەو مالوومەوە

٥ — زۆر ئەترسم تۆ نەبینم یا[2] بڕۆمۆ چاوەکەم
نامرادو دەربەدەر بم بەم دڵەی مەحروومەوە

٦ — پێیەوتم (ئەحمەد)لەبەرچی قامەت واخەم بووە[3]
بۆچی ئێستاش وای بە داخی تاقەکەی ئەبروومەوە؟

---

(١) — گ : ئێرە
(٢) — گ : باز
(٣) — گ : پێیەوتم یار بۆچی (ئەحمەد) قامەت وا خەم بووە؟

١ — مارف : میرزا مارفی شاعیرە
٢ — بووم : کوندەبەبرو
٣ — لە غەم فاریغ بم، بێخەم بم.
٥ — فەتتان : فیتنەئامێز.
٤ — مەبەس شاری هەڵەبجەیە کە شاعیر لە بەغداوە هاتۆتەوە ئەوێ. مالوم : پێشەوای ئایینی جووڵەکەکانە.
٥ — وەقتیکۆ — برۆمۆ — بە شێوەی هەڵەبجەو نارجافە ، لە وەقتێکدا، برۆمەوە.
مەحروم : بێبەری.
٦ — خەم بووە : کەچبووە، شکاوە. خەم بە (تاق)ی تەلاریش دەوترێت.

(٨٦)

١ — خاڵی ڕووت داخی دڵی زامارو[1] بیماری منە
ڕوومەتت گوڵ ، قامەتی تۆ سەروی جۆباری منە

٢ — ئەی تەبیب بۆچی مۆداوای زامی جەرگی من ئەکەی
باعیسی ژین‌و حەیات‌و سیحەتم یاری منە

٣ — پێی‌وتم عاشق لە گەنجی حوسنی من بەهرەت نیە
پاسەوانی ئەم تەلیسمە زوڵفی ڕەشماری منە

٤ — من‌وتم دولبەر[2] لەبەرچی لالە دڵ خوێنینە وا
پێی‌وتم عاشق بە لێوی ئاڵی گوڵناری منە

٥ — ئەی ڕەفیقان ، گەر ئەپرسن ئەم بریانە چیە
تیرەبارانی نیگاهی شۆخی غەددارە منە

٦ — لابە توخوا عوودو عەنبەر ، باعیسی دەردی سەرە
بۆنی زوڵفی ئەو نیگارەم موشکی تاتاری منە

٧ — مردن‌و سوتان‌و قوربێوان وەزیفەی (ئەحمەد)ە
تەرکی سەرکردن لە عەشقا چاوەکەم کاری منە

---

(١) — ع : مەحزون‌و
(٢) — ع : گیانە

١ — جۆبار : جۆگە ، جەە .
٢ — سیحەت : لەش‌ساغی .
٣ — مار لەئەفسانەدا پاسەوانی گەنجینە دەکات .
٦ — موشك : میسك ، ئەو شتە بۆنخۆشەیە کە لە ناوکی ئاسکەوە پەیدا دەبێت .

١ - ئەی حەسەن ئەم کاغەزەم تەبریکی عەیش و شادی یە
پڕ لە مەعنایە ئەگەرچی بۆ موبارەکبادی یە

٢ - کەیفە ، بەزمە ، دەنگی سازە ، نالەیی عوودو نەیە
جەژنە ئەمرۆ ، ماچو موچە ، مەوسیمی ئازادی یە

٣ - هەرکەسێ لەم رۆژەدا بێدەنگ و عاجز دانیشێ
ئەحمەق و شێتە بەجیددی ئیشی ئەو گەورادی یە (١)

٤ - نووکی تیرت بۆچی کول بوو ، تیغی تیژت بۆ شکا
چی لە تۆ ڕووی دا بڵێ پێم بۆچ سوپەر فوولادی یە

٥ - ڕەنگ سپی بوون لەرزە لەرزی دەست و ئەژنۆ پێم بڵێ
قاعیدەی تۆیە وەیاخود شێوەیی دامادی یە (٢)

٦ - سا (حەسەن) ئەمشەو وەکو پیاو دەس بە شیرو تیغی تیژ
ئیستیلاکە زووبەزوو ئەو قەلعەیی شەدادی یە

٧ - دوڕسمین و موشکافی (٣) تۆ ئەگەر نازانی خۆت
(ئەحمەد)ی خاڵۆت هەمیشە پیشەیی ئوستادی یە

---

(١) - ع : بەڕاستی کاری ئەو ناکاری یە (٢) - ئو : دامادی یە (٣) - ع : موقلیشان

١ - حەسەن : حەسەن فەهمی بەگی عەلی بەگی مەحمودپاشای جافە ، کە خوشکەزای شاعیرەو ئەم دێڕانەشی بە بۆنەی ژنهێنانی ئەوەوە نووسراوە . کاغەز : نامە ، ڕەشبەڵەک (ک . ژ) . تەبریک : پیرۆزبایی . موبارەکبادی ، موبارەکبایی ، پیرۆزبایی .

٢ - مەوسم ، کات ، وەرز

٣ - بەجیددی (جد) : بەڕاستی .

٤ - فوولاد : پۆڵا .

٥ - قاعیدە : ڕێوشوین . داماد : زاوا

٦ - ئیستیلاکە : داگیرکە . قەلعە : قەڵا

٧ - موشکاف : موو بڕ ، موشکێن . ئوستاد : مامۆستا .

١ - نێرگسی شەهلا غولاّمی دیدەیی مەخموورتە
گولّ وەکوو بولبول هەمیشە [١] عاشقو مەجبوورتە

٢ - نۆشی داروی لێوی نۆیە ئەی تەبیبی [٢] حاڵزان
باعیسی ژینو حەیاتی عاشقی ڕەنجوورتە

٣ - ڕۆژ کەوا ڕووزەردە [٣] سەرگەردانە هەر دێتو دەچێ [٤]
شێتو سەرگەشتەی فیراقی ڕوومەتی پڕ نوورتە

٤ - بۆ خەرابیو غارەتی مەعموورەیی دلّ چاوەکەم [٥]
نیپی موژگانت [٦] بەدایم لەشکری مەنسوورتە

٥ - پێ‌ڕێم هۆشت بێ ئەو ڕێگە وا من پیا ئەڕۆم
تۆزی ئەو دەرمانی چاوی پڕ لە خوێنی سوورتە

٦ - گەر حەقیقەت بینی عاشق لاّبە [٧] نەعلەینی حەیات
جێی تەجەللای حوسنی ئەو دڵدارە کێوی تووڕتە [٨]

٧ - تۆ کە شیرینی زەمانی من کە فەرهادی غەریب
حەیفە بۆ تۆ خوسرەوی خووبان ڕەقیب شاپوورتە

٨ - بۆچی عاشق شێتی تۆ وا مەیلی فیردەوست هەیە
بەزمی ئەمشەو جەننەتولئەعلایە دولبەر حوورتە

٩ - گەر نیگاهێکت لەگەلّ منداا بێ عەیبی چیە
تۆ سولەیمانی زەمانی عاشقیشت موورتە [٩]

١٠ - مەنعی تۆ ناکەم کە بێ‌باکانە خوێن‌ڕێژی ئەکەی
موقتەزای ئەحوالّو نەبعی سەرکەشو مەغروورتە [١٠]

١١ - ئەم قەسیدە وەختێ هاتە خزمەتت بیخوێنەوە
عەرزوحاڵی بەندەیێکی بێنەوای مەهجوورتە[١١]

١٢ - ئەی دڵە بەسیە هەتا کەی تۆ خەریکی هاتوچۆی
موشکیلە[١٢] وەسڵی تەمەننای مەتڵەبێکی دوورتە

١٣ - بەسیەتی تا کەی[٣] لە حەق ئەم بەندە بێلوتفی[٤] ئەکەی
(ئەحمەد)ی بێچارە تەنها عاشقی مەغدوورتە .

---

(١) - ع : عەزیزم .
(٢) - ع : حەکیمی .
(٣) - ع : زەردو .
(٤) - ع : هەر بێی و ئەچی .
(٥) - ع : گیانەکەم
(٦) - ع : موژگانت
(٧) - ئو : لایە
(٨) - ئەم دوو دێرە لە (ع)دا نیە .
(٩) - ئەم دوو دێرەش لە (ع)دا نیە .
(١٠) - ئەم دێرە لە (ع)دا زیادە .
(١١) - ع : مەجبوورتە .
(١٢) - ع : موشکیلەی
(١٣) - ع : تۆ تا کەی .
(١٤) - ع : لوتفی پێ .

١ - مەجبوورتە : ناچارنە .
٢ - دارو : دەرمان
٤ - غارەت : هێرش . مەعموورەیی : ئاوایی . مەنسوور (منصور) : سەرکەوتوو .
٦ - لایە نەعلەینی حەیات : دور کەوشی شەرمت داکەنە .
٧ - لێرەدا کۆمەڵێ تەشبیهی تێدایە بە چیرۆکی شیرین و فەرهاد .
٨ - فیردەوس : بەهەشت . جەنتەتولئەعلا (جنة الأعلى) : بەرزترین شوێنی بەهەشتە . (نەعلەین)، ئیشارەتە بۆ ئایەتی (فاخلع نعليك إنك بالواد المقدس طوى)
٩ - سولەیمان : سولەیمانی حەکیم . مورر : مێروولە .
١٠ - موقتەزای ئەحوال : بەپێی کات و بار . تەبع : سروشت . مەغروور : لەخۆبایی .

١ — دڵی زارم بەدایم بەستەیی زنجیری گێسووتە
وجوودی وەك کەتانم لەتلەتی شوعلەی مەهی ڕووتە

٢ — دڵم دایم کەوا زامارە ئەی شۆخی دڵئازارم
هەمیشە خەستەوو[١] مەجرووحی شمشێری دو ئەبرووتە

٣ — وەکوو شەمع ئەر دەمێ ئەگریمو گاهێ وام لە شەوقا من
هەموو سیحرو دەسیسەی عیلمو مەکری چاوی جادووتە

٤ — لە بازاڕی مەحەببەتتدا[٢] من ئێستا زۆر[٣] بە سەرمایەم
ڕەقیبی سەگ سیفەت ئەلحەمدوللا ئێستە نابووتە

٥ — بچۆ بیمارخانەی عەشقی ئەو شۆخە تەماشاکە
لەلایێ نالەوو دەنگی نەخۆشە ، لایێ تابووتە

٦ — ئەگەر سەد سالێ جەفاکەی دولبەرا من بەندە فەرمانم
کە چونکە من ئەزانم دائما بەدخوویی هەر خووتە

٧ — نیگارم تووتیبە بۆ خۆشزوبانیو لەنجەوو عیشوە
ئەما[٤] حەیفێ کە ئەو شۆخە لەگەڵ زاغی سیا[٥] جووتە

٨ — ئەگەر (ئەحمەد) بەدایم عاشقی مەجنوون سیفەتڕووتە[٦]
مەکە مەنعی هەموو تاوانی شەوقو شوعلەیی ڕووتە

---

١ . ئو : خەستەی . (٢) - ن : مەحەببەتوا . (٣) - ن : زوو .
٤ : بەڵام . (٥) - ز : ڕەشە . (٦) - ز : خەمخۆرتە .

ستە : بەستزاو ، ئالووده . مەهی ڕووت : مانگی ڕووت .
ستە : نەخۆش . مەجرووح : بریندار
: ئەگەر . جادوو : سیحر
حەببەت : خۆشەویستی .
: قەڵەڕەشکە . سیا : ڕەش

(٩٠)

١ — ئەی وەتەن جەننەتی یا رەوزەیی رِیزوانی تۆ
باعیسی کەینی دڵە باغ و گولستانی تۆ

٢ — تۆزەکەت سوورمەیە بۆ چاوو عەبیرە خاکت
راستە گەر بێتو بڵێم قیبلەیی کوردانی تۆ

٣ — ئەم گولاڵانە کە لەم کێوو کەژە خەیمە ئەدەن
هەموو تەمسیلی ئەکەن خوێنی شەهیدانی تۆ

٤ — جێگەیی فەخری هەموو قەومی نەجیبی کوردی
رۆح و دڵ پارەوو ماڵ گشتی بەقوربانی تۆ

٥ — بەچکەکانت هەموو جەنگ ئاوەرو ساحێب فیکرن
هەر بژیت حەقمە بڵێم دایەیی شێرانی تۆ

٦ — دەستەیەك لەو بەچە شێرانە کە وون بووبوون لێت
سەد شوکور هاتنەوە ژێر سێبەری سەیوانی تۆ

٧ — لە گولستانی وەتەندا هەموو وەختێ (ئەحمەد)
نەغمەخوانە بۆ وەتەن بولبولی خۆشخوانی تۆ

١ - رەوزەیی رِیزوان : (روضة الرضوان) : باخچەیەکی بەهەشتە
٢ - عەبیر : دەرمانێکی بۆنخۆشە. یا کۆمەڵی دەرمانی بۆنخۆشی تێکەڵە.
٣ - تەمسیلی ئەکەن : ئەنوێنن.
٥ - جەنگ ئاوەر : جەنگاوەر ، ئازا لە جەنگدا. ساحێب : خاوەن.
٦ - سەیوان : خێوەت ، چادر ، چەتر.

— دڵپەرێشانم لە حەسرەت پەرچەمی شێواوی تۆ
ڕۆژی ڕەش کردم بەجارێ زوڵفی ئاڵۆزاوی تۆ

— پێی وتم وریا بە خۆڵی ژێڕی ئەم کەوشی منە
وەك جەواهێر سورمەیە بۆ چاوی پڕخوێناوی تۆ

— لام یەقینە بێ سوئاڵو جواب بەهەشت جێگەی منە
دیارە جێی جەنناتی عەدنە ڕۆحەکەم کوژراوی تۆ

— ئەودەمەی دێنو ئەپرسن لێم مەلائیك مەزهەبم
من بە خوێنی دیدە ئەینووسم لە سینەم ناوی تۆ

— هەوری بەهەمەن وا دیارە[1] شیوەنو نەعرەی منە
گرمەگرمو هاتنی بارانەکەی تاوتاوی تۆ

— سەروی بالآت چەندە مەوزوونە لە باخچەی حوسندا
پێوە پێچراوە سەراپا زوڵفی وەك لاولاوی تۆ

— شەمعی ڕووت دەرخە فیدائم ، (ئەحمەد)ی بێچارەیە
وەك پەپوولەی بێنەوایە شێتو دڵسووتاوی تۆ

---

غ ، ئو : مەشقی شێوان

لام یەقینە : دڵنیام . سوئاڵ : پرسیار . جەواب : وەڵام ، پاسوخ .
مەلائیك : فریشتەکان
هەوری بەهەمەن : هەوری کە بەفر دێنێ .
مەوزوونە : ڕێك وپێکە .
بێنەوایە : بێدەنگە .

١ — ئەی دڵە بەسیە تەپوکۆ چیتە ئارامت بێ
تێپەڕی ئەووەختە ئێتر دولبەرا ڕامت بێ

٢ — سەرسەری و ئەوباش و بەدئەتواری وەك تۆ چۆن ئەبێ
بیبە پیاوێکی زەریف و شوهرەت و نامت بێ

٣ — بولبولی دڵ تا بە کەی نالەو فوغانی بێسەمەر
زۆر مەحاڵ و موشکیلە شۆخی گوڵئەندامت بێ

٤ — چەرخی بەدبەختی وەهای هێناوە[1] قەت مومکین نییە
دولبەرو ساقی و شەراب و موتریب و جامت بێ

٥ — چونکە عاشق تۆ شەهیدی تیغی ئەبرۆی دولبەری
حەیفە گەر ترست لە ڕۆژی مەحشەری شامت بێ

٦ — چەندە خۆشە مورغی دڵ بۆ دانەیی خاڵت بچێ
تا ئەبەد مەحبووسی بەندی حەڵقەیی دامت بێ

٧ — بەختەکەی تۆ نووستووە زەحمەت مەکێشە (ئەحمەدا)
غەیری ئیمکانە لەدنیادا دەمێ کامت بێ

١ — **تەپوکۆ** — دڵەکوتێ ، فڕەفڕی دڵ

٢ — **ئەوباش** (کۆی : وەبش ، وبش)ە : بەدئەتوار : بەدڕەفتار . زەریف : **ڕێك وپێك** . شوهرەت : **ناوبانگ** . نام : ناو .

٣ — **بێسەمەر** : بێبەر .

٤ — **موتریب** : گۆرانیبێژ ، گۆرانبێژ .

٥ — **وتراوە کە** دەشێ شام جێگەی ڕۆژی مەحشەرە

٦ — **مورغ** : باڵندە ، مەل . دانە : دانەوێڵە . دام : داو .

٧ — **غەیری ئیمکانە** : لەتوانادا نییە ، ناگونجێ .

١ — هەدەف مەعلووم نیە دڵ وێڵ و سەرگەردانە بۆ یاری
خوایا سا نەسیبی کەی پەری ڕوویێکی عەیاری

٢ — ئەزانی بۆچی کەچ خوڵقم لە عاڵەم هەر گوریزانم
ئەمە بەبێکە وا لێم گوم بووە شۆخێکی غەددار

٣ — بەهاران دایما هەر سوجدە بۆ[1] نێرگس ئەبەم وەك شێت
کە چونکە پێوەیەتی شێوەیی چاوێکی بیمار

٤ — زوبانی حاڵی بولبول هەر ئەڵێ ئەی گوڵ فیدای تۆ بم
ئەگەر مومکین نیە وەسڵت بە دیاری بمدەرێ خار

٥ — ئەگەر یادی سەری زوڵفت لەبیرم دەربچێ جانا
لە سەحرای عەشقی تۆدا بمگەزێ یا ڕەبی ڕەشمار

٦ — حەیات لام پەشمە ، مردن شادی یو کەیفە لەڵام ئەمڕۆ
خوا بیکا ئەگەر بێت بۆ مەزارم یارەکەم جار

٧ — نەما ئیمانو دینی قیبلەگاهی کەج بووە (ئەحمەد)[2]
لە ناقی ئەبرووانی دولبەرێکی شۆخو نازاری[3]

---

— ئو : بەر
— ئو : نج : کەچبووە (ئەحمەد) لەبەر دووری
— ئو : نازداری

— هەدەف : ئامانج
— گوریزان : ڕاکردور ، هەڵاتور

١ - لەگەڵ دڵ شەرتی من وایە هەتا ڕۆژێ حەیاتم بێ
بەشی ئەو دەردو غەم بێتو منیش ماتەم خەلآتم بێ

٢ - بە تەختی قەیسەرو کەیخەسرەوی نادەم ئەگەر دولبەر
قبوڵم کا بە بەندەی خۆی لە جێی مووچەو بەراتم بێ

٣ - ئەگەر ماچی دەمی ڕۆژێ خوا بیکا بەقیسمەت بێ
بە زەهرم بێ[1] ئەگەر من ئارەزووی نوقڵو نەباتم بێ

٤ - وتم ئەی بت لەلام پەشمن هەموو ئایینو دینێ من
بە یادت ڕەنگە مەیلی پەیڕەوی عوززاوو لاتم بێ

---

(١) - ن :بێ.

١ - شەرت : مەرج
٢ - بەرات : بەخشش
٣ - بە قیسمەت بێ : بە نەسیب بێ ، بێ بە بەشم . زەهر : ژەهر.
٤ - عوززا و لات : دوو بت لە کانی بتپەرستیدا لە کەعبەدا بوون.

١ - دەمێکە یار کە ناپرسێ لە حاڵی عاشقی زاری
لە بیری چۆتەوە چەن وەختە[١] وا عەبدی وەفاداری

٢ - لە لام وابوو کە یارێکی وەفادارو[٢] وەفاجۆیە
بەسەهوا چووم و نەمزانی وەهایە ڕەسم و ئەتواری

٣ - ئەگەرچی بێوەفاو مەیلە ، بەڵام ڕۆحو دڵم سەد جار
بە قوربانی نیگاهی دیدەوو لێوی شەکەرباری

٤ - ئیتر بۆچیمە من ئیمانو دین و مەزهەب و ئایین
ئەگەر دەستم کەون حەڵقەی چلیپای[٣] زوڵفی زوننارى

٥ - لەلام بێقەدرە من بۆنی وەنەوشەو یاسەمین ئەمرۆ
کە دێتە بەر خەیاڵم پەرچەمی وەک موشکی تاتاری

٦ - نیشانەی خوێنی ئاڵی عاشقی کوژراوی ئەو یارەن[٤]
سەری پەنجەی حەنایی یو لیباسی سووری[٥] گوڵناری

٧ - وتی (ئەحمەد) لەعەشقا ئێستە وا مەشهوورە ئوستادی
تەماشا کە چلۆن بردم دڵی زارت بە عەییاری

---

(١) - ئو : چەند وەقتە .
(٢) - ئو : وەفاداری
(٣) - ئو . ز : چلیپی
(٤) - گ : یاری من
(٥) - ز : بەرگی

- عەبد : بەندە ، کۆیلە
- وەفاجۆ : باوەفا . بەسەهواچووم : هەڵەم کرد . ڕەسم و ئەتواری : ڕەفتارو ڕێوشوێنی
- چلیپا : خاچ ، سەلیب ، ئەو دارەیە کە حەزرەتی عیسای پێدا کرا ، یا پیدا دا کوتراو بەکینایە بۆ زوڵفی دولبەر بەکاردێت .

## (٩٦)

١ - سەبا عەرزی خلووسی‌و بەندەگیم‌و هەم دوعاخوانی
ببە بۆ خزمەتی شاهی موحیتی گشت سولەیمانی

٢ - بلّێ قوربانی تۆ بم ئەی سەلاحەددینی ئەیووبی
بە زۆری پەنجە وەك حەیدەر ، بە سیما یوسفی سانی

٣ - لە دەست کافر نەجاتمان بوو ، بیحەمدیللاهی وەلمینە [١]
لە سایەی دەست‌و تیغ‌و هیممەتی تۆ شێری یەزدانی

٤ - خوداوەندا بە لوتفی خۆت لە چاوی بەد بەدووری‌کە
بە جاهی سەیدی مورسەل ، بە ڕۆحی شاهی گەیلانی

٥ - لەپاش ئەم ئیحتیراماتە ، بلّێ بەو شاهی دەورانە
چ جورمێکی هەیە (ئەحمەد) ، کە کردووتە بە زیندانی

٦ - ئەگەر شایەد لە خزمەتتا خراپەی ئەو بووە سابیت
بە لوتفی خۆت عەفووی‌کە چونکە هەر خۆت ساحێب ئیحسانی

٧ - کە جورمێکی [٢] نیە تا کەی ، لە حەپسا دانیشێ قوربان
لە تەنهایی لە فیکری [٣] چۆتەوە ئادابی ئینسانی

٨ - ئەگەر داوای کەفیلی لێ ئەفەرموی حازرە ، یاخود
مولّك [٤] تەمین ئەکا سەد جار ، بە ئایین‌و بە ئیمانی

٩ - هەتا مردن ، وەکو بەندە ، لە خزمەت شاهی کوردستان
حەیاتی خۆی فیدا کا بۆ هەموو ئەمرێك‌و فەرمانی

١٠ - من ئەم حەپسەم لە لا فەخرە ، بەشەرتێ سەروەری کوردان
لە حەق ئەم بەندەیەی خویە ، بمێنێ لوتفی جارانی

١١ — به زاتی پاکی بێهەمتا ، به نووری ئەحمەدی مورسەل
جەنابت سوێند ئەدەم قوربان ، به گشت ئایاتی قورئانی
١٢ — به لوتفو مەرحەمەت ئەم بەندەیەی خۆتە عەفو نەرموو
ئەتۆ سەرفی نەزەر فەرموو ، لە جورمو سەهوو نیسیانی
١٣ — لە لوتفی تۆ زیاتر هیچ پەناهێکی نیە (موختار)
به کاری هیچ نەهاتن دۆستەکانی ، خزمو خوێشانی

---

(١) — بحمدالله والمنة .
(٢) — گ : که جورمیشی
(٣) — گ : لەبیری
(٤) — ئو : مەلیك

١ — خلووس : ئیخلاس : دڵسۆزی .
٢ — حەبدەر : ئیمامی عەلی . یوسف : یوسفی کەنعان .
٥ — جورم : گوناه .
٧ — ئادابی ئینسانی : ڕەفتاری مرۆڤانه
١٢ — نیسیان : لەبیرچوونەوه .

(٩٧)

١ — ئیزنی دام دولبەر کە بچمە زیارەتی[١] دەرگانەکەی
شەمعی ڕەخشان وا قبوڵی کرد شوکور پەروانەکەی

٢ — ئاسمان حەقیە[٢] بەخیل بێتو فرێدا مانگ‌و خۆر
لەو دەمەی یار خۆی نواندو هاتە ناو هەیوانەکەی

٣ — یار دەریخست[٣] ڕوومەتی خۆی، کۆمەڵی عاشق ئیتر[٤]
لازمە ئێوە بزانن کەعبەیە سەربانەکەی

٤ — حەقیەتی ئەو شۆخە ئیمزا دابێ: جەللادی دڵ
ئەی دڵ‌و گیانم فیدایی تۆ ڕەوو[٥] عینوانەکەی

٥ — وەختی وەسڵە گەە بە تۆندی، گەە بە خەندەو پێکەنین
دڵ ئەلاوێنێ چ خۆشە خەندەوو گریانەکەی

٦ — یار ئەگەر بێت‌و بڵێ زوحاکی تازەم[٦] حەقیەتی[٧]
شاهیدن بۆ موددەعای[٨] دوو ئەژدەهای سەرشانەکەی

٧ — مژدەیە مەجنوون کە لەیلا هاتووە بۆ تەجروبەت
تا بزانێ چۆنە حاڵی عاشق‌و دێوانەکەی

٨ — جەژنە لای عاشق کە مەعشووقەی بەنازو پێکەنین
دێتە سەیری تا بزانێ، چۆنە قوربێوانەکەی

٩ — موو لە پەنجەم بێتەدەر[٩] گەر دەستبەم بۆ پیاڵە من
گەر بێ دەستم کەوێ دوومەکی وەک فنجانەکەی

١٠ — خوێنی چاوی کوردەکانە بۆ وەتەن شیوەن ئەکەن
بۆیە وا لێلاوو سوورن تانجەرۆو سیروانەکەی

١١ — وەعدەیی دابوو کە دڵ خۆشکا سەراسەر قەومی کورد
حەیفی کرد(١٠) وا زوو شکاندی وەعدەوو پەیمانەکەی
١٢ -- مەزهەب‌و دینی لە قەبرا لێی بپرسن وا(١١) ئەڵێت
خاکی کوردستانە (ئەحمەد) مەزهەب‌و ئیمانەکەی

---

(١) — ز : چاك ئەزانێ دولبەرم هاتوومەبەر .
(٢) — ز : حەیفە .
(٣) — ز : لەسفتی
(٤) — ز : ئەسیر .
(٥) — طرة .
(٦) — ن : تازیم
(٧) — ن : لایقە
(٨) — ن : بۆ ئەو .
(٩) -- ئو : دەربچێ .
(١٠) — ن : حەیفە کورد
(١١) — ئو : چل .

١ — شەمعی ڕەخشان : مۆمی ڕۆشن ، ڕووناك ، دڕەخشان ، تابان ، ڕەخشا
٤ — تورڕە (طرة) : مۆر ، ناوچەوان . عینوان : نارنیشان ، هەیبەت
١١ — وەعدە : پەیمان

١ — ئەبێ ئێستە خەریکی بادەنۆشین بم لەبەر شادی
که یار ئەتوانێ بێتە کولبەبی عاشق بە ئازادی

٢ — دڵم سەد پارە بێ یارەبی گەر بێتو لەبیرمچێ
لە مردندا فەرامۆش کەم شەهادەت گەر نەکەم بادی

٣ — بە نووکی تێشەیی ناخون لەسەر سینەم بە یادی تۆ
ئەکێشم نەقشی (١) شیرین حەیفە گومبێ نەقشی فەرهادی

٤ — چ فیرعەونێکە دولبەر بۆ جەفا نەمروودە شاگردی
لەکوێ فێر بوو خووایا (٢) عیلمی سیحرو مەکری شەددادی

٥ — مەکەن باوەڕ ڕەفیقان گەر ڕەقیب لوتی لە حەقتان (٣) بێ
چلۆن چاکەی لە دەست دێ شەخسی پیس و سوفلەوو (٤) عادی

٦ — وتی (ئەحمەد) ئەگەرچی پیری تۆ هێشتاکو شاگردی
تەماشاکە چلۆن بردم دڵی زارت بە ئوستادی

---

(١) — ز : نەخشی .
(٢) — ئو . ز : خودایا
(٣) — گ : لەگەڵتان
(٤) — گ : سپڵەوو

١ — بادەنۆشین : مەی‌خۆری .
کولبە : خانە ، خانووی بچووك ، دووکان ، خانووی دێهاتی .
٢ — سەد پارە : سەد پارچە ، سەد پەڕ .
٣ — تیشە : تەشوێ .
٤ — فیرعەون : ستەمگەر ، بەفیز ، لەقەبی پادشایانی کۆنی میسرە . نەمرود : پاشایەکی بابل بوو ، ئیددیعای خوایەتیی کرد ، ئیبراهیمی فڕێدایە ناو ئاگرەوە . شەدداد : یەکێکە لە پاشایانی عەرەبی عاد . ئەڵێن شاری ئیرەم ئەو دروستی‌کردووە .
٥ — سوفلە : نەوی ، دوون . ڕەنگە (سپلە)ش کە لە هەندێ نوسخەدا هاتوەو بەمانای بێ‌وەفا بەکاردێ هەر لەو مانایەوە هاتبێ ، ناکەس ، پەست سروشت .

١ — چەرخی بەد ، تاکەی لەبەر من فیتنەوو غەوغا ئەکەی
بۆ لەبەر من هەردەمێ دەرگاهی میحنەت وا ئەکەی
٢ — ئەختەری ئینسانی ئەحمەق شەو لە شەو ڕووناك ئەکەی
ڕۆژی بەختی عاقلان تاریك‌و هەم ئاوا ئەکەی
٣ — پێم‌بڵێ تۆ بۆچ ملی کەر پڕ لە تەوقی زەڕ ئەکەی
عاقڵی بێچارە بۆچی دایما ڕیسوا ئەکەی
٤ — سەیری بەختی نەحسی من کە هەر گوڕێزانی لە من
دولبەرا تۆ بۆچی مەشقی ئاهووی سەحرا ئەکەی
٥ — دولبەرم فەرمووی ئەگەر دەستت بگاتە باخەڵم
تۆ بەتەحقیق هەروەکو مووسا یەدت بەیزا ئەکەی
٦ — خۆ ئەگەر ئیمڕۆ منی بێچارە قەیسی عامیریم
تۆش بەقوربان ئێستە ئوستادی‌ی هەزار لەیلا ئەکەی
٧ — تۆ بە خەندەو لێوی خۆت مردوو لە گۆڕ زیندوو ئەکەی
دەك بەقوربانی دەمت بم موعجیزەی عیسا ئەکەی
٨ — پێ‌ی‌وتم عاشق حەقیقەت شێتی چونکە ئێستەکە
بادەیی چاوم بێ مەیلی مەی‌و سەهبا ئەکەی
٩ — قامەتی من حازرە ، باسی قەدی شمشاڵ ئەکەی
گەردنم مینایە تۆ بۆ ئارەزووی مینا ئەکەی
١٠ — خۆزگە ئەمزانی هەتا کەی تۆ بە ئیفسادی ڕەقیب
(ئەحمەد)ی بێچارەیی خۆت شێت‌و هەم شەیدا ئەکەی

١ – پەشۆکا دڵ کە دی زوڵفی پەشێوی کەوتە سەر شانی
یەخەی خۆی دادڕی گوڵ هەر کە دی چاکی گریبانی

٢ – شوکور وا جەژنی قوربانە لەسەر فەرموودەیی دولبەر
وەکو مەڕ بۆ بەڵاڵ گەردانی ئەو ئەمکەن بە قوربانی

٣ – دڵی سووتاوە وەك من خاڵی لەعلی لێوی ڕەنگینی
بەڵێ بەختی ڕەشە وەك من سەری زوڵفی پەڕێشانی

٤ – گەلاڕێزانی کرد گوڵ هەر کە دەرکەوت ڕووی ڕەنگینی
لەبەر بالای ئەوا کەوتۆتە سوجدە ڕووی بوستانی

٥ – ئەمە چەند وەختە مەستو سەرخۆشم بێنەشئەیی بادە
لە ڕۆژێکۆ کە دیومە دیدەیی مەخموری فەتتانی

٦ – ڕەفیق هیچ غەمەخۆ، خۆش ڕابوێرە ، فرستەتە ئێستە
بزانە تۆ لە دنیادا لەبۆ چەن ڕۆژێ میوانی

٧ – لە زیندانا هەتا ڕۆژی قیامەت دائەنیشت عاجز
ئەگەر ڕووی تۆی ئەدی بۆ یەك دەقیقە شۆخی کەنعانی

٨ – دڵو دینت فڕاندم، ڕۆحی شیرینیش ئەبەی جانا
لە بەختی (ئەحمەد)ا چەن ڕۆژە زۆر مایل بە تالاڵنی

١ – گریبان : گرێوان ، یەخەی کراس .
٢ – نەشئە : شەوق ، گەشە ، زەوق
٧ – شۆخی کەنعانی : یوسفی کەنعانی .

(١٠١)

١ – دڵی خوێناوه بولبول بۆ لەبی وەك لەعلی ڕومانی
له باڵایی ئەوا پەسته قەدی سەروی گولستانی[1]

٢ – به ئیمای چاوی حاڵی کردم ئەیفەرموو مەگەر بمری
تەنەززول کەم که بێمه سەر مەزاری تۆ بەمیوانی

٣ – قەزا ئەم فرسەتەی دام چوومه بەردەرگانەکەی ئەمڕۆ
سەروژێری[2] زوبانی هەر جنێو بوو بۆ ڕەقیبانی

٤ – بەویش حەتتا بەخیلیم برد که جوێنی دا به ئەغیاری
نەسیبی من نەبوو ئەو جوێنه تا خۆم کەم به قوربانی

٥ – وتم حاڵت چۆنه هامجەلیست کێیه ئەو فەرمووی
دیاره هەر درك هاودەمیه گوڵ، بۆچ شێتی، نازانی ؟

٦ – گەدایی و سواڵکەری بەرماڵەکەی، دەستم کەوێ ڕۆژێ
خوا نەیکا که من بیدەم به تەخت و تاجی سوڵتانی

٧ – دڵی سەودازەدەی (ئەحمەد) گرفتاری کەسێکه وا
که دی وا حەڵقه حەڵقه زوڵفەکانی کەوته سەرشانی

---

(١) – ئو : بۆستانی
(٢) – ن : سەرەوژێری

١ – لەعلی ڕومانی : لەعل ، لال ، بەردێکی بەنرخی سوورە وەك یاقووت وایە ، لێرەدا لەعلی هەنار ڕەنگ کراوە به وێنەی لێو.
٢ – ئیما : ئیشارەت . مەزار : گۆڕ.
٥ – هاوجەلیس : هاودەم.

١ – كه من گوڵزاری ڕووی تۆم بێ له سەیری گوڵستانم چی
قەدو باڵای تۆ خۆشبێ له سەروی بۆستانم چی
كه عیشقی تۆ لەسەرمایه له تانەی واعیزانم چی
موقەددەر گەر نەبێ ئاخر له میهری مەهڕوخانم چی
له ناڵه ناڵی نیوەی شەو له ئاهی بەربەیانم چی

٢ – دڵم دایم له عیشقی تۆ نیگارا مەست و حەیرانه
هەمیشه كاری شینو ناڵەرو ئەفغانو گریانه
مەدالیاو مەنسەبی ئەو ماچەكەی سەركوڵمی جانانه
نیشانەی ئیفتیخاری من له سینەم داغی هیجرانه
بڕۆ ئەی ناسیحی موشفیق له ڕوتبەو یا نیشانم چی

٣ – ئەوا دێوانه بووم قوربان له عەشقی چاوی غەددارت
شەكەر ئەرزان ئەكا ئیمڕۆ نیگار لێوی شەكەربارت
له باخی نێرگسی شەهلا نی یه وەك چاوی خومارت
غەرەز وابوو موقابیل كەم له گەڵ گوڵ ڕەنگی ڕوخسارت
وەگەر نه بێ قەدی سەروت له سەروی گوڵستانم چی

٤ – توخوا قوربان عەفوو كه با كه من سەد جار گوناهم بێ
خوا هەڵناگرێ تا كەی هەمیشه ئۆفو ئاهم بێ
ئیتر شەرتێكه خاكی ژێری پێی تۆ من كولاهم بێ
كه من میحرابی ئەبرۆی تۆ مەقامی سوجدەگاهم بێ
ئیتر وەك زاهیدی خودبین له مەوعیدی جینانم چی

٥ – دڵم سۆراخ سۆراخه قەسەم بەو چاوەكەی كاڵت
هیلاكو مەحوو بێهۆشم له عیشقی ڕوومەتی ئاڵت
دە لوتفێ كه له گەڵ منداً فیدای ئەو دانەبی خاڵت

شەوم وەك ڕۆژی ڕوونا کە لە شوعلەی ڕوومەتی ئاڵت
بەڵێ یەکبارە با وون بێ لە ماهی ئاسمانم چی

٦ — مەحاڵە لەم دڵەم دەرچێ بەسەد دەردو ئەلەم میهرت
ئەگەر یەك زەرە تۆ جانا لەگەڵ منداە نەبێ میهرت
غولامو بەندەتم مەربوونە ڕۆحی من لەگەڵ میهرت
بە نەیرەنگی فەلەك جانا لە دڵما دەرنەچوو میهرت
کە من یەك ڕەنگو یەك نەوعم لە تەبدیلی زەمانم چی

٧ — هەموو عومرم بەسەرداچوو دەمێ ماچم نەکرد کوڵمت
دوو زوڵفت هەروەکو پەرژینی گوڵباخی سەری کوڵمت
گەلێ بێتاقەتە (ئەحمەد) لە بۆ ماچی سەری کوڵمت
بە من قەت نادرێ تەفسیری ئایاتی سەری کوڵمت
گرانە (تاهیرا) بۆ من لە تەعریفو بەیانم چی

— بۆستان : باخ . تانە : تانوورت ، تەعنە .
— ناسیح (ناصح) : ئامۆژگاری‌کەر . موشفیق : بەبەزەیی .
— کولاە : کلاو . خودبین : خۆبین ، خۆڕیست .
— سۆراخ : کونی بچکۆلە . پرسیارکردن ، لێپرسین .
— ئەلەم : ئازار . مەربوونە : بەستراوە ، وابەستەبە . نەیرەنگ : فریو ، فێل ، ئەفسوون . تەبدیل : گۆڕین .
— تەفسیری ئایات : لێکدانەوەی ئایەت .

تێبینی : وادیارە ئەم تەخمیسەی بۆ لاسایی ئایەربەگی برای لە سەرەتای شاعیریتیدا ڕێك‌خستووەو دیمەنی سەرەتا بە هەندێ دێڕبەوە دیارە .

(۱)

## (۱۰۳)

۱ - چیـیە ئەی گوڵ کە ئێستە ڕەنگت سوورە
چ‌وەقتی شادیـیو عەیش‌و سروورە

۲ - پەڕەت بۆ ئاڵۆ ڕەنگین بەهاران
دوڕئەفشانن لە قەتڕەی ئاوی باران

۳ - مەگەر حیسست نیـیە تاکو بزانی
لە خاکی کێ ڕوواوی بۆیە جوانی

٤ - ئەتۆ نازانی بۆچی ئاڵۆ سووری
لەبەزما مایەیی کەیف‌و سروری

٥ - ئەگەر بیوایە لای تۆ عەقڵۆ فامی
دەماغ‌و مێشك‌و حیسسی تەمامی

٦ - لەجێی سووری بە ڕووزەردی ئەهاتی
گەلاڕێزت[۳] ئەکرد ئێستا کە ماتی

۷ - سەرت وەقتێ کە دەرهێنا بوو ئەبوا
بە ڕەشپۆشی بهاتیتایە دنیا

۸ - ئەترسم چونکە تۆ بێحیسسە گۆشت
وەکو ئینسان نیـیە ئەفکارو هۆشت

۹ - نەبی حاڵی لە مەعرووزاتی بەندە
هەتا شەرمندە بی تۆ سەرفگەندە

۱۰ - ئەما[٤] هەروەختێ هەنگێ یاخو مێشی
ئەبینم من بەسەرتۆوە ئەنیشی

۱۱ - هەڵئەبزرکێ بەجارێ ڕەنگی ئاڵت
پەشێوی دێ بەسەرتا وەزع‌و حاڵت

۱۲ - کەوابوو دیارە ئەی گوڵ تۆ ئەفامی
ئەزانی‌و ساحێبی عەقڵی تەمامی

١٣ - ئەگەر بێتو بکەم عەرزت ئەزانی
که تۆ بوچ وا تەرو تازەو جوانی

١٤ - کەوابوو ئێستە ئەی گوڵ تو بزانە
سەوز بوونت لە خاکی دولبەرانە

١٥ - لەسەر خاکی بتێ ڕیشەت ڕوواوە
بە جەرگی عاشقانا داخی ناوە

١٦ - وەیا سەوزی لەسەر خاکی حەزینێ
که کوژراوە بە تیری نازەنینێ

١٧ - لەسەر قەبری شەهیدێ یا ڕوواوی
بە خوێنی جەرگی ئەو تۆ ئاودراوی

١٨ - که داپناوە حەیاتی خۆی بەمەردی
لەپێناوی ولاتی قەومی کوردی

١٩ - لە لق بۆیە که تۆ سەر دەرئەهێنی
بە چڵ سەوزی بە ڕەنگت میسلی خوێنی

٢٠ - بەلام مادام که مەحوێی ئەوکەسانە
که ئەمرۆ مایەی جیلوەی گولانە

٢١ - لەبۆ تۆ بۆنە مایەی عەیش و خۆشی
بە سەربەرزی که بەرگی سوور ئەپۆشی

٢٢ - ئەگەر بیوایە تۆ عەقڵت لە سەردا
ئەبوو بیکەی جلی ماتەم بە بەردا

٢٣ - وە یاخود تۆ بە یادی ڕۆحی یاران
ئەبوو بولبول بلاوێنی بەهاران

٢٤ - که ئەو نەیرە ئەوەند مەجبووری ڕێبە
شەوو ڕۆژ بۆ ویسالت ڕەنجەڕۆیە

٢٥ - کەچی ناپرسی تۆ ئەسڵەن لە حاڵی
دەمێ ناکەی بە دڵ مەیلی ویسالی

٢٦ - بەڵێ عاشق کە نالەی وا حەزینە
هەموو سەرمایەیی ئاەو ئەنینە
٢٧ - لەلای مەعشووقە وەک دەنگی ڕوبابە
ئەگەرچی عاشقی جەرگی کەبابە
٢٨ - وەڵێ مەعلوومە جەورو زوڵمی دڵدار
ئەبێ حەددێکی بێ بۆ عاشقی زار
٢٩ - خسووسەن تۆ کە خوڵقاوی لە خاکی
گەڵێکی سێ کەسی سەربەرزو پاکی
٣٠ - ئەشوبهێ تۆ بە یەک لەو سیانە ئەی گوڵ
کە کوڵکون بوو بە غەمزەی سینەوو دڵ
٣١ - وەکو ئەو دوانەکەی تریانە بولبول
دڵی مەشکێنە توخوا حەیفە ئەی گوڵ
٣٢ - لەدەرحەق بولبولی بێچارەوو زار
ئەوەند مەغروور مەبە نیشان مەدە خار

---

(١) - لە دەستخەتەکەی خۆیدا ئەم پارچەیەی ناوناوە (ڕجا بۆ بولبول لەلای گوڵ)
(٢) - ز : ئەفشانە (٣) - ز : گەلاڕێژت (٤) - ز : بەڵام

١ - سرور : شادی ، کەیفخۆشی
٢ - دورئەفشان : دوربلاوکەرەوە . قەترە : تۆک .
٨ - گۆش : گوێ
٩ - مەعروزات : ئەو شتانەی عەرز دەکرێن ، دەوترێن . شەرمندە : شەرمن ، سەرفگەندە : سەرکز
١٢ - تەمام : تەواو .
١٥ - ڕیشە : ڕەگ .
٢٤ - مەجبوور : ناچار .
٢٦ - ئەنین : نالە ، هاوار .
٢٧ - روباب : ڕەبابە (ئامێری مۆسیقایە)
٢٨ - حەد : ڕادە ، سنوور .
٢٩ - خسووسەن : بەتایبەتی .

مژده لەوە زەریفنرو چاتر لەکوێ ئەبێ
یار پێت‌بڵێ مەرامی دڵت جێبەجێ ئەبێ
ماچی دەمت ئەگەر بە نەسیبی بکا خودا
عومرم کە تێپەڕیوە دیسان سەرلەنوێ ئەبێ

(١٠٥)

## گوڵی خوێنین[1]

(١)

لەودەما ئێمە کە خوێنمان ئەڕشت
ڕۆژئش بەهاری هێنابووە وجوود
لەو جێگا شەرەی یەکترمان ئەکوشت
گوڵان سەوز ئەبوون ئەیانکرد سعوود

(٢)

هەرچەند لاشەکان وەک پەنی بەسام
کەوتبوون لەژێر لقی گوڵاندا
کەچی گوڵانی بێهۆش و نەفام
تەڕو تازە بوون لەسەر چلاندا

(٣)

زەوی ئەوەندە خوێنی خواردبێ
بۆچی وەنەوشە ڕەنگی هەر شین بێ
خوێناوی لاوان دەشتی پۆشیبێ
هێشتاکو بێبوون سپی جەبین بێ

(٤)

بە خوێنی ئینسان گوڵ ئاو درابێ
ئەبوا ڕەنگ و بۆی ئەوان بسێنێ
ئێستا کە پۆڵ پۆڵ خەیەیان داوە
بۆچ بێ پەڵەی خوێن سەر دەرئەهێنێ

(٥)

دێراوی گوڵان چۆن ڕووزەرد نابن
خوێنە خوێکانیان بەسەردا ئەڕوا
بۆچی ئاو تووشی داخ و دەرد نابن
بۆ وڵاتیان عەیبە سەرتاپا

(٦)

ئەبینن غەیرە ئەچنێ گوڵ خونچە
کەچی هیچ کامیان گڕ ناکەن ڕوویان
غالبیەتی بێ و بکات لەنجە
بۆ پێنەکەنین ناکەونە خەزان

(٧)

بەکێکیان جاری نالێ بە (هەنگی)
با بەو «پەپوولە»ی هەڵبانئەسێنێ
ئێستا نەمماوە من بۆنو ڕەنگێ
ئیمڕۆ دڵتەنگم بیخە سبحەینێ

(٨)

لەم دەشتە شوومەی پڕ خەوف و خەتەر
کە لاشەی قەومی ئێمەی تێدایە
بۆ شەرمی حزوور شەعشەعەی زەفەر
کەم ناکەنەوە تاقە گەلایە

(٩)

ماتەمی ئێمە ڕەنگ وبۆی پێدان
کەچی قەت ناکەن ئیزهاری کەدەر
چونکی بێحیسسن ئەسنافی گوڵان
لە حاڵی کۆندان دایم تازەو تەڕ

(١٠)

لەداخا گەلاّی خۆ بێچنەوە
نەفامن چونکی هێشتا نازانن
بۆ ناو کەوای سەوز خۆبکێشنەوە
ئەی گولاّن ئێوە بێوەی لاوانن

(١١)

موقابیلی ئەم دەردو بەلاّیە
ئازاد ئەپشکوون گولاّنی وەتەن
چەند بێ‌ویجدانن ئێوە ئەبوایە
بۆ مردووەکانمان هەر بکەن شیوەن

---

(١) – ئەم پارچەیە لە ڕۆژنامەی «ژیان»دا لە ژمارە ٢٤٧ی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٣٠دا بلاّوکراوەتەوە. ڕۆژنامەکە بە ناوی (شیعرێکی‌تری ئەحمەد موختاربەگی جاف..)ەوە پێشکەشی کردووەو نووسیویەتی : «نەزمی ئەو تەرجومەی پارچەی مەنزرومی (سولی پرودوم)ە کەلەتەرەف مەحموود جەودەت ئەفەندیەوە لە ژمارە ٢٤٣ی ژیاندا نووسراوە.

شاعیر خۆی لە کۆتایی شیعرەکاندا نووسیویە : (کاکە مەحموود : وا ئەبێ). ئیمزاکەی خۆشی بەمجەشنە نووسیووە (لە هەڵبجەوە جاف ئەحمەد موختار).

بۆ تۆمارکردنی شیعرەکانی پشتمان هەر بە ڕۆژنامەکە بەست.

١ – هێنابووە وجوود : هێنابووە کایە ، دروستکردبوو. سعوود (صعود) : بەرز بوونەوە.
٣ – بێبوون : گوڵەبێبۆن ، بەیبوونە. جەبین : ناوچەوان ، تەوێڵ ، ئەنی ، هەنبە.
٤ – خەیمەیان داوە : خێوەتیان هەڵداوە. چادریان دەواریان هەڵداوە
٦ – غالبیەتی بێ : سەرکەوتوو بێ. خەزان : پایز.
٨ – خەوف : ترس. خەتەر : مەترسی. شەعشەعە : دەوشانەوە
زەفەر : سەرکەوتن.
٩ – ئیزهار (إظهار) دەرخستن ، (واتە نارەحەتی دەرنابڕن)
حیس : هەست. ئەسناف : چەشن ، جۆر ، سنفەکان
١١ – موقابیل : بەرامبەر. وەتەن : نیشتمان.

١ — شازادەی دەوران ئەحمەد موختارەن
پەی ڕۆژی دەعوا ئەسفەندیارەن
٢ — هەر پەی وێش خاسەن جە ڕۆژ هەیجا
چەنی دوشمنان بکەڕۆ هەیجا
٣ — شۆخەن ، لیندەنەن ، لارەکلاوەن
جە دووری یارش ، جەرگ کەواوەن
٤ — دایم نە خەیاڵ ، حاڵی کوردانەن
بۆیە ئاراگێل خاکی ئێرانەن
٥ — ئومێدش ئێدەن وەلوولەی تفەنگ
ئیستیقلاڵمان بگیرۆ وە چەنگ
٦ — مستەفا شێرەن غەفار نەهەنگەن
حەسەنو مەجید وێنەی پڵنگەن
٧ — مستەفا مەشهوور بە مچە شازە
قاتیلی ڕۆحو گیانی سەروازە
٨ — لایق بە خاڵەن تفەنگی لاشان
بۆ فەتاح حازر پێنج تیری ئەڵمان
٩ — بۆ باقی خاسە لە قۆڵو سەنگەر
وێنەی شێری نەڕ بگێرۆ لەنگەر
١٠ — میرزا میرزا گەل ، شێری ژیانەن
حەمەو حەمەمین مەردی مەیدانەن
١١ — لەتیفو ڕەحیم ساڵحو کوردە
بە مەردی گرەو جە ڕۆستەم بەردە

۱۲ – شۆخەو کامیر ئازاو زرنگەن
هەمیشە حازر ، مایل وە جەنگەن
۱۳ – بەری بەیانەن فەتاح چناری
دوشمنش دایم مەکەرۆ زاری
۱٤ – مەعلووم کەڵەمێرد ، شێری ژیانە
خۆ حەمەسالّح مەردی مەیدانە
۱۵ – عەبدولکەریمیش خزمەتگوزارە
چاکەی ئەو لە لام زۆر بێشومارە

۱ – پەی : بۆ . دەعوا : جەنگ . لاسفەندیار : ناوی قارەمانێکە
۲ – پەیوێش : بۆ ئەو . هەیجا : جەنگ . هەیجا . لە هەموو جێیە
۳ – کەواو : کەباب
٤ – ئاراگێل : ئاوارە ، عەودال
۱۳ – بەور : بەبر (درندەیەکە)

– بڕوانە پێشەکی یەکەمو پەراوێزێك دەربارەی پەیمانی ۱۹۳۰
تێبینی : ئەم شیعرانە بەڵای منەوە ئەحمەد موختار نەنووسیووە . بەڵکو لەگرێ سیروان بەدەم قسەوە جەنگاوەرەکانی نووسیوویانە .

# پێڕەس


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ووتەیەك . . . | |
| نووسینی پارێزەر ئەفراسیابی ئەحمەد موختار جاف | ٥ |
| پێشەکی | |
| نووسینی : دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ | ٧ |
| هۆنراوەکان ٤٩ | |

- أ -

| | |
|---|---|
| ١ - بە خەتا چووبوو ، خەتای کرد ، بەخودا ، موشکی خەتا | ٥١ |
| ٢ - فوستانی ڕەشی نازکی چین‌چینی لەبەردا | ٥٢ |
| ٣ - گوڵ لە گوڵزارا نەما بولبول ئەبێ زاری بکا | ٥٣ |
| ٤ - من ئەڕەنجێنێ نیگارو وا ڕەقیب دڵشاد ئەکا | ٥٤ |
| ٥ - دڵ وەکو بولبول لە هیجری نەوگوڵێ ئەفغان ئەکا | ٥٦ |
| ٧ - عادەتی ئەم چەرخە وایە ، ئەهلی دڵ غەمگین ئەکا | ٥٨ |
| ٨ - خوێنی دوو چاوم بە نەوعێ دامەنم ڕەنگین ئەکا | ٥٩ |
| ٩ - وەرە بگرە بەیادی چاوی دولبەر پیاڵەیی سەهبا | ٦٠ |

- ب -

| | |
|---|---|
| ١٠ - مەیلی سەیری بەدر ئەکا دڵ ، لادە زوڵفی وەك حیجاب | ٦١ |
| ١١ - یار ماچی لێوی خۆی کە بکا ئێستە بۆ بەرات | ٦٢ |

- ت -

| | |
|---|---|
| ١٢ - زاهید وەرە ناو بەزمی حەربفانی خەرابات | ٦٣ |
| ١٣ - دڵم پڕ خوێنە ، جەرگم لەت‌لەتە بۆ لێوی گوڵنارت | ٦٤ |
| ١٤ - دو چاوم خوێن ئەبارێنێ لە عەشقی ڕوومەتی ئاڵت | ٦٥ |
| ١٥ - بێتاقەت‌و مەحزوونە ئەم دڵمە لەبۆ دینت | ٦٦ |
| ١٦ - نی‌یە ڕەحمت لە دەرحەق عاشقی شەیدایی مسکینت | ٦٧ |

١٧ — هەوری بەهاری بەسیە ئێز نالە نالەکەت ٦٨

١٨ — هیجری تۆ چەند سەعبە دولبەر مالەکەم وێرانە بۆت ٦٩

- د -

١٩ — ڕەقیبی سەگ هەتا چاوم کەلا کرد ٧٠

٢٠ — یەخەی خۆی دادڕی گوڵ یار کە مەیلی گولستانی کرد ٧١

٢١ — کە دولبەر خۆی نواند خورشیدی خاوەر زوو فیراری کرد ٧٢

٢٢ — صبح چون خورشید رخشان سر بزد أز کوهسار ٧٣

- گ -

٢٣ — ئەگەر بینێمە سەر ، خوردەی وەکو دنگ ٧٤

- ل -

٢٤ — نموونەی ڕووی تۆیە پەڕەیی گوڵ ٧٥

٢٥ — دڕك هاودەمیەتی بولبول ، پەشێوە حاڵەتی بۆ گوڵ ٧٦

- م -

٢٦ — وەختی ڕەحمە دولبەرا میوانی دەوڵەتخانەتم ٧٨

٢٧ — دەمت بێنە بەقوربانی وەفاتم ٧٩

٢٨ — بە عەزمی زیارەتی کوڵمت لە ڕێگەی دوورەوە هاتم ٨٠

٢٩ — لە شێخو واعیزو سۆفی لەمەولا من کەنار ئەگرم ٨١

٣٠ — بەیادی چاوەکانت دایما من مەستو حەیرانم ٨٢

٣١ — خەیاڵم وابە خەڵقە من کە تەرکی عەشقی دولبەر کەم ٨٣

٣٢ — تا حەیاتم بێ ، لە دڵما شەرتە میهرت دەرنەکەم ٨٥

٣٣ — مەکەن مەنعم کە وەك مەجنون خەریکی هاتوچۆی کێوم ٨٦

٣٤ — من سیا ڕۆژی دو زوڵفی هەروەکو زونناری تۆم ٨٧

٣٥ — من کە کوردم حەز بە (....) کوردستان ئەکەم ٨٨

٣٦ — بێتو بەنازەوە کە بڵێ مەیلی ڕاو ئەکەم ٩٠

٣٧ — گرپەو گڕەی تەنووڕە بڵیسەی هەناوەکەم ٩١
٣٨ — لە سایەی ماچی لێوت مەیلی عەنناب‌و شەکەر ناکەم ٩٢
٣٩ — نیگارا سا بە لوتفی خۆت شەوێ تۆ بێرە بالینم ٩٣
٤٠ — گەر لە مەحبووسی خەلاس بم دوشمنانم پەتئەکەم ٩٤
٤١ — ئەمەوێ من شەوو ڕۆژ خادیمی دەرگاهی بم ٩٥
٤٢ — سا بێنە توخوا ساقی مەی‌و شیشەوو فنجان ٩٦

— ن —

٤٣ — باعیسی هێزی دڵ‌و پشت‌و پەنایی بێکەسان ٩٧
٤٤ — مانگی ڕەمەزان هاتەوە بۆ بەختی شەڕی من ٩٨
٤٥ — قیامەت هەڵئەسێ بێت‌و قیامێ کا نیگاری من ٩٩
٤٦ — شەمسەیە کووڵەکەیی ڕۆحم‌و ئیمانی من ١٠١
٤٧ — وەعدەیی فەرموو ، کە بێتە کولبەیی ئەحزانی من ١٠٢
٤٨ — سەیری کەن خەڵقینە توخوا حاڵەتی زاری وەتەن ١٠٣
٥٠ — شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زوڵف‌و چاو بکەن ١٠٦
٥١ — نموونەی چاوو ڕووتن مانگ‌و پەروین ١٠٨

— ھ —

٥٢ — دوێنێ دولبەرێکم دی کە وەک شمشادی بوستانە ١٠٩
٥٣ — ئەم زیایە وا لەدوور دیارە مەقامی دولبەرە ١١١
٥٤ — نەخۆشکەوت نێرگسی بێچارە بۆ ئەو چاوە بیمارە ١١٣
٥٥ — دولبەرێکم هەیە سیمینبەرو خۆش ڕەفتارە ١١٥
٥٦ — بەخوا شیشەی دڵم دایم لە بادەی عەشقی تۆ کەیلە ١١٦
٥٧ — بە بەردی فیرقەتت شیشەی دڵی بێچارە مەشکێنە ١١٧
٥٨ — عەجەب سیرڕێکە بۆچ بولبوڵ خەریکی نالەیی زارە ١١٨
٥٩ — ئەمشەو لە غەمی تۆ دڵەکەم زارو زەبوونە ١١٩
٦٠ — برسی بە شەو تەماعی قوبووڵی‌و پلاۆ ئەکا ١٢٠
٦١ — باعیسی کەیف‌و سروری من شەراب‌و بادەیە ١٢١

٦٢ - سەبری ئەم بەختی ڕەش و نەحسە چ ناهەموارە ١٢٢
٦٣ - لە پەنجەی بگرە خوێنی جەرگی من هەر بۆ حەنا چاکە ١٢٤
٦٤ - خوا چیبکەم لەدەس جەورو جەفای ئەو شۆخە بێباکە ١٢٥
٦٥ - تو کە یارم بی ئیتر غیابان و حوورم بۆچی یە ١٢٦
٦٦ - شەمسی خاوەر بەدری پڕ ، یا ڕوومەتی گوڵنارتە ١٢٧
٦٧ - قوربتی دڵم بە ماچی دەم و لێوی ئاڵتە ١٢٩
٦٨ - دوو دیدەبی مەخموورت غارەنگەری ئیمانە ١٣٠
٦٩ - بە میرانی لە دڵمۆ داغی ڕەش بۆ لالە جێماوە ١٣١
٧٠ - شیفای دەردی دڵە ماچی دەمی وەك شانی هەنگوینە ١٣٢
٧١ - دێتە گوێم دەنگی بە سۆزو شیوەن و گریانەوە ١٣٤
٧٢ - بەمارە ئەمرۆ ، وا کێوو بیابان گشتی ڕەنگینە ١٣٧
٧٣ - ڕەفیقان ئەم دڵەم ئەمشەو عەجەب حاڵی پەرێشانە ١٣٩
٧٤ - دڵی وەك هوزاری حەزینی من شەرو ڕۆژ بە ئاەو ناڵەیە ١٤١
٧٥ - لە حەسرەت لێوی لەعلت ئەشکی چاوم ئێستە گوڵڕەنگە ١٤٢
٧٦ - (بانگی کوردستان)ە وا دنیایی ئیحیا کردەوە ١٤٤
٧٧ - سەرو ماڵم فیدای ئەو چاوە کاڵە ١٤٥
٧٨ - لە خەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە ١٤٦
٧٩ - خەڵقە وا فەسڵی بەهارەو من گەلاڕێزانمە ١٤٨
٨٠ - چارشێوی هەڵبڕی لە سەری خۆی بەشەرمەوە ١٥٠
٨١ - غەزالەی چینە یاخۆ پیاڵەیی سەهبایە ئەو چاوە ١٥٢
٨٢ - ئەم دڵەم وا دیارە مەیلی ڕووی گوڵی یاری هەیە ١٥٣
٨٣ - بۆچ زەمانە هەر لەگەڵ من مەیلی غەددارێی هەیە ١٥٤
٨٤ - دوڵبەرم دیسان لەگەڵ من عاجزی و قینی هەیە ١٥٦
٨٥ - بێوەفا مارف بەجارێ بۆچ لەبیرت چوومەوە ١٥٧
٨٦ - خاڵی ڕووت داخی دڵی زامارو بیاری منە ١٥٨
٨٧ - ئەی حەسەن ئەم کاغەزەم تەبریکی عەیشو شادیبە ١٥٩
٨٨ - نێرگسی شەهلا غوڵامی دیدەبی مەخموورتە ١٦٠
٨٩ - دڵی زارم بەدایم بەستەبی زنجیری گێسوورتە ١٦٢

٩٠ — ئەی وەتەن جەننەتی یا رەوزەیی ڕیزوانی تۆ ١٦٣

٩١ — دڵ پەرێشانم لە حەسرەت پەرچەمی شێواوی تۆ ١٦٤

- ی -

٩٢ — ئەی دڵە بەسیە تەپوکۆ چیتە ئارامت بێ ١٦٥

٩٣ — هەدەف مەعلووم نیە دڵ وێڵو سەرگەردانە بۆ یاری ١٦٦

٩٤ — لەگەڵ دڵ شەرتی من وایە هەتا ڕۆژێ حەبانم بێ ١٦٧

٩٥ — دەمێکە یار کە ناپرسێ لە حاڵی عاشقی زاری ١٦٧

٩٦ — سەبا عەرزی خلووسیو بەندەگیمو هەم دوعاخوانی ١٦٩

٩٧ — ئیزنی دام دولبەر کە بچمە زیارەتی دەرگانەکەی ١٧١

٩٨ — ئەبێ ئێستە خەریکی بادەنۆشین بم لەبەر شادی ١٧٣

٩٩ — چەرخی بەد ، تاکەی لەبەر من فیتنەوو غەوغا ئەکەی ١٧٤

١٠٠ — پەشۆکا دڵ کە دی زوڵفی پەشێوی کەوتە سەرشانی ١٧٥

١٠١ — دڵی خوێناوە بولبول بۆ لەبی وەك لەعلی ڕومانی ١٧٦

١٠٢ — کە من گوڵزاری ڕووی تۆم بێ لە سەیری گوڵستانم چی ١٧٧

- مەسنەوی -

١٠٣ — چیە ئەی گوڵ کە ئێستە ڕەنگت سوورە ١٧٩

١٠٤ — مژدە لەوە زەریفترر چاتر لەکوێ ئەبێ ١٨٢

١٠٥ — (گوڵی خوێنین) - لەودەما ئێمە کە خوێنمان ئەڕشت ١٨٣

١٠٦ — شازادەی دەوران ئەحمەد موختارەن ١٨٧

لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغداد
ژمارە ٧٤٣ی ساڵی ١٩٨٦ی دراوەتێ
٩/٥٠٠٠ - ١٩٨٦/٩/٢٥

شركة مطبعة الاديب البغدادية المحدودة

هونەرمەند ئیسماعیل خەیات

ناخشی بەرگەکەی کێشاوە

# ديوان الشاعر

# احمد مختار جاف

اعداد ومقارنة وشرح وتقديم

الدكتور عز الدين مصطفى رسول

اشرف على طبعه

افراسياب احمد مختار جاف

Internationella biblioteket
*Stockholms stadsbibliotek*
STOCKHOLM